
رۆژنامە ٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 580 سێشەممە 4/ 5/ 2010 نرخ 750 دینار No.580 Tue 4/ 5/ 2010

ل ١١



## سەردار عەزیز: لەناو (گۆڕان)دا لاوان وەک سەرباز مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت

# حکومەت غەدر لە ئاسایشو پۆلیس دەکات



هێزێکی ئاسایش لەکاتی مەشقدا

فۆتۆ: ئەلەند مەحوی

**رۆژنامە**

ئەندامێکی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: «دەبێت هێزە ئەمنییەکانی هەرێم لە بەرامبەر سەقامگیریی بارودۆخی ئەمنیی پاداشت بکرێن، نەک ستەمیان لێبکرێتو مووچەیان کەمبێت، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ حکومەتێک غەدر لە هێزە چەکدارەکانی بکات، ئیتر چۆن ئەو هێزانە دڵسۆزدەبن بۆ خاکو حکومەتەکەیان، ئەمە مەنتقو فەلسەفەیەکی زۆر هەڵەیە، چونکە حکومەت توانای هەیە مووچەکانیان زۆر زیاتر بکات».

ناعەدالەتی لە دەرماڵەی هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشو هێزە چەکدارەکانی هەرێم لەگەڵ هاوتاکانیان لە عێراق هەیە، لە عێراقدا دەرماڵەی خواردن بە بڕی (٢١٠) هەزار دینار دەدرێت بە هەموو هێزەچەکدارەکان، بەڵام لە هەرێم نادرێت.

سەبارەت بە هەوڵەکانی فراکسیۆنی گۆڕان بۆ نەهێشتی ئەو ناعەدالەتییە، پەرلەمانتار نەریمان عەبدوڵڵا رایگەیاند: «فراکسیۆنی گۆڕان تائێستاش لە هەوڵدایە بۆ نەهێشتنی ئەو ناعەدالەتییەو یەکخستنی مووچەی هێزەکانی ناوخۆی هەرێم لەگەڵ هاوتاکانیان لە حکومەتی عێراق و ئەو کاتەی بودجەی ئەمساڵ هاتە پەرلەمان داوامانکرد ئەو ناعەدالەتییە چاکبکرێتەوەو یەکسانیی هەبێت، لەسەرەتاوە ئەندامانی لیستی دەسەڵات رازیبوون، بەڵام دواتر پاشگەزبوونەوە».

**لەوبارەیەوە چاوپێکەوتنێک لە ل(٨)دا بخوێنەرەوە**

# لیستی هاوپەیمانیی لە کەرکوک تەنازولی کرد

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

لیستی هاوپەیمانیی کوردستان تانەکانی خۆی لە پارێزگای کەرکوک کشاندەوە، کە لە بارەی ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێشکەشی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کردبوو.

جەعفەر ئیمینکی، رێگەپێدراوی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی لە لێدوانێکیدا رایگەیاندووە؛ هاوپەیمانیی کوردستان دەنگەکانی خۆی لە موسڵو کەرکوک کردە قوربانییو تانەکانی خۆی کشاندەوە.

د.مەحمود عوسمان، کاندیدی دەرچووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیستی هاوپەیمانیی بە رۆژنامەی راگەیاند: پاشگەزبوونەوە لە تانەکان، تەنازولەو ئەوەش کارێکی هەڵەو خراپەو نەدەبوو تانەکانیان بکشاندایەتەوە.

وتیشی: «بە بۆچوونی من کشاندنەوەی تانەکان لەژێر فشاردا بووە، چونکە لەئێستادا ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکانو لایەنەکانی دیکە لەگەڵ قبووڵکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنن».

هەروەک بە بڕوای ئەحمەد عەزیز، نووسەرو رۆژنامەنووس لە کەرکوک، ئەو بڕیارەی لیستی هاوپەیمانیی پاشگەزبوونەوەیە لە هەڵوێستو مەبدەئەکانی کە پێشووتر بانگەشەیان بۆ دەکردو هەروەک دژی هەڵوێستەکانی خۆیانە، «ئەم پاشگەزبوونەوەیە دەچێتە خانەی ئەو تەنازولاتانەی کە لە رابردوودا بەرامبەر بە کەرکوکو خەڵکی کەرکوک کردوویانە، لەکاتێکدا دەبووایە زۆر سووربوونایە لەسەر داواکارییەکەیان».

# بەرپرسە باڵاکانی هەرێم دانیان بە سزای سیاسییدا نا


**رۆژنامە**

هەوڵەکان بۆ چارەسەری کێشەی نانبڕاوەکانی گۆڕان بەردەوامەو رێکخەری فراکسیۆنی گۆڕانو حکومەتی هەرێم بۆ کێشەی نانبڕاوەکانیش جەخت لەوە دەکاتەوە؛ بە چارەسەری کێشەی نانبڕاوەکان سەلمێنرا کە سزای سیاسیی لە کوردستان بوونی هەبووە.

پەیام ئەحمەد، رێکخەری فراکسیۆنی گۆڕانو حکومەتی هەرێم بۆ کێشەی نانبڕاوەکان پێیوابوو؛ بە هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێمو فەرمانەکەی سەرۆکی حکومەت بۆ گەڕاندنەوەی ئەو کەسانەی لەسەر بیروڕای سیاسیی سزای سیاسیی دراون، دانپێدانانێکی بەرپرسانی باڵای هەرێمە بەبوونی سزای سیاسیی لە کوردستان، کە پێشتر نکوڵییان لێدەکرد.

ئەو پەرلەمانتارە جەختی لەوەشکردەوە، کە لەئێستا بەدواوە سزای سیاسیی لە کوردستان بوونی نابێتو ئەمەش لەلایەن سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتەوە جەختی لەسەر کراوەتەوەو هەموو کەس ئازادە لە بیروڕای سیاسیی خۆی.

بۆ ل٢



## کاوە عەبدوڵڵا: سنوورێک بۆ پارێزگار دادەنێین

ل ٥

# کەمپەینی کەمکردنەوەی مووچەی پەرلەمانتاران هەنگاوێکی بڕی

**رۆژنامە**

زیاتر لە (٣٠) رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی کەمپەینێک بۆ کەمکردنەوەی مووچەی خانەنشینیی پەرلەمانتاران سازدەکەنو سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕانیش دەڵێت: «پێویستە ئەو کەمکردنەوەیە سەرجەم پلە تایبەتەکان بگرێتەوە، لە سەرۆکی هەرێمەوە تا بەڕێوەبەرە گشتییەکان».

لیژنەی باڵای کەمپەینی کەمکردنەوەی مووچەی خانەنشینیی پەرلەمانتاران لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، کە رۆژی یەکشەممە سازیانکرد، کاری کەمپەینو ئامانجەکەیان روونکردەوەو ئەوەیان خستەڕوو، کە دەیانەوێت لە کەمکردنەوەی مووچەی خانەنشینیی پەرلەمانتارانەوە کار بۆ کەمکردنەوەی مووچەی سەرجەم پلە تایبەتەکان بکەن.

**لە ل٣ دا راپۆرتێک بڵاوکراوەتەوە**

## لێپرسراوی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتی، کاری حکومەت ئەنجامدەدات

ل ٤

## هۆکارەکانی پشت سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا

ل ١٣

# «سەر بە یەکێتیو پارتین» سەرۆکو (٥) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ (١٢٤) ساڵ حوکمدران

**بەهادین یوسف**

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پێشووی پارێزگای نەینەوا وردەکاریی بەهەدەردانو ئیختیلاسی پارە لەلایەن سەرۆکو (٥) ئەندامی پێشووی ئەنجومەنەکە بۆ رۆژنامە ئاشکرادەکاتو رایدەگەیەنێت: زیاتر لە (٦٧) ملیار دینار لەلایەن ئەو کەسانەوە بەهەدەر دراوە، کە سەرجەمیان سەر بە (یەکێتیو پارتی) بوونو ئەندامی لیستی برایەتی نەینەوا بوون.

رەحیم عگێلی، سەرۆکی دەستەی نەزاهەی عێراقی، بە رۆژنامەی (العالم)ی عێراقی رایگەیاند: دادگای تاوانەکانی عێراق حوکمی (١٢٤) ساڵ زیندانیی سەپاندووە بەسەر سەرۆکو پێنج ئەندامی ئەنجومەنی پێشووی پارێزگای نەینەوا بە تۆمەتی بەهەدەردانی سامانی وڵاتو کەمتەرخەمیی گەورە لە ئەنجامدانی کارەکانو زیانگەیاندن بە سامانی گشتییو لەنێویاندا سەرۆکی ئەنجومەن (٦) حوکم لە دژی دەرکراوەو بەهۆیەوە (١٣) ساڵ زیندانیی دەکرێتو ئەندامەکانی دیکەش هەریەکەو بەپێی ئەو تۆمەتانەی بەسەریاندا ساغبووەتەوە حوکمدراون. محەمەد بەشیر، جێگری سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە رۆژنامەی راگەیاند: «سەرۆکو ئەو ئەندامانەی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگا، کە لەناویاندا سەرۆکی لیژنەی داراییو (٣) ژنو ئەندامێکی دیکە هەن، کە ئیختیلاسی پارەیان کردووەو دەستەی نەزاهە سزای داون بە تۆمەتی (اهمال شديد في الواجب في الوظيفة) و سەرۆکی ئەنجومەنەکە دەستگیرکراوە، بەڵام سەرۆکی لیژنەی دارایی هەڵاتووە بۆ دەرەوەو بەشێکی تاوانەکانیان ئیمزاکردنی گرێبەست بووە لەگەڵ سێ کۆمپانیای کوردیو چەند کۆمپانیایەکی وەهمیی».

بۆ ل٢

# کەمپەینی کەمکردنەوەی مووچەی پەرلەمانتاران

## فراکسیۆنی گۆڕان: پێویستە ئەو کەمکردنەوەیە سەرۆکی هەرێمو حکومەتیش بگرێتەوە

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

زیاتر لە (٣٠) رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی کەمپەینێک بۆ کەمکردنەوەی مووچەی خانەنشینیی پەرلەمانتاران سازدەکەنو سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕانیش دەڵێت: «پێویستە ئەو کەمکردنەوەیە سەرجەم پلە تایبەتەکان بگرێتەوە، لە سەرۆکی هەرێمەوە تا بەڕێوەبەرە گشتییەکان».

لیژنەی باڵای کەمپەینی کەمکردنەوەی مووچەی خانەنشینیی پەرلەمانتاران لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، کە رۆژی یەکشەممە سازیانکرد، کاری کەمپەینو ئامانجەکەیان روونکردەوەو ئەوەیان خستەڕوو، کە دەیانەوێت لە کەمکردنەوەی مووچەی خانەنشینیی پەرلەمانتارانەوە کار بۆ کەمکردنەوەی مووچەی سەرجەم پلە تایبەتەکان بکەن.

ئارام جەمال، ئەندامی لیژنەی باڵای کەمپەینی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە وتی: «سەرەتا کار لەسەر پەرلەمان دەکەین، چونکە ئەگەر پەرلەمان ئەوە بەسەر خۆیدا جێبەجێبکات، ئەوا دەتوانێت بۆ هەموو پۆستەکانی دیکەشی بکات، بەڵام ئەگەر بەوشێوەیە نەبێت، رەنگە پەرلەمان نەتوانێت داوا لەوان بکات بە یاسا مووچەی خانەنشینییان کەمبێتەوە».

ئەو باسی لەوەکرد، کە کار بۆ یەک ئامانجی دیاریکراو دەکەنو پێشتر ویستوویانە کار لەسەر سەرجەمی پلە تایبەتەکان بکەن، لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە تا بەڕێوەبەرە گشتییەکان، «بەڵام کۆدەنگیی لەسەر ئەوە دروستبوو کە لەم قۆناغەدا کار لەسەر ئەندام پەرلەمان بکەین، بۆئەوەی ئەوان دواتر ببنە پاڵپشتێک بۆ ئێمە بۆ ئەوەی نەک خانەنشینیی پلە تایبەتەکان، مووچەکەشیان کەمبکرێتەوە، ئەگەر ئەمە جێبەجێبکرێت، هەوڵدەدەین دەست بۆ کەمکردنەوەی مووچەی پۆستو پلەکانی دیکەش ببەین».

بەپێی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (١٩٩٩) دوای تەواوبوونی خولی پەرلەمان، پەرلەمانتار بە (٨٠٪)ی مووچەکەی خانەنشین دەکرێت، کەمپەینەکەش کار بۆ ئەوە دەکات کە ئەو خانەنشینییە (٥٠٪) تێپەڕنەکات. ئارام جەمال پێیوایە؛ ئەگەر بەوشێوەیە بێت «دوای چەند خولێکی دیکە، دنیایەک خەڵک مووچەیەکی زۆر وەردەگرێتو تاڕادەیەک گەنج لە چالاکیو ئیشوکار دادەبڕێت». ئەوەشی خستەڕوو، کە هەوڵەکەیان تەنیا خولەکانی داهاتوو دەگرێتەوە، بەوپێیەی «خولەکانی پێشوو

**«دوای چەند خولێکی دیکە، دنیایەک خەڵک مووچەیەکی زۆر وەردەگرێتو تاڕادەیەک گەنج لە چالاکیو ئیشوکار دادەبڕێت»**

لەدەست دەرچووەو یاسای خۆیان هەیە، بەڵام دەمانەوێت لە ئێستا بەدواوە یاساکە هەموار بکرێت، چونکە پێمانوایە سامانو داهاتی نەتەوەیی بەوشێوەیە بەهەدەر دەدرێتو ئێمە ئەوە بە فیڕۆدان دەزانین».

لەبارەی رای فراکسیۆنەکانی پەرلەمانیشەوە ئارام وتی: «تائێستا هیچ فراکسیۆنێک نەیوتووە لەگەڵ بیرۆکەکەدا نین، هیچکامیشیان نەیانوتووە بە تەواوەتی لەگەڵیداین، بەڵام زیاتر بەوە دەشکێتەوە کە لەگەڵیدانو بە بیرۆکەیەکی باشی دەزانن، ئامانجی ئێمەش ئەوەیە بڕوایان پێبهێنینو قبووڵی بکەن، ئەگەر بشبێتە مایەی ئەوەی هەندێک فراکسیۆن نەیانەوێت، یان رێگریی دروستبکەن، ئەوسا بۆ رای گشتیی ئاشکرا دەکەینو هەڵوێستی دیکەشمان دەبێت».

لەلایەکی دیکەوە کوێستان محەمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، داوای کەمپەینەکە بە رەوا دەزانێت، بەڵام ئەوەش روونەکاتەوە کە فراکسیۆنەکەیان (٦) مانگ لەمەوبەر پرۆژەیاسایەکیان پێشکەشی پەرلەمان کردووە بەمەبەستی کەمکردنەوەی مووچەی سەرجەم پلە تایبەتەکان، لە سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزیرەکانو ئەندامانی پەرلەمان تا بەڕێوەبەرە گشتییەکانو رایگەیاند: خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کراوەو چاوەڕوانین بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمانەوە. «ئەوان بەشێکیان گرتووە کە ئەندامانی پەرلەمانە، بەڵام مەسەلەیەکی وا پێویستە گشتگیربێتو هەموو پلە تایبەتەکان بگرێتەوەو لە دانیشتنم لەگەڵیاندا ئەو تێبینییەم پێوتن، بۆیە ئێمە رامان وایە سەرجەمی پلە تایبەتەکان بگرێتەوە لە سەرۆکی هەرێمەوە تا بەڕێوەبەرە گشتییەکان».

# لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان ئیفلیج بووە

راپۆرتی: بەرهەم خالید

نزیکەی (٦) مانگ بەسەر پێکهێنانی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستاندا تێپەڕیوە، بەڵام تائێستا ئەو لیژنەیە نەیتوانیوە بە کارەکانی خۆی هەڵسێت، کە بریتییە لە بەدواداچوونو لێکۆڵینەوەی دۆسیەکانی گەندەڵیی، ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕانیش پێیوایە؛ یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی کێشەی کارانەبوونی لیژنەی نەزاهە، ئەوەیە لەلایەن فراکسیۆنی دەسەڵاتەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، ئەوانیش هیچ ئیرادەیەکو بەرچاوڕۆشنییەکیان نییە بۆ بەرەوپێشبردنی کارەکانی لیژنەکە.

لیژنەی دەستپاکیی (نەزاهە) وەک یەکێک لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ یەکەمجار لەم خولەی پەرلەماندا پێکهێنرا، بۆ گەڕداچوونەوەی گەندەڵییو بەدواداچوونی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی، بەڵام تائێستا کارەکانی ئەو لیژنەیە وەک پێویست نینو بە سستی بەڕێوەدەچن.

عەدنان عوسمان، ئەندامی لیژنەی نەزاهە، باس لەوە دەکات، کە لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان بە تەنیا تواناکانی دیاریکراو دەبێتو ناتوانێت ئەکتیڤ بێت، ئەگەر دەزگایەکی وەکو چاودێری دارایی سەر بەو لیژنەیە نەبێتو راپۆرتی تایبەتی بۆ ئەنجامبدات، «هەروەها پێویستیش دەکات دەستەی نەزاهەو داواکاری گشتیی بەهەمانشێوە سەر بە لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان بێت».

ئەندامەکەی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان وتی: «چەند مانگێکە ئێمە دەستمان بە کارەکانمان کردووە، لەو ماوەیەشدا چەند دۆسیەیەکمان ئامادەکردووە، داواشمان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، بۆ ئەوەی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی رادەستی لیژنەکەمان بکرێت، پاش ئەوەی هەردوو دیوانەکە لە هەولێرو سلێمانی یەکدەخرێتەوە، دەستەی نەزاهە لە کوردستان دروستبکرێت».

لە بەرامبەردا د.ڕەفیق سابیر، سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان، هۆکاری سستیی کارەکانی لیژنەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە لیژنەکەیان تازەیەو لە سەرەتای کارەکانیدایەو لەماوەی رابردووشدا پەرلەمانی کوردستان سەرقاڵی گفتوگۆکردنی پرۆژەیاسای بودجە بووە، وێڕای ئەو هۆکارانەش، نەگەیشتنی راپۆرتەکانی هەردوو دیوانی چاودێری دارایی بە هۆکارێکی سەرەکی سستیی کارەکانی لیژنەکەیان لەقەڵەمداو وتی: «تائێستا هیچ یەکێک لە راپۆرتەکانی ئەو دیوانانەمان بەدەستنەگەیشتووە هەتا بەدواداچوونی بۆ بکەین، بۆیە وەک پێویست نەمانتوانیوە دەستبەکاربینو بە رۆڵی خۆمان هەڵسینو لە رێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە داوای ئەو راپۆرتانەمان کردووە، بەڵام پێیانوتووین کە چاوەڕێی یەکگرتنەوەی هەردوو دیوانەکەن بۆ ئەوەی راپۆرتەکانیان بنێرنە پەرلەمان».

لەبەرامبەردا عەدنان عوسمان هۆکاری بە سستیی بەڕێوەچوونی کارەکانی لیژنەکەیان لە پەرلەمانی کوردستان بۆ لاوازیی عەقڵیەتی دژایەتیکردنی گەندەڵیی لە کوردستاندا دەگەڕێنێتەوە، بەوپێیەی دەسەڵات لە کوردستاندا حیزبییەو لەسەر بنەمای موحاسەسەی حیزبیی دامەزراوە، «بۆیە توانای چاودێریکردنو لێپێچینەوەو لەکارلادانو لەکارخستنو دادگاییکردنو زیندانیکردنی هیچ پەرپرسێکی نییە».

بەڵام د.ڕەفیق سابیر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ سەرەڕای نەگەیشتنی راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری، بەهۆی نەبوونی یاسای تایبەت ناتوانرێت لێپێچینەوە لە هیچ کەسێک بکرێت، لەبەرئەوەی تائێستا لە کوردستان یاسایەک نییە کە رێگە بدات بە هەر لیژنەو دەزگایەک لێپێچینەوە لە سەروەتو سامانی بەرپرسان بکات، وتیشی: «پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت یاسایەک لە پەرلەمانەوە دەربکرێت، کە لیژنەکەیان دەستکراوە بکات بۆ لێپێچینەوە لە سەروەتو سامانی هەر کەسێک کە بیەوێت».

# «سەرکردایەتی بزووتنەوە، دانی بەهەڵەی چوونە ناو هاوپەیمانیدا نا»

شارا عەبدولڕەحمان

بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان لە هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ یەکێتیو پارتی پەشیمانەو وتەبێژی حیزبەکەش ئاماژە بەوەدەکات، هەڵەیان کرد کە بەبێ مەرج چوونەتە نێو ئەو هاوپەیمانێتییەوە.

بەپێی راگەیەندراوێکی شورای ناوەندیی، کە رۆژی (٥/٢) بڵاویانکردووەتەوە، بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات؛ «چوونە نێو لیستی هاوپەیمانیی کوردستان دەرئەنجامێکی خراپی لێکەوتووەتەوە، بەشێوەیەک کە بووەتە مایەی نیگەرانیی هەموو ئەندامانی بزووتنەوە و شواری ناوەندیمان داوای لێبووردن لە ئەندامان دەکاتو پشت بەخوا کاری لەو جۆرە دووبارە نابێتەوە».



شوان قەڵادزەیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسییو وتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامیی، بە رۆژنامەی راگەیاند: هەر لەسەرەتاوەو لە سەرکردایەتییو ئاستی خوارەوەی حیزبەکەش کۆدەنگییەک نەبوو بۆ بەشداریکردن لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستاندا، ئەمە جگە لەوەی کە پەلە کرا لە گفتوگۆکردن لەگەڵ هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکە، بە بڕوای وتەبێژەکەی بزووتنەوە، بەشداریکردنیان لە هاوپەیمانیی کوردستانیدا کاریگەریی هەبوو لەسەر ئەوەی کە جەماوەرەکەیان بە ساردیی بەپیر پرۆسەی هەڵبژاردنەوە بچن».

بزووتنەوەی ئیسلامیی لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥)دا نزیکەی (٢٧) هەزار دەنگی بەدەستهێنا، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی (٣/٧)، نزیکەی (٧٥٠٠) دەنگی بەدەستهێناوە.



# لەنێوان دڵسۆزیی بۆ حیزبو نوێنەرایەتی گەلدا!

ئازاد چالاک

لەپاش دەرخستنی کەموکورتیو نەهامەتییەکانی بودجەو دەستخستنە سەر بەشێک لە برینو کەلێنەکانی حیزبو حکومەت واتە؛ دەسەڵات، بەشێوەیەکی گشتیی کە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە خرانەڕوو، چەندین پرسیاری گرنگی لای هاوڵاتییان ورووژان وەک:

ئایا دروستبوونی حیزبو خەباتو ئامانجەکانی بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتییانە، یاخود پێچەوانەکەی؟

ئەگەر هاتوو حیزب لەو ڕێبازە لایدا دەکرێت ئەندامانی حیزب هەر لەپێناوی حیزبیبوونیاندا پاڵپشتی حیزبەکانیان بن بە چاکو بە خراپ بەرگریی لێبکەن؟

کاتێک مرۆڤ بڕیار دەدات بەشداربێت لە کاری حیزبییو سیاسییو پێشمەرگایەتیدا لەسەر چ بنەمایەک ئەو بڕیارە دەداو لەپێناوی چی؟

ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری دیکە ئەمڕۆ باسیان لێوە دەکرێتو شکو بەدگومانیی هاوڵاتییان لەڕۆڵی حیزبو دڵسۆزیی ئەندامانی حیزب بۆ نیشتمانو بۆ هاوڵاتییان تا دێت قووڵتر دەبێتەوە.

کاتێک مرۆڤ بە ویستو ئیرادەی خۆی ژیانی کولەمەرگییو ڕێگەی سەختی تێکۆشانی پڕ چەرمەسەری بۆ خۆیو خێزانەکەی هەڵدەبژێرێت، چاوەڕوانی پاداشتو پلەوپایە نییە، چونکە ئەگەر ئەوانەی مەبەست بێت دەبێت بیر لەڕێگەیەکی دیکە بکاتەوە، کە بەئاسانترین شێوەو کەمترین زەرەر مەبەستی خۆی بپێکێت.

بەداخەوە ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان بەدی دەکرێت، کە سەرەتاکانی بۆ دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) دەگەڕێتەوە، شێوازێکە لەو رووە دزێوەی دەسەڵات، کە خۆی بەخاوەنی ئەزموونو خەباتو قوربانیدانی گەل دەزانێتو پێیوایە؛ ئەو دەتوانێت لەجیاتی گەل خاوەن بڕیارو خاوەنی مافو خاوەنی سەروەتو سامانی وڵات بێتو بەموڵکی خۆی بزانێو لەدوای خۆشی بنەماڵەکەی خاوەن تاجو عەرشەو خەڵکیش کۆیلەو مسکێن.

بەدڵنیاییەوە لێرەدا مەبەستمان ئەو کەسانە نییە، کە دوای ڕاپەڕین بۆ خۆ دەوڵەمەندکردنو گرتنەدەستی پۆستو دەسەڵات خۆیان بەحیزبەوە لکاند، چونکە ئەوانە لەهەموو دەورو زەمانێکدا هەنو پسپۆڕو شارەزان! بەڵکو رووی قسەمان لەو بەرپرسو کادیرو پێشمەرگانەی حیزبە، کە دەیان ساڵی تەمەنیان لەپێناو سەرفرازی میللەتەکەیان بەخشیو ڕۆژێک لەڕۆژانیش چاوەڕێی پاداشتو پلەوپایە نەبوونو چاوەڕوانیش نەبوون وەک ئەوانەی پێش خۆیان سەریان نایەوەو شەهیدبوون، هیواو ئاواتەکانیان بێتەدیو رزگاریی گەلەکەشیان زۆرجار وەک خەونو خەیاڵ بە بیریاندا گوزەری دەکرد.

لەپەرلەمانی کوردستان چەندین بەرپرسو کادیرو پێشمەرگەی حیزب دەبینین، چەندین کەسایەتی دیارو خاوەن پسپۆڕییو بێلایەنیش دەبینین.

سەیر لەوەدایە کاتێک گەندەڵییو کەموکورتییەکانی بودجەی دژ بەخەڵک دەخرێتە دەنگدانەوە، ئەو ئەندامانە بە هۆشیارییو ئاگابوونی تەواوەوە ناچار دەبن دەست بۆ بودجەیەک بەرز بکەنەوە، کە شەرعیەت دەبەخشێت بە تۆڕی مافیاو گەندەڵکارانی حیزبو پێشێلکردنی یاساو بیریان دەچێت، کە ئەو کارەی دەیکەن سڕینەوەی هەموو ئەو خەباتو قوربانیدانەی پێشوویانەو لەچاڵنانی هەموو ئەو بەڵێنو سوێندخواردنەیە، کە لەگەڵ خۆیانو بۆ میللەتەکەیان چەندینجار رایانگەیاندووە.

ئەمڕۆ دەرفەت لەبەردەم هەموو ئەندام پەرلەمانەکانی کوردستان ڕەخساوە، تا خۆیانو حیزبەکانیان بە ئاراستەیەکی باشدا ببەنو هەوڵبدەن، کە ویژدانو بیرو هزری کوردانەیان بکەن بە حەکەمو هەموو پێکەوە ئەم هەلە بقۆزنەوە بۆ باشترکردنی گوزەرانی هاوڵاتییانو بۆ پێشکەوتنی وڵات، بۆ سەروەریی یاسا، بۆ برەودان بە دیموکراسی.

ئەمڕۆ بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتو بەرژەوەندییەکانی خەڵک لە دوو سەنگەری دژ بەیەکن، ئەرکی هەمووانە کە ئەو هاوکێشەیە ڕاست بکەنەوەو بوار بە حیزبەکان نەدەن چیتر مافو سەروەتو سامانی خەڵک بەپاوانی خۆیان بزاننو دەبێت ئەندامە دڵسۆزەکانی پەرلەمانی کوردستان بە حیزبییو نا حیزبییەوە درک بەو ئەرکە مێژووییە گەورەیە بکەنو بیشیگرنە ئەستۆ.

# پرۆژە یاساکان لای ئەنجومەنی وەزیران گیریان خواردووە

ڕۆژنامە، پشتیوان سەعدوڵڵا

لیژنەی یاسایی پەرلەمان، داوای ئەو پرۆژەیاسایانە دەکاتەوە کە پەرلەمان رەوانەی حکومەتی کردوونەتەوەو یان حکومەت گەڕاندوونیەتییەوەو زیاتر لە شەش مانگیشە حکومەت پرۆژەیاسای پشتگیریی دارایی حیزبو ڕێکخراوەکانی ناردووەتە ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام تائێستا حکومەت پرۆژەیاساکەی بۆ پەرلەمان نەگەڕاندووەتەوە، ئەندامانی پەرلەمانیش هۆکارەکەی بۆ کەمتەرخەمیی حکومەت دەگەڕێننەوە.

لە خولی ئێستای پەرلەمانی کوردستاندا، نزیکەی (٩)پرۆژەیاسا هەن کە پابەندبوونی داراییان تێدایەو پەرلەمانیش رەوانەی حکومەتی کردوونەتەوە تا حکومەت لە رووی داراییەوە تێبینییەکانی بخاتەڕوو.

لەوبارەیەشەوە گۆران ئازاد، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە، بەپێویستی دەزانێت حکومەت زووتر پرۆژە یاساکان بۆ پەرلەمان بگەڕێنێتەوە، بەتایبەت پرۆژەیاسای ڕێکخستنی بودجەی پارتە سیاسییەکان، کە بە وتەی ئەو پەرلەمانتارە؛ لە ئێستادا حکومەت بە شێوەیەکی نایاساییو ناڕێکخراو، (٩٠)ملیارەکە بەسەر پارتە سیاسییەکاندا دابەش دەکات، کە پێویستە ئەو پرۆژەیاسایە رەوانەی پەرلەمان بکاتەوە تا بودجەی ئەحزاب بە یاسایەک ڕێکبخرێت.

بۆ ئەو مەبەستەش، لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، نووسراوێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، بۆ گەڕاندنەوەی ئەو پرۆژەیاسایانەی کە لای حکومەتن بۆ پەرلەمان.

لە ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/١٩) پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژەیاسای پشتگیریی دارایی حیزبو ڕێکخراوەکان کردو هەمان ڕۆژ پرۆژەیاساکە ئاراستەی حکومەت کراوە، تەنیا بە مەبەستی وەرگرتنی بیروڕای حکومەتو بەوپێیەی پابەندبوونی دارایی تێدایە.

د. ئەحمەد وەرتی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ماوەی چەند مانگێکە پەرلەمان پرۆژەیاسای پشتگیریی دارایی حیزبو ڕێکخراوەکانی رەوانەی حکومەت کردووە بە مەبەستی وەرگرتنی رای حکومەت، بەڵام تائێستا حکومەت پرۆژەیاساکەی نەگەڕاندووەتەوە بۆ پەرلەمان، ئەوەش بووەتە جێی نیگەرانیی پەرلەمان، چونکە دەرچوونی یاسایەک بۆ بودجەی حیزبەکان زۆر گرنگەو لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا بودجەی حیزبەکان بەپێی یاسا نییە، دواکەوتنیشی بۆ کەمتەرخەمیی حکومەت دەگەڕێتەوە.

هاوکات د.زانا ڕەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوەدەکات؛ «بەپێی یاسای بودجە حکومەت بڕی (٩٠) ملیار دینار تەرخاندەکات بۆ پشتگیریی پارتو ڕێکخراوەکان، بێئەوەی هیچ پێوەرێکی لە بەردەستدا بێت ئەو پارەیە دابەش بکات».

دواکەوتنی گەڕانەوەی پرۆژە یاساکان لەلایەن حکومەتەوە پەرلەمانتارانی گەیاندووەتە ئەو بڕوایەی کە هەماهەنگی نێوان حکومەتو پەرلەمان لە ئاستی پێویستدا نییە.

د. زانا ڕەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی ئاماژە بەوەدەکات، پێویستە هەماهەنگیی لە نێوان حکومەتو پەرلەماندا لە ئاستێکی باشتردا بێت، تا پرۆژەیاساکان ئەوەندە لە حکومەت نەمێننەوەو پێویستە حکومەتیش زوو وەڵامی ئەو پرۆژانەی پەرلەمان بداتەوە کە پابەندبوونی داراییان تێدایە، نەک دوایان بخات.



# چوار مانگە مووچەی ڕێزلێنان نەدراوە

هەستیار قادر

چوار مانگە مووچەی ڕێزلێنانی هونەرمەندو نووسەرانی سلێمانی نەدراوەو ئەو کێشەیە لەنێوان وەزارەتی ڕۆشنبیرییو داراییو ئەنجومەنی وەزیراندا یەکلایی نەبووەتەوە.

لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵەوە مووچەی ڕێزلێنانی (٩٨) نوورسەرو هونەرمەندی سنووری پارێزگای سلێمانی نەدراوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە پێشتر زۆربەی ئەوانەی ئەم مووچەیە دەیانگرێتەوە، مووچەی خانەنشینییان هەبووەو دەستبەرداری بوون.

دلێر مستەفا، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتیی ڕێزلێنانی سلێمانی، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «نووسراومان ئاراستەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییو دارایی کردووە سەبارەت بەو کێشەیە، بەڵام تائێستا وەڵام نەدراوینەتەوە».

ڕێنمایی پێدانی مووچەی ڕێزلێنانی نووسەرو هونەرمەندانی سلێمانی جیاوازە لەگەڵ هەولێردا، لەوێ بە ڕێنماییەکی جیاواز خەرجدەکرێتو هەموو شەش مانگ جارێک مووچەکە دەدرێت.

د.کاوە مەحمود، وەزیری ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێم، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو کێشەیەمان خستووەتە بەردەم وەزارەتی داراییو ئەنجومەنی وەزیران، نەدانی ئەو مووچەیەش پەیوەندیی بە کێشەی هونەرییو مەفهومی ڕێزلێنانەوە هەیەو ئێستاش کار بۆ ئەوە دەکەین کە ڕێنمایی پێدانی مووچەی ڕێزلێنان لە سلێمانی و هەولێر یەکبخەین».

# کەرکوک (٤٠) ملیار دینار لەدەستدەدات

ڕۆژنامە

بەهۆی کەمتەرخەمییو گەندەڵیی ئیدارییو بێپلانیی لە سەرفکردنی بودجە لەلایەن ئیدارەی کەرکوکەوە، بڕی (٤٠) ملیار دینار لە بودجەی ساڵی (٢٠٠٩)ی کەرکوک سەرفنەکراوە، ئەمە لەکاتێکدایە تائێستاش ژمارەیەک پرۆژەی ساڵی رابردوو نەخراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئیبراهیم خەلیل، سەرۆکی لیژنەی ئابووریو دارایی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «بەپێی ڕێژەی جێبەجێکردنی پرۆژەکان لە بەغداوە بودجە رەوانەی کەرکوک دەکرێتو لە ساڵی (٢٠٠٩)دا ڕێژەی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی کەرکوک نەگەیشتە (١٠٠٪) لەبەرئەوە لە بودجەی (٢٠٠٩)ی کەرکوک بڕی (٤٠) ملیار دینار نەهاتە شارەکە».

وتیشی: «هۆکاری لەدەستچوونی ئەو بڕە پارەیە دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمییو بێپلانی ئیداریی، جگەلەوەش دواکەوتنی ناردنی بودجەکەو بوونی ڕێنمایی زۆری وەزارەتی داراییو پلاندانان کاریگەرییان هەیە».

بودجەی ساڵی (٢٠٠٩)ی پارێزگای کەرکوک بڕی (١١٧) ملیارو (٣٠٠) ملیۆن دینارە، کۆی پرۆژەکانی ساڵی (٢٠٠٩)، (٤٠٢) پرۆژەنو (٢٩٤) پرۆژەیان تەواوکراونو (١٠٨) پرۆژەیان، کە پرۆژەی ستراتیژینو کارکردن تیایاندا بەردەوامەو جگەلەوەش تائێستا چەند پرۆژەیەک بەهۆی نەبوونی زەوی پێویستەوە نەخراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## بەرپرسە باڵاکانی هەرێم...

هەوڵەکانی بزووتنەوەی گۆڕانو فراکسیۆنی گۆڕانیش لە پەرلەمان بۆ چارەسەری کێشەی نانبڕاوەکان بەردەوامەو دوای ئەوەی دوێنێ بڕیار بوو (١٩) ئەفسەرەکە دادگایی بکرێن، بەڵام ڕێکخەری فراکسیۆنی گۆڕانو حکومەتی هەرێم بۆ مەسەلەی نانبڕاوەکان باسی لەوەکرد، کە کەیسی (١٩) ئەفسەرەکە وەک خۆی ماوەتەوەو تائێستا چارەسەر نەکراوە، بەڵام دادگاییکردنەکەیان بۆ ماوەی یەک مانگ دواخراوە، بەو هیوایەی بتوانرێت لەو ماوەیەدا کێشەکەیان چارەسەر بکرێتو بنبڕبکرێت.

سەبارەت بە کێشەی ئەو بەڕێوەبەرە گشتیانەی لە پۆستەکانیان لادرابوونو کرابوونەوە بە مامۆستا، یان دەرکرابوون، بە جۆرێک لە سنووری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی، (١٠) کەسو پەروەردەی دوکان (١٦) کەس، پەروەردەی سەیدسادق (١٠) کەس، کەلار (٣) کەسو دەربەندیخان (٢) کەس، بۆئەمەش ڕێکخەری فراکسیۆنی گۆڕانو حکومەتی هەرێم بۆ مەسەلەی نانبڕاوەکان بە ڕۆژنامەی راگەیاند: وەزیری پەروەردە بەڵێنی پێداون، کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا فەرمان دەردەکرێت بۆ سەرجەم پەروەردەکان، بۆ گەڕاندنەوەی ئەو بەڕێوەبەرانەی لەسەر بیروبۆچوونی جیاواز سزای سیاسیی دراون، فەرمانەکەش بەناوی سیانی ئەو مامۆستایانەوە دەبێت، کە پۆستە ئیدارییەکانیان لە قوتابخانەکاندا لێسەندراوەتەوەو کراونەتەوە بە مامۆستاو گواستراونەتەوە بۆ قوتابخانەیەکی دیکە.

دەربارەی نانبڕاوەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بەتایبەت فەرماندەییەکان، کە ژمارەیان (٧١٥) کەسەو سزای سیاسیی دراون، پەیام ئەحمەد، جەختی کردەوە، کە دوێنێ جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیری پێشمەرگە فەرمانی گەڕاندنەوەی بۆ دەرکردوون، ئەوانیش پێشمەرگەکانی سەرۆکایەتی ئەرکانو لیوای سکرتاریەتو لیوای سەرۆک کۆمارو فەرماندەیی پێشمەرگەو فەرماندەیی گشتییو فەلەکو فەوجەکانو کۆلیژی ئەرکانو چەندینی دیکەی تێدایەو دەست بە گەڕاندنەوەیان دەکرێت.

## سەرۆکو (٥) ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای...

ئاماژەی بەوەشکرد؛ «لەگەڵ ئاشکرابوونی کارەکانیان، ئەنجومەنی پێشووی پارێزگا لیژنەیەکی سێ کەسیی لەسەریان پێکهێناوەو خۆی لێپێچینەوەی لەگەڵدا کردوونو دابوویانە لیژنەی نەزاهە، ئەو پارەیەشی کە دیارنییە گومان لەسەری هەیەو نزیکەی (٦٧) ملیار دینار بووە، موبالەغە کراوە لەخەرجکردنیدا، بۆ نموونە لە کڕینی ژمارەیەک تراکتۆر بۆ سنووری موسڵ هەر دانەی بە (٧٥) ملیۆن کڕدراون، لەکاتێکدا ئەوکاتە لە موسڵ بە (٢٥) ملیۆن بووەو جیاوازییەکی زۆر لە نرخەکانیاندا هەبووە لە کڕینی پێداویستییەکانی شارەوانیو پزیشکیو پێداویستییەکانی دیکەدا کە کڕدراون».

دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقو لە یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا لەساڵی (٢٠٠٥)، لیستی برایەتی نەینەوا لە کۆی (٤١) کورسی پارێزگاکە، (٣١) کورسی بردەوەو پارێزگارو جێگرەکانیو سەرۆکی ئەنجومەنو زۆرینەی سەرۆکی لیژنەکان لەو لیستە بوون، تا هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنی نوێ لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٩).

# کاوە عەبدوڵڵا: د.بەرهەم بەو دەسەڵاتەی داویەتیە پارێزگار دووئیدارەیی زیندوو کردووەتەوە

سازدانی هەستیار قادر

**سەبارەت بە وردەکاریی کێشەکانی نێوان ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو پارێزگاری نوێی دەستبەکاربوو، ڕۆژنامە ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ کاوە عەبدوڵڵای سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، سازداوە.**

**ڕۆژنامە: لە ئێستادا وەک ئەنجومەنی پارێزگا، بە چ یاسایەک کاردەکەن؟**

* ئێمە بەپێی یاسای (٧١)ی بریمەر هەڵبژێردراوینو ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستاندا هەڵنەوەشاوەتەوە، لەبەرئەوە کارو چالاکییەکانمان بەپێی ئەو یاسایە بەردەوامە، بەڵام لە هەندێک لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمدا، بە یاسای (١٥٩)ی ساڵی (١٩٦٩) کاردەکرێت، کە ئەوە پەیوەست نییە بە ئێمەوەو تائێستا بەپێی یاساکەی بریمەر، پارێزگارو جێگری پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنمان هەڵبژاردووەو لە عێراقیشدا سەرکردایەتی سیاسیی کورد ئەم یاسایەی تەبەنی کردووەو یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی پەرلەمانی کوردستانیش بۆ ئەنجومەنی ئێستا نییە، بۆ ئەنجومەنی پارێزگای داهاتوو کاری پێدەکرێت.

**ڕۆژنامە: هەفتەی رابردوو، کۆبوونەوەی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٠)تان کردو لەو کۆبوونەوەیەدا جۆرێک لە تەقینەوە ڕوویدا لە نێوان ئێوە وەک ئەنجومەنی پارێزگا لەگەڵ پارێزگاری سلێمانیدا، کرۆکی ئەو کێشانە چی بوون؟**

* پێموایە، تەقینەوە لەنێوان ئێمەو پارێزگاری سلێمانیدا ڕووی نەداوە، ئێمە هەندێک ڕووی گەشی کارەکانی ئەنجومەنی پارێزگاو پارێزگارمان هێنایە سەرمێزی گفتوگۆ، ئێمە پێویستمان بە تەقینەوە نییە لەگەڵ پارێزگارداو پێویستمان بە دیالۆگو لێکگەیشتنو چەسپاندنی یاسا هەیە، دەبێت پارێزگار بەپێی یاسای (٧١)ی بریمەر بێتە ناو ئەنجومەنی پارێزگاوە، بەڵام ئێمە لەبەر خۆشەویستیمان بۆ پارێزگای سلێمانیو بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێز هێرۆخاندا دانمان بەخۆماندا گرتو ئەو بێیاساییەمان پشتگوێخستو پارێزگار هاتو دەوامی کردو بەبێ ئەوەی ئێمە دەنگی پێبدەین، ئەگەر هاوکاریمان بکات، ئێمە لەلەگەڵیدا کاردەکەینو ئەگەر هاوکاریمان نەکات، هەموو کەموکورتییەکانی بە ئاشکرا باسدەکەینو لە کۆبوونەوەکاندا باسی ئەو پەراوێزخستنەمان کردووە کە پارێزگاری سلێمانی بەرامبەر بە ئەنجومەنی پارێزگا پیادەی دەکات. ئێمە تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە دەمانەوێت لیستی(١٠٩) هەڵبوەشێنینەوە، ئێمە لەبەر خۆشەویستیمان بۆ پارێزگای سلێمانی لە لیستی(١٠٩)دا کۆبووینەوەو قبووڵمان کرد کە پارێزگای سلێمانی بێت، لەبەرئەوەی فەرمانی دامەزراندنەکەی دەرچووبوو، وتمان، لە سەروەختی هەڵبژاردندایە، با هیچ کێشەیەک دروست نەبێت، بەڵام ئێستا پارێزگارێک بێتو (٣٩) ئەندامی ئەنجومەن کە هەریەکەیان (٢٠) هەزار دەنگی هێناوە، پشتگوێی بخاتو سیستمی لامەرکەزیی پەراوێزبخات، پێموایە، ئەگەر ئێمەش بێدەنگ بین، هەقە خەڵکی شاری سلێمانی بێدەنگ نەبن.

**ڕۆژنامە: وردتر پێمان بڵێ، ئەو پەراوێزخستنە، لە چ ڕوویەکەوەیە؟**

* بەڕێز پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت، هەندێک لیژنەی پێکهێناوەو ئەندامانی ئەنجومەنی لەو لیژنانەدا داناوە، بەبێ ئەوەی پرسێک بە ئەنجومەنی پارێزگا بکات، لەکاتێکدا ئەو ئەندامانە نە لە دیوانی پارێزگان، نە فەرمانبەرن، ئەوانە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگانو پێویستە لە ڕێی ئەنجومەنەکەو سەرۆکی ئەنجومەنەکەوە داوای ئەندامەمان بکات بۆ هەر لیژنەیەک بێت، جگەلەوەش چەندین نامەو نووسراومان بۆ پارێزگار ناردووەو وەڵامی نەداوینەتەوە، یان ئەگەر وەڵامی دابێتەوە، سکرتێرەکەی کە هیچ سیفەتێکی ڕەسمیی نییە، وەڵامی داوەتەوە، ناکرێت نامەیەک بنووسم بۆ پارێزگاری سلێمانی، سکرتێرەکەی وەڵامم بداتەوە کە من ئاڕاستەی پارێزگارم کردبێت، ئەوەی کە دەیبینین بچووککردنەوەو پەراوێزخستنی ئەنجومەنی پارێزگایەو هەمووشیمان بە دۆکیۆمێنتو بەڵگەنامە لەلایە، سادەترین نموونە، ڕاستە ئێمە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕێکنەکەوتین لەسەر لۆگۆیەک بۆ پارێزگای سلێمانی، بەڵام پارێزگار هاتووە، بانگەوازی بۆ لۆگۆیەک کردووە کە لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمیشدا، دەبێت ئەنجومەنی پارێزگا لۆگۆ هەڵبژێرێتو ڕەوانەی پارێزگاری بکات بۆئەوەی تەسدیقی بکات، بەڵام پارێزگا لە ڕێگەی سکرتێرەکەیەوە بانگەواز بۆ لۆگۆی پارێزگای سلێمانی دەکاتو زۆرشتی دیکەش هەن کە دەچنە چوارچێوەی پەراوێزخستنەوە، لەوانە، ناوزەدکردنی ئەنجومەنی پارێزگا وەک بەشێک لە پارێزگار، وا مامەڵە لەگەڵ ئەنجومەندا دەکات، وەک ئەوەی بەشێکبین لە ئامێرسازیی، یان ناوخۆ، یان هەر بەشێکی دیکە.

**ڕۆژنامە: هەفتەی ڕابردوو، بڕیارتاندا لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی پارێزگادا، لێپرسینەوە لە پارێزگار بە وەکالەت بکەن، ئەو بانگکردنە بۆچییە؟ ئایا لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە دەبێت؟**

* لەوانەیە دروستبوونی کێشە زۆر ئاسان بێت، بەڵام کپکردنی قورسەو بە لێکگەیشتنو دیالۆگ دەبێت، ئەنجومەنی پارێزگا بە ڕای زۆرینەی ئەندامانی کە بە بەڵگەنامەوە ئیمزاکراوە، پارێزگاری سلێمانی بانگ بکەنو بزانین ڕاو بۆچوونی چییە لەسەر پەراوێزخستنی ئەنجومەنی پارێزگاو ئایا ئەمەی کە دەیکات یاساییە؟ ئایا ئەمەی کە دەیکات دەستی سیاسیی لە پشتەوەیە؟ ئایا بۆ ئەمەی کە دەیکات پشتی بە هیچ یاسایەک بەستووە؟ ئەگەر ئەو دەسەڵاتی لەسەروو دەسەڵاتی سیاسیی کوردییەوەیە کە ئەنجومەنێکی هەڵبژاردووە بە یاسای (٧١)ی بریمەرو دەسەڵاتی لە دەسەڵاتی پەرلەمان گەورەترە کە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان داناوە؟ ئێستا کە پارێزگار دێت سیستمێکو کۆی (٣٩)ئەندامی ئەنجومەن پشتگوێدەخات، پاساوەکانی چین؟ سەبارەت بەوەش کە ئامادە دەبێت یان نا، ئەو پرسیارە لای خۆیەتیو من هیوادارم ئامادەبێت، چونکە بۆ ڕەوینەوەی ئەو تۆمەتانەیە کە ئاڕاستەی ئەنجومەنی پارێزگا دەکرێتو هەروەها بۆ دیالۆگیشە لەنێوانماندا.

**ڕۆژنامە: یەکێک لەو کێشانەی کە ئێستا قسەی لەبارەوە دەکرێت، دانانی دوو جێگری پارێزگارە، کە پارێزگار بەبێ گەڕانەوە بۆ ئێوە ئەوکارەی کردووە، ئەوە چۆن دەبینن؟**

* ئەمەش نایاساییەکی دیکەیە بۆ پەراوێزخستنی ئەنجومەنی پارێزگاو سیستمی لامەرکەزیی لە هەرێمی کوردستاندا کە بە مەرکەزییەت بەبێ ئەوەی بە وەزارەتی ناوخۆشدا بڕوات، ئەو کارە بکەیت، ئەمە تازەکردنەوەی برینی دوو ئیدارەییە لە هەرێمی کوردستاندا، کاک د. بەرهەم بە فەرمانێکی نهێنی، جێگرو یاریدەدەری پارێزگار لادەباتو دوو جێگر دادەنێتو وەزیری ناوخۆ ئاگای لێ نییە!.

**ڕۆژنامە: د. بەرهەم، سەرۆکی حکومەتەو زانیاری لەسەر یاساکان هەیە، چۆن پەنای بردووەتە بەر کارێکی لەو جۆرەو پشتی بە چ یاسایەک بەستووە؟**

* ئەوان پشت بە یاسای (١٥٩)ی ساڵی (١٩٦٩) دەبەستن، کە بەداخەوە یاسای بەعسەو ئەگەر بەو یاسایانە کاربکەن، ئەوا کۆپییەکی یاساکانی بەعسەو لە هەرێمی کوردستان جێبەجێیدەکەن. چۆن سەرۆکی حکومەتیش بەو یاسایە کاری کردووە! ئەوا پێویستە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە خۆی بپرسرێت.

**ڕۆژنامە: سەرۆکی حکومەت، هەمان ئەو دەسەڵاتانەی کە پێشتر پارێزگاری سلێمانی هەیبووە، داوێتییەوە بە پارێزگاری نوێ؟**

* بەپێی بەڵگەنامەیەک کە لە پارێزگای سلێمانییەو منیش کۆپییەکم لایە، بەڵێ، دەسەڵاتی ئیدارەی سلێمانی پێشووی هەیەو بەداخەوە، زیندووکردنەوەی برینی دووئیدارەییە کە داوێتییە پارێزگاری سلێمانیو بەڕێز وەزیری ناوخۆش وەڵامێکی داوەتەوە کە ئەو سەلاحیەتپێدانە نەگونجاوەو لەگەڵ یاسادا ناگونجێت.

**ڕۆژنامە: ئەگەر ئەم کێشانە هەرواو بەمشێوەیە مانەوە، هەڵوێستی ئێوە وەک ئەنجومەنی پارێزگا چی دەبێت؟**

* هەڵوێستی ئێمە، هەڵوێستی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییە، ئێمە لە کۆبوونەوەکاندا زۆر شەفافینو هەموو ئەندامێکی ئەنجومەنیش شایەتی ئەوە دەدات کە زۆر بە ئازادانە قسەکراوە، ئەم کێشانەی ئێمە، کێشەی شەخسی نین لەگەڵ هیچ کەسێکداو کێشەن لەگەڵ نەبوونی سیستمدا، کێشەی بێ یاساییکردنی وڵاتن، گەورەترین مەترسی ئەوەیە کە تۆ یاسایەک دابنێیتو بەرپرسەکانت ئەو یاسایە پێشێل بکەن، لەبەرئەوە ئێمە وەک ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ڕێگای یاساییمان هەیە، ئەو ڕێگا یاساییە دەگرینەبەر، لە سەرەتادا سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە سەرۆکی هەموو هەرێمەو هەڵبژێرراوەو پاشان پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەرانی هەموو چینوتوێژو بیروباوەڕە جیاوازەکانیشی تێدایە، پاشان سەرۆکی حکومەتی هەرێم کە دەبێت خۆی بە سەرۆکی حکومەتی هەموو پارێزگاکانی کوردستان بزانێت، نەک تەنها خۆی بە سەرۆکی حکومەتی پارێزگای سلێمانی، یان بەشێک لە سلێمانی بزانێت، ئاگاداردەکەینەوە، ئێمە ئەم هەموو ڕێگایانە دەگرینەبەرو جگە لەو ڕێگایانەی کە لە هەرێمدا هەن، ڕێگای تریشمان بەدەستەوەیە، ئێمە لە نامەیەکدا هەموو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاو پارێزگارەکانی عێراقو کونسوڵەکانی هەرێمی کوردستانو باڵیۆزە بیانییەکان لەعێراقدا، بە نامە ئاگاداردەکەینەوە.



**ڕۆژنامە: یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا ئاماژەی بەوەداوە، ئەو بێرێزییەی کە بەرامبەر بە ئەنجومەن کراوە، قبوڵی ناکەن، ئێوە کە هەڵبژێردراوی خەڵکن، دەتانەوێت سنوورێک بۆ ئەمە دابنێن؟**

## سنوورێک بۆ پارێزگار دادەنێین

* دەمانەوێت لە ڕێگەی یاساییەوە سنوورێک دابنێین، ئێمە کێشەو ململانێی شەخسیمان لەگەڵ هیچ کەسێکدا نییەو داوای یاسامان کردووە، هەرێمی کوردستان لە گێژاوی کارێکدایە، یان دەبێت هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان بکاتو ئێمە ڕەتبکاتەوە، یان بە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) کاربکات، یان دەبێت تا ئەو کاتەی هەڵبژاردن دەکرێتەوە، بە یاسا مامەڵەمان لەگەڵدا بکات کە یاسای (٧١)ی بریمەرە.

**ڕۆژنامە: ئەگەر ئەم گرژییە بە بنبەست گەیشت، دوا هەڵوێستی ئێوە چی دەبێت، ئەو دەسەڵاتەتان هەیە، متمانە لە پارێزگار وەربگرنەوە؟**

* ئێمە وەک ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە هەموو لیستەکانەوە، لە کاتی هاتنی پارێزگاردا دانمان بەخۆماندا گرتو دڵنیات دەکەمەوە کە لەوانەیە هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا نکوڵی بکەن لەوەی کە هاتنی پارێزگاری نوێ، نایاسایی نەبووە، بەڵام زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەن دەزانن کە هاتنەکەی یاسایی نەبووەو لەگەڵ هاتنیداو وەک خۆشەویستییەک بۆ شاری سلێمانی، بڕیارماندا کە هاوکاری بکەینو لەگەڵ سەرۆکی لیستەکانی ئەنجومەنی پارێزگادا داوامان لێکرد کە هاوکاری ئەنجومەنی پارێزگا بکات تا ئەم چەند مانگەی کە ماومانە بە هێمنی بیبەینەسەر، بەڵام لەکاتێکدا کە پارێزگار ئەنجومەنی پارێزگا پەراوێزدەخاتو دەستپێشخەری دەکات بۆ سەرۆکی حکومەت بۆ دانانی دوو جێگر، بەبێ ئەوەی بە ئەنجومەندا تێبپەڕێت، ئەمە بە چەسپاندنی یاساو دیالۆگ چارەسەردەکرێت. بەداخەوە، تۆمەتو تەشهیرێکی زۆر بە ئەنجومەنی پارێزگا دەکرێت، کە گوایە ئەنجومەن بەناوی حیزبایەتیو تەکەتولو ڕای جیاوازەوە کار لە ئەنجومەنی پارێزگا دەکاتو دڵنیاتاندەکەمەوە کە لە یەکەم ڕۆژی هاتنمانەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگا، حیزبایەتیمان بەلاوە ناوە، دەتوانن لە لیستەکانی دیکەو ئەندامەکانیان بپرسنو ئەوەی ئەم ئەنجومەنەی گەورە کردووە، ئەوەیە کە کاتێک من لەگەڵ ئەندامی لایەنەکانی دیکەدا دادەنیشم، هەست ناکەین کە حیزبایەتی دەکەین، بەڵام بۆ ناشرینکردن، یان گەورەکردنی ململانێکان یان بۆ شاردنەوەی بێیاساییکردنی کارەکان، بڵێیت لە ئەنجومەنی پارێزگا حیزبایەتی دەکرێت، تۆمەتێکی باتڵە.

**ڕۆژنامە: پێتوایە، ئەو پەراوێزخستنەی ئەنجومەنی پارێزگا لەلایەن پارێزگارەوە، شەخسییە، یان هۆکاری سیاسیی لە پشتەوەیە؟**

* دەکرێت بۆ پەراوێزخستنمان لەلایەن پارێزگارەوە، ئەو پرسیارە لەو بکرێتو من پێموایە، کاک بەهرۆز هیچ شتێکی شەخسی لەگەڵ ئێمەدا نییەو ئێمەش هیچ شتێکی شەخسیمان لەگەڵیدا نییە، ئێمە حەزمان دەکرد لەبری ئەو هەڵایەی کە دروست بووە، گفتوگۆیەک بووایە بۆ دروستکردنی پارێزگای سلێمانی.

* تەقینەوە لەنێوان ئێمەو پارێزگاری سلێمانیدا ڕووی نەداوە

* پێویستمان بە دیالۆگو لێکگەیشتنو چەسپاندنی یاسا هەیە

# لێپرسراوی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتی، کارەکانی حکومەت ئەنجامدەدات

ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە

لەدوای بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی کابینەی شەشەم، یەکێتیی نیشتمانی، ئەندازیارێکی کردە پارێزگاری نوێی سلێمانیو لێپرسراوی مەڵبەندی یەکی ئەو حیزبەش لە شارەکەدا، پشکی شێری لە دەستوەردانی لە کارەکانی پارێزگاری نوێ بەرکەوتووە.

بەپێی بڕیاری د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆکی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمو بەدەر لە خواستی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەندازیار بەهرۆز محەمەد، کارمەندی کۆمپانیای نۆکان، کرا بە پارێزگاری سلێمانی- بەوەکالەت.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئەنجومەنی پارێزگاری سلێمانییەوە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەدوای دەستبەکاربوونی پارێزگاری نوێوە، هێرۆ ئیبراهیم، بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتیی نیشتمانیی، دەسەڵاتی تەواوی بەسەر پارێزگاردا سەپاندووە»، ئەوەش لەکاتێکدایە کە حیزبەکەی بەهۆی هەڵبژاردنی پێنج ساڵ لەمەوبەری ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە، دەستی بەسەر دامودەزگا حکومییەکانی پارێزگای سلێمانیدا گرتووەو هەردوو هەڵبژاردنی (٧/٢٥ و ٣/٧) ئەوەیان دەرخست کە حیزبەکەیان لەو پارێزگایەدا شکستی هێنا.

دەسەڵاتی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتی، بەشێوەیەک ڕەنگیداوەتەوە کە لێپرسراوی مەڵبەندەکە، بەبێ گوێدانە ئەو بڕیارەی کە هاوسەرو سکرتێری حیزبەکەی دای بۆ جیاکردنەوەی حیزب لە کاروباری حکومەت، بە بەرچاوی کامێراکانو خەڵکەوە، بەشداریی لە کارە حکومییەکاندا دەکات.

جەلال تاڵەبانی، وەک سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژی (٢٠٠٨/١٢/١٨) پرۆژەیەکی بڵاوکردەوە بۆ جیاکردنەوەی کاروباری حکومەت لە حیزبو تیایدا چەند بڕیارێکی دەرکرد بۆ ئەندامانو بەرپرسانی حیزبەکەی، بەڵام تائێستا بڕیارەکان تەنیا وەک مەرەکەبی سەر کاغەز ماونەتەوە.

لە پرۆژە بڕیارەکەی تاڵەبانیدا هاتووە: بۆئەوەی حکومەت بتوانێت بە ئەرکەکانی خۆی هەڵسێتو حوکمی یاسا پیادە بکاتو بتوانێت وەک یەک هاوڵاتییان لەبەرامبەر یاساو لایەنە جیاجیاکانی ژیانو یەکسانی دابین بکات، بۆئەوەی بەچاکی کارو ئەرکو پێویستییەکانی سەرشانی جێبەجێبکات، پێویستە لەسەر حیزبەکان: یەکەم: نە خۆیانو نە ئەندامو کادیرانی ڕێکخراوەکانیان ڕاستەوخۆ دەست لە کاروباری حکومەت وەرنەدەن. دووەم: دەبێت جیاوازی لە نێوان حکومەتو حیزب زۆر ئاشکراو ڕوون بێت، واتا حیزبەکان لە ڕێگەی پەرلەمانو نوێنەرانی خۆیانەوە لە وەزارەتەکاندا بەشداریی دەکەن لە حوکمڕانیدا، نەک لە ڕێگەی کادیرو ڕێکخراوەکانیانەوە لە کاروباری حکومەتو دامودەزگاکانی.

هەروەها هاتووە: بۆیە لەسەر هەڤاڵانی (ی.ن.ک) پێویستە زۆر بە وردیی ئەم ئامۆژگاریو بڕیارانەی خوارەوە جێبەجێبکەن: بڕیارەکان هەشت خاڵن، بەڵام یەکەم خاڵی بریتییە لە: «ڕێکخراو و کادیرو ڕێکخستنەکانی یەکێتی، بەهیچ شێوەیەک بۆیان نییە، ڕاستەوخۆ دەخالەت لە کارو فەرمانی دامودەزگاکانی میری خۆماندا بکەن، هەر لە وەزارەتەوە تا دەگاتە پارێزگارو قەزاو ناحیەو هەموو دەزگاو فەرمانگە جیاجیاکانی حکومەت».

پسپۆڕێکی ئیداریی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەشداری بەرپرسی حیزبیی لە پرۆژەکانی حکومەتدا دوو تەفسیری هەیە یەکەمیان ئەگەر پرۆژەکان لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بێت ئەوان لاوازیی پارێزگارەو دووەمیشان ئەگەر پرۆژەکان هی وەزارەتەکان بێت ئەوان لاوازیی سەرۆکی حکومەت دەردەخات.

ئەو پسپۆرە وتیشی: نەک لە یاسای ئیداریی بەڵکو لە عورفی ئیداریشدا هیچ کاتێک حیزب دەست لەکاوباری حکومەت وەرنادات.



پرۆژەکەی تاڵەبانی بۆ جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەز بوو

فۆتۆ: pukmedia

ڕۆژی (٤/١٧) لێپرسراوی مەڵبەندی سلێمانی بەشداریی کردووە لە کردنەوەی (٤)پرۆژەی تەندورستیدا، یەکێک لە پرۆژەکانیش خودی بەرپرسی مەڵبەند کردوویەتییەوە، ئەوە جگە لەوەی کە بەهرۆز محەمەدی پارێزگاری سلێمانیو د. تاهیر هەورامی، وەزیری تەندورستی ئامادەبوون کە هەردووکیان سەر بە یەکێتین.

ئەوەش لەکاتێکدایە کە بودجەی سەرجەم پرۆژەکان لەلایەن وەزارەتی تەندروستیو حکومەتی هەرێمەوە دابینکراونو هیچ پەیوەندییەکانیان بە مەڵبەندی یەکێتییەوە نییە.

ڕۆژی (٤/١٠) بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتو وەزیری تەندروستی، لێپرسراوی مەڵبەندی یەکێتی لە سلێمانی، بەشداریکرد لە دانانی بەردی بناغەی سەنتەری چاندنی مۆخ لە شاری سلێمانی، کە بودجەی پرۆژەکە لەلایەن هەرێمی توسکای ئیتاڵیاوە دابینکراوە.

د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح لەکاتی دانانی بەردی بناغەی سەنتەرەکەدا، دەستخۆشی لە هێرۆ ئیبراهیم کرد، کە «بەهۆی پەیوەندیی ئەو و ڕێکخراوی منداڵپارێز بە ئیتاڵیاوە» سەنتەرەکە دەکرێتەوە، ئەم پەیوەندییە لەکاتێکدایە کە پێشتر سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: «لەمەودوا سەرجەم پەیوەندییەکانی هەرێم لە ڕێگەی سەرۆکایەتی هەرێمەوە دەبنو حیزبو ڕێکخراوەکان بۆیان نییە پەیوەندی ببەستن».

هاوکات وتەبێژی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمیش ڕۆژی (٣/٢٨) ڕایگەیاند: «جگە لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، هیچ کەسو لایەنێکی سیاسیی نوێنەرایەتی گەلی کوردو حکومەت ناکات لە وڵاتانی دنیاداو تەنها حکومەتی هەرێم مافی ئەوەی هەیە نوێنەرایەتی گەلی کوردستان بکات بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە».

# حکومەت مووچەی دەزگا ئەمنییە نهێنییەکانی حیزب دەدات

ڕۆژنامە

لە کاتێکدا چەندین ملیار دینار لە بودجەی گشتیی بۆ کەرتی تایبەتو خزمەتی حیزب تەرخاندەکرێتو بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان نازانرێت چۆن سەرفدەکرێت، لەهەمانکاتدا بودجەکە لە پەرلەمان بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتاران، جگە لە ئۆپۆزسیۆن پەسەند دەکرێت.

## بودجەی قوتابخانەیەک بەرامبەر بە دروستکردنی (٣) زانکۆیە

لە بودجەی (٢٠١٠) چەندین ملیار دینار بۆ کەرتی تایبەت تەرخانکراوە، بێئەوەی ئەو کەرتە هیچ داهاتو سوودێک بە بودجەی گشتیی بگەیەنێت، لەوانە: تەرخانکردنی بڕی (٤٨) ملیارو (١٢٥) ملیۆن دینار بۆ قوتابخانەی شوەیفات دانراوە، کە ساڵانە بڕی (٤) هەزارو (٥٠٠) دۆلار لە هەر خوێندکارێک وەردەگیرێت، کەواتە حکومەت بۆ بودجەیان بۆ دابینبکات؟

لە پرۆژە پێشنیازکراوەکانی (٢٠١٠)دا هاتووە: دروستکردنی قوتابخانەی شوەیفات لە دهۆک، کە لە پرۆژەکانی وەزارەتی داراییو ئابووریدا دانراوە بڕی (٣٦) ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، کە ئەم بودجەیە بەرامبەر بە بودجەی دروستکردنی (٣) زانکۆیە، کە زانکۆی هەڵەبجەو کەلارو ڕانیەیەو بۆ هەریەکەیان (١٢) ملیار دینار تەرخانکراوەو دەکاتە (٣٦) ملیاردینار.

ئەمە جگە لەوەی دیزاینو دروستکردنی قوتابخانەی شوەیفات لە سلێمانی بڕی (١٠) ملیاری بۆ تەرخانکراوەو لە پرۆژە بەردەوامەکانیشدا هاتووە: بودجەی بەکارخستنی قوتابخانەی شوەیفاتی هەولێر بڕی (٢١)ملیارو (٢٥١) ملیۆنی بۆ تەرخانکراوە، کە لە (٢٠٠٩)دا (٦٢٥) ملیۆنی بۆ سەرفکراوەو لە (٢٠١٠) داوای یەک ملیارو (٥٠٠) ملیۆن دیناری دیکەی بۆکراوە، بەڵام بە گوشاری ئۆپۆزسیۆن ئەم گوژمە پارەیەی بۆ قوتابخانەی شوەیفاتی هەولێر داواکراوە، بۆ ئەمساڵ لابراوە.

## دروستکردنو چاکسازیی لەیەک کاتدا

لە پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەدا هاتووە، دروستکردنی پردی دەربەندی بازیان، کە (٦) ملیارو (٩٠٣) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوەو لە (٢٠٠٩)دا (٦) ملیارو (٢٥٢) ملیۆنی لێ سەرفکراوەو بۆ (٢٠١٠)، (٦٥١) ملیۆنی دیکەی بۆ سەرفدەکرێت، لە هەمان ڕیزبەندیدا، چاکسازیی پردی دەربەندی ڕانیە هاتووە: کە (٢) ملیارو (٢٢٧) ملیۆنی بۆ دانراوەو لە (٢٠٠٩)دا هیچی لێ سەرفنەکراوەو بۆ ئەمساڵ بۆی دانراوەتەوە، لێرەدا دەپرسین، ئەم پرۆژەیە کە هێشتا لە دروستکردندایە، لە کوێوە پارە بۆ چاکسازییەکەشی دانراوە؟

## بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان چۆن سەرفدەکرێت؟

گوژمە پارەی ساڵی (٢٠١٠)ی تایبەت بە پەرەپێدانی هەرێمەکان بۆ سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بریتییە لە: (٢) تریلیۆنو (٦٥٤) ملیار دینار، بەڵام لەو بودجەیە تەنیا (١٢٧) ملیارو (٨٠٠) ملیۆن دیناری بۆ هەرێم تەرخانکراوە، کە لە دەرەوەی (١٧٪)ی بودجەی هەرێمەو بڕەکەی (١٢٧) ملیارو (٨٠٠) ملیۆن دینارە، بەشێوەیەک کە بەشی پارێزگای دهۆک (٢٨) ملیارو پارێزگای هەولێر (٥٠) ملیارو پارێزگای سلێمانی (٤٩) ملیارو (٨٠٠) ملیۆن دینارە، بەڵام ئەم گوژمە پارەیەو چۆنێتی خەرجکردنی نایەتە پەرلەمانو نازانرێت چۆن سەرفدەکرێتو پرۆژەکان چۆن کاریان لەسەر دەکرێتو چەند سەرفکراوە لە بودجەی ساڵی پار، بە تایبەت کە بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان بۆ ساڵی (٢٠١٠) (یەک لەسەر سێ)ی بودجەی ساڵی (٢٠٠٩)یەو نازانرێت بودجەی ساڵی پار چۆن سەرفکراوە.

## یەکخستنی دەزگاکان گۆڕدرا بە یەکخستنی بودجەکەیان

لەکاتی ڕەوانەکردنی بودجەی (٢٠١٠) بۆ پەرلەمانی کوردستان، جەخت لەسەر ئەوەکرایەوە کە ئەو دەزگایانەی شێوازی دووئیدارەییان پێوەدیارە، بودجەکەیان بگەڕێنرێتەوەو کار بۆ یەکگرتنەوەیان بکرێت، بەڵام بودجەی هەردوو دەزگای ئاسایشو هەردوو دیوانی چاودێری دارایی سلێمانیو هەولێر تێپەڕێنرا، بە جۆرێک، دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی (٤) ملیارو (٣٢٥) ملیۆن، دیوانی چاودێری دارایی هەولێر (٥) ملیارو (٦٠٣) ملیۆن دینار، ئاسایشی گشتیی هەرێم/ سلێمانی (١٤٨) ملیارو (٢٠٠) ملیۆن دینار، ئاسایشی گشتیی هەرێم/ هەولێر (١٨٠) ملیارو (٥٠٠) ملیۆن دیناریان بۆ تەرخانکراوە، واتە بودجەکانیان بەجیا بۆ پەسەندکراوە.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: «داواکرا کە ئەم دەزگایانە تا یەکنەگرنەوە بودجەیان بۆ سەرف نەکرێت، تەنیا مووچەیان بدرێتێ، بەڵام لیژنەی یاسایی لە هۆڵی پەرلەماندا پێشنیازەکەیان گۆڕی بەوەی، کە تا شەش مانگ یەکخستنی بودجە، ,واتە تا ٦ مانگی دیکە دەبێت بودجەکەیان یەکبخرێت، کە ئەمە ڕاست نییە، چونکە لە پەرلەمان یاسای یەکگرتنەوەیان هەیەو بودجەیان یەکخراوەو دەبوو یەکخستنی دەزگاکان بێت، چونکە ئەم خوێندنەوەیە ئەو دەزگایانە ئیجبار ناکات، کە یەکبگرنەوە».

ئەو پەرلەمانتارە، جەختی لەوە کردەوە؛ کە ئەم شێوازی پەسەندکردنی بودجەیە بۆئەو دەزگا دوو ئیدارەییانە مانای وایە، کە ئەو دەزگایانە ئەمساڵیش یەکناگرنەوە، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان ویستوویەتی بەمشێوەیە تێپەڕێنرێتو بەشێوازێکی نادروست ڕێگەی لە پەرلەمانتارەکانی ئۆپۆزسیۆن گرت گفتوگۆ لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەن.

## حکومەت مووچەی دەزگای پاراستنو زانیاریش دەدات

هەردوو دەزگای ئاسایشی هەولێرو سلێمانی لە ڕووی ژمارەی کارمەندو بودجەوە جیاوازییان هەیە، ئاسایشی هەولێر لەڕووی میلاکەوە (٢٥١) کەسو لەڕووی بودجەوە (٣٢) ملیارو (٣٠٠) ملیۆن دیناری لە ئاسایشی سلێمانی زیاترە.

میلاکی ئاسایشی گشتیی هەرێم- سلێمانی (١٧) هەزارو (٣٧٨) کەسەو بڕی (١٤٨) ملیارو (٢٠٠) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوەو میلاکی ئاسایشی گشتیی هەرێم- هەولێر (١٧) هەزارو (٦٢٩) کەسەو بڕی (١٨٠) ملیارو (٥٠٠) ملیۆن دینارو بۆ ساڵی (٢٠١٠)ش ئاسایشی هەولێر داوای هەزارو (١٩٠) کارمەندو ئاسایشی سلێمانی (٣٠٠) کارمەندی کردووە بۆ دامەزراندن، بە وتەی کاروان ساڵح، ئەندامی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان لە کاتی پرسیارکردنی لیژنەی ناوخۆ لە عیسمەت ئەرگوشی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی- هەولێر دەربارەی ئەو زیادەیەی لە بودجەو میلاکیاندا هەیە پێیڕاگەیاندوون: ئەوان بودجەی دەزگای پاراستنیش دەدەن!.

بەڵام، وەک ئەو پەرلەمانتارە جەختی لەوە کردەوە، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی دانی بەوەدا نەناوە، کە ئەوانیش بودجەی دەزگای زانیاریی بدەنو میلاکیان لەسەر ئەوان بێت.

## وەزارەتی دارایی ئەو (٤٣٠) ملیارە لەچی سەرفدەکات؟!

تەرخانکردنی بڕی (٣٥٠) ملیار دینار بۆ پشتگیریی پرۆژەکانی سندووقی نیشتەجێکردن، تەرخانکردنی بڕی (٣٠) ملیار دینار بۆ پشتگیریی پرۆژەکانی بانکی نیشتەجێکردنو تەرخانکردنی بڕی (٥٠) ملیار دینار بۆ پرۆژەکانی کەرتی کشتوکاڵییو پابەندبوونی وەزارەتی دارایی بە بەردەوامبوونی دابینکردنی قەرزی خانووبەرە بۆ هاوڵاتییان، لە چی دەدرێت، لەمبارەیەوە سەرهەنگ فەرەج پەرلەمانتار پێیوابوو، کە پەرلەمانتاران لەلایان ڕۆشن نییە وەزارەتی دارایی لە چ بابێک ئەم گوژمە پارانە تەرخاندەکات، هەربۆیە ئەمە پرسیارێکەو وەزارەتی دارایی وەک پێویست تائێستا وەڵامی پەرلەمانتارانی نەداوەتەوە.

## پرۆژە بەردەوامەکان دووئەوەندەی پرۆژە نوێیەکانە

بڕی بودجەی پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی (٢٠١٠)، (٧) بلیۆنو (٢١٩) ملیارو (٥٦٧) ملیۆن دینارە، لە کاتێکدا بڕی بودجەی پرۆژە پێشنیازکراوەکانی ساڵی (٢٠١٠)، (٣) بلیۆنو (٣٦٩) ملیارو (٧٨٣) ملیۆن دینارە.

ئەمەش لەڕووی ئابوورییەوە دیاردەیەکی تەندروست نییە، سەرهەنگ فەرەج، پەرلەمانتار لە لیژنەی نەزاهە ئەوەی خستەڕوو؛ کە تا یەک دوو ڕۆژ بەر لە دانیشتنی پەرلەمان لەسەر بودجە، پەرلەمانتاران پرۆژە بەردەوامەکانیان لەبەردەستدا نەبووە، کە نزیکەی (٤) بلیۆنی لە پرۆژە پێشنیازکراوەکان زیاترە.

بە وتەی ئەو پەرلەمانتارە، پێویستە حکومەت پلانێکی هەبێت بۆ بودجە تا هەموو ساڵێک بڕێکی زۆر لە بودجەی تەرخانکراو بۆ ئەو ساڵە، بۆ پرۆژە بەردەوامەکان سەرف نەکرێتو بکرێتە پرۆژەی نوێ.

# کێشەی نانبڕاوە (پلە تایبەتەکان) بەهەڵپەسێردراویی دەمێنێتەوە

راپۆرتی: رۆژنامە

هەرچەندە سەرۆکی حکومەت فەرمانی گەڕاندنەوەی سەرجەم نانبڕاوەکانی دەرکردووە بۆ سەر کارەکانیان بەبێ جیاکردنەوەیان، بەڵام تائێستا کێشەی ئەو نانبڕاوانەی کە فەرمانبەری حکومەت بوون بە پلەی تایبەتو پێشتر لە حیزب کاریانکردووە بە هەڵپەسێردراویی ماونەتەوەو سەرۆکی حکومەتیش بە «حیزبیی» ناویان دەبات، ئەمەش لەکاتێکدایە کە بە زۆرینەی بە دەنگی لیستی کوردستانیی شەرعیەت درا بەوەی کادیرانی حزب مووچە لە حکومەت وەربگرن.

لەگەڵ ئەوەی فراکسیۆنی گۆڕانو ئۆپۆزسیۆن داوای لابردنو هەڵوەشاندنەوەی مووچەی کادیرانی حزبیان کرد کە لەسەر بودجەی حکومەت مووچە وەردەگرنو ناونیشانی وەزیفییان پێبەخشراوە، بەڵام لیستی کوردستانیی پێچەوانەی داواکەی ئۆپۆزسیۆن وەستانەوەو شەرعیەتیاندایەوە بە پێدانی مووچەی کادیرانی حزب لەلایەن حکومەتەوە.

عەبدوڵڵا مەلا نوری، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان بە رۆژنامەی وت: «بە دەنگنەدان بۆ ئەو دوو مادەیەی کە فراکسیۆنی گۆڕان پێشنیازی کرد، شەرعیەت درا بەوەی لەو بودجەی بەکاربەردا دەیان هەزار مووچەخۆری حیزب لە حکومەت پارەیان پێبدرێت، سەرئەنجام پەرلەمان شەرعیەتی بەخشی بە بەکارهێنانی بودجەی گشتیی بۆ خزمەتی حیزبە دەسەڵاتدارەکان».

دوای ئەوەی لە پەرلەمانی کوردستان لیستی کوردستانیی زۆرینەی پەرلەمان دەنگدرا، بەوەی کە کادیری حیزب کراونەتە فەرمانبەری حکومیی، ئەو ژمارە نانبڕاوەی گۆڕانیش کە مووچەخۆری حکومەت بوونو پلەی وەزیفییان هەیەو پێشتر لەسەر بەڕێوەبەرێتیی رێکخراوەکان مووچەیان وەرگرتووەو کاریان بۆ حیزب کردووە، بە مافی خۆیانی دەزانن بگەڕێنەوە سەر وەزیفەکانیان وەک هەر فەرمانبەرێکی حکومەت لە وەزارەتی دارایی، چونکە لەگەڵ دەرکردنی ئەمان، هەزاران مووچەخۆری حیزبیی لە بودجەی حکومەت دەخۆنو بە وتەی خودی نانبڕاوەکانیش تائێستا مووچەکانیان لە وەزارەتی داراییەوە دەدرێت بە حیزب، چونکە بە نووسراوی رەسمیی لە کارەکانیان دەرنەکراون.

هەرچەندە بە وتەی خودی سزادراوە سیاسییەکان، کە خۆشیانو فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانو بزووتنەوەی گۆڕانیش دژی دابینکردنی بودجەی گشتین بۆ کادیرانی حیزب، بەڵام لەبەرئەوەی حکومەتو پەرلەمان شەرعیەتیان بەوە داوە کە فەرمانبەری حیزب حکومەت پارەی بداتێ، ئەوانیش کە هەموو ئەرکو مافێکی فەرمانبەری حکومیان هەبووە، داوادەکەن مووچەو پلە وەزیفیەکانیان بۆ بگەڕێتەوە، چونکە بە وتەی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەت سزای سیاسیی لە کوردستان نابێت بوونی هەبێت.

ئەم داوایەش هاوکاتە لەگەڵ ئەو فەرمانەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، کە لە رۆژی (٢٠١٠/٤/١٩) دا دەرچووە بۆ چارەسەری کێشەی نانبڕاوەکانو ئەوانەی لەسەر جیاوازیی بیروبۆچوون سزای سیاسیی دراون، کە لە پێنج خاڵ پێکهاتووەو لە خاڵی یەکەمی فەرمانەکەدا هاتووە؛ «وەرگرتنی ئیجرائاتی یاسایيو ئیداریی پێویستو بەپەلە بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەر بڕیارێک ئەگەر درابێت بە هۆکاری سیاسیی یان بەهۆی دەنگدان بە لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو سەبارەت بە دوورخستنەوەی فەرمانبەرو کارمەندی حکومەت لە وەزیفەو گەڕانەوەی دەستبەجێیان بۆ سەر وەزیفەی پێشوویان بە هەمان پلەو مووچەی خۆیان».

پێویستە لەدوای دەرکردنی ئەو فەرمانەی سەرۆکی حکومەتو ئەو شەرعیەتدانەی پەرلەمان، کار بۆ گەڕاندنەوەی ئەو نانبڕاوانەش بکرێت.

پەیام ئەحمەد، رێکخەری نێوان فراکسیۆنی گۆڕانو حکومەتی هەرێم بۆ کێشەی نانبڕاوەکان، جەختی لەسەر کردەوە، کە پەیوەندییان بە وەزیری داراییەوە کردووە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ئەو نانبڕاوانەو وتی: «بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی، دانی بەو راستییەدا ناوەو پێبڕاگەیاندووین کە پێویستە ئەوانیش بگەڕێنەوە، لەکاتی قسەکردن لەوبارەیەشەوە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت، پێبڕاگەیاندوون: «با جارێ ئەو مەسەلەیە دوابخەین تا ئەوانەی حکومەت هەموو دەگەڕێنەوەو دواتر قسە لەسەر ئەوانەی حیزبیش دەکەن».

ئەم وەڵامەی سەرۆکی حکومەت دژە لەگەڵ فەرمانەکەی خۆی، چونکە لە فەرمانەکەدا جیاکاریی نەکراوە، هاوکات سەرچاوەیەکی نزیک لە یەکێتی ئەوەی خستەڕوو، کە کێشەی ئەو نانبڕاوانەی حزب کە مووچەیان لەسەر حکومەت بووە پێویستی بە وەرگرتنی رەزامەندیی سکرتێری گشتیی یەکێتییە، هەروەک چۆن بۆ دامەزراندنیان لە حکومەت رەزامەندیی وەرگیراوە.

دامەزراندنی کادیرانی حیزبیی لەسەر میلاکی وەزارەتەکانی حکومەت لە هەولێرو سلێمانی، بە رەزامەندیی بارزانیو تاڵەبانی بووە، بۆیە بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە یەکێتی نیشتمانی، گەڕانەوەی ئەو نانبڕاوە (پلە تایبەتانەش) چاوەڕوانی بڕیارو رەزامەندیی تاڵەبانی دەکات، هەربۆیە سەرۆکی حکومەتیش مەسەلەکەی هەڵپەساردووە، ئەمەش لە بەڵگەکاندا دیارە وەک لە نموونەیەکیش لەو بەڵگە نهێنیانەی کە بە رۆژنامە گەیشتووە، تیایدا هاتووە؛ «پاش وەرگرتنی رەزامەندیی هەڤاڵی بەڕێز مام جەلالو پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤١٠) لە (٢٠٠٤/٥/٢٥) بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیاردرا بە ....».



ئەم نووسراوەش بە ئیمزای بایز تاڵەبانی، وەزیری داراییو ئابووریی، لە رۆژی (٢٠٠٤/٩/١٢)دا دەرچووە، کە وەزیری دارایی داوای رەزامەندیی تاڵەبانی کردووە بۆ دامەزراندنی فەرمانبەرانی حکومەت.

هەر لەو بەڵگانەدا نووسراوێکی نهێنیی عیماد ئەحمەد، کە ئەوکاتە جێگری سەرۆکی حکومەت بووە، بۆ وەزارەتی دارایی ناردووەو ئاماژە بە نووسراوی مەکتەبی سیاسیی ژمارە (٢٠٨-١٢١) لە (٢٠٠٥/٢/٢٥) کراوەو داوای دامەزراندنی (٤) کادیری حیزب دەکات لەسەر بەڕێوەبەرێتیی رێکخراوەکانو بە نووسراوێکی نهێنیش وەزیری دارایی کە ئاراستەی سکرتاریەتی جەلال تاڵەبانی کراوە، داوای وەرگرتنی رەزامەندیی حیزب دەکات بۆ دامەزراندنی ئەو (٤) کادیرە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتیی لەسەر میلاکی وەزارەتی دارایی، لە ناویاندا کەسانێک هەن ئێستا نانبڕاوی گۆڕانو لەپاش نانبڕاوکردنو سزادانی سیاسییان، ئەو کادیرە حیزبییانە کە مووچەخۆری حکومەت بوونو فەرمانی وەزاریی بۆ دامەزراندنیان دەرچووە، ئەو فەرمانەش کە بۆ پلەی تایبەت دەردەچێت لە بەغداوە دەدرێتو هەموو ئەو باجانەی لەسەر مووچەخۆری حکومەت هەیە ئەمانیش لەسەریان بووە، بۆ نموونە ئەوانەی پلەی راوێژکاریان هەبووە لە وەزارەتی دارایی مانگانە (١) ملیۆنو (٦٨٠) هەزار مووچەیان بووە، حکومەت وەک موساهەمە (١٨٠) هەزاری بردووە، ماوەتەوە (١) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار، لەمەش (١٥٠) هەزار خانەنشینيو (٣٢) هەزارو (٥٠٠) دینار باجی دەرامەتو (١٨٨) هەزار قیستی خانووبەرە، ئەمە جگە لە سولفەی زەواجو باجی دەرامەتیانو بڕینی تەنفیزيو بەدەل ئیجارو ئەمانەتی سولفەی ئاوارە وەک لەو لیستی مووچەیەدا هاتووە، کە لە وەزارەتی داراییەوە دەرچووە، بەمەش دەبوو بۆ دەرکردنی ئەم فەرمانبەرانەش رێوشوێنی یاسایی بگیرایەتەبەر، نەک بەشەفەیی نانبڕاو بکرێن، ئەمە لەکاتێکدایە ئەو کەسانە کە سزای سیاسیی دراون هەر بە شەفەیيو دوور لە یاساو رێنماییەکانی فەرمانبەری حکومەت لە (٢٠٠٩/٥/١) لە کارەکانیان دەرکراون نەک دەستیان لە کار کێشابێتەوە، وەک نموونەش لە روونکردنەوەیەکی ئیدارەی مەکتەبی سیاسیدا کە ئاراستەی سایتی (سبەی)یان کردووەو لە ژمارەی (٤٨٨٧)ی (٢٠٠٩/٦/٣)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە، هاتووە؛ «ئێمە وەک مەکتەبی سیاسیی داوامان لە (....) هەڵوێستی خۆی روونبکاتەوە لەسەر دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کە ئایا دەنگ بە چ لیستێک دەدات؟ وەڵامەکەی بەمجۆرە بووە: (ئامادەنیم بە هیچ شێوەیەک دەنگ بە لیستی کوردستانییو بەڕێز (مەسعود بارزانی)و پارتی بدەم، شانازیی بە لیستی گۆڕانەوە دەکەمو لەمڕۆوە دەست لەکار دەکێشمەوە».

لەو بەڵگەنامەو نووسراوو روونکردنەوانەدا ئەوە دەسەلمێنێت، کە حیزب مامەڵە بە پۆستە حکومییەکانەوە دەکاتو خەڵک دادەمەزرێنێتو پلەی تایبەتو باڵایان پێدەدات، وەک لەو چەند لیستی مووچەیەی وەزارەتی دارایی کە لەلای رۆژنامە هەیەو وەک نموونەی کادیرەکانی مەڵبەندی (٢٢)ی رێکخستنی شارباژێڕو پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی، هەموو خراونەتە سەر حکومەت بە پلەی تایبەتو پاشان دەریاندەکات لە کارەکانیان، چونکە ئەوەی لەو روونکردنەوەیەدا هاتووە.

ئامانج شێخ نووری، وەک نانبڕاوێکی گۆڕان ئاماژەی بۆئەوەکرد، کە هەموو سزادراوە سیاسییەکان دەرکراون لە کارەکانیانو هیچکامیان دەستیان لە کار نەکێشاوەتەوە، ئەمەش نایاساییە، چونکە فەرمانبەری حکومیی، کاتێک لە وەزیفەکەی دەردەکرێت، دەبێت نووسراوێکی رەسمیی حکومەتی پێبدرێت، بەڵام هەموو نانبڕاوەکانی گۆڕان تەنیا بە زارەکیی دەرکراون».

پێویستە ئەو پەرلەمانتارانەی دەنگیان بۆ مانەوەی کادیری حیزب لەسەر حکومەت داوەو سەرۆکی حکومەتیش کە فەرمانی گەڕانەوەی ئەو نانبڕاوانەی داوە، کار بۆ گەڕانەوەی سەرجەم نانبڕاوەکان بکەن بەحزبییو حکومییو سەربازییەوە.

لەوبارەیەوە سەرکۆ عوسمان، کە نانبڕاوی گۆڕانەو پلەی راوێژکار بووە لە وەزارەتی دارایی، ئەوەی خستەڕوو، کە کاتێک سەرۆکی حکومەت فەرمانێک دەردەکات پێویستە جێبەجێبکرێت، بەتایبەت کە لە خاڵی پێنجەمی فەرمانەکەدا هاتووە؛ «ئەو فەرمانە لە بەرواری دەرچوونییەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە»، کاتێک گەڕانەوەی ئەو نانبڕاوانەی فەرمانبەری حکومەت بوونو لە حیزب کاریانکردووە دوادەخرێت، پێویستە هۆکارەکەی روونبکرێتەوە.




مەم بورهان قانع

## کورد: لە عێراقدا

لەدوو رۆژی رابردوودا، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لیستی عێراقییەو دەوڵەتی یاسا، گرژییو ئاڵۆزبوونی زیاتریان بەخۆوە بینی.

خراپبوونی ئەم پەیوەندییانە، هاوکاتن لەگەڵ هەژمارکردنەوەی سندووقەکانی دەنگدانی بازنەی بەغداو هاوکات، وتەبێژی لیستی عێراقییەیش رایگەیاند: لەلایەن نووسینگەی تایبەتی نوری مالیکییەوە، هەڕەشەی کوشتنم لێکراوە. تاریق هاشمی، یەکێک لە سەرکردەکانی لیستی عێراقییەیش، رایگەیاند: ئەگەر هەڕەشەکردنەکانی سەر لیستەکەمان بەردەوامبن، پەنا بۆ وڵاتانی دراوسێ دەبەین.

ئەم بارە نائاساییەی چاوەڕواندەکرێت لەچەند رۆژی داهاتوودا، ئاڵۆزبوونی زیاتر بەخۆوە ببینێت، کارێک نییە، هەروا لەخۆوە دروستبووبێت، هێندەی کە پاشخانێکی سیاسییو تائیفیو دەستوەردانی ئیقلیميو نێودەوڵەتی لەپشتەوەیە.

دەکرێت بڵێین: پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، لەبەردەم چەند ئەگەرێکدایە:

–لەجیاکردنەوەی سەرلەنوێی دەنگەکانی بەغدادا کە هەندێک سەرکردەی لیستی دەوڵەتی یاسا پێیانوایە، چوار کورسی تر مسۆگەردەکەن، بەمەش دەبنە یەکەمین لیستی براوەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی (٢٠١٠)و بەمەش عێراق رووبەڕووی قەیرانێکی تری ئاڵۆزدەبێتەوە کە سعودیەو سوریاو ئوردنو میسریش، ناڕاستەوخۆ هەوڵەکانیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێکی لەمجۆرەو پشتیوانیکردنو ئاڕاستەکردنی لیستی عێراقییە بۆ ملنەدان، چڕتردەکەنەوە.

هەربۆیە، هەر زیادبوونێکی دەنگەکانی لیستی دەوڵەتی یاسا کە بەهۆیەوە ببێتە یەکەمین لیستی براوەی هەڵبژاردنەکە، عێراق رووبەڕووی قەیرانێکی ئاڵۆزو دواخستنی چەند مانگێکی تری پێکهێنانی حکومەت دەکاتەوە، سەرباری خراپتربوونی رەوشی ئەمنیی لەسەرتاسەری عێراقدا کە بەدوور نازانرێت، ئەگەر لەداهاتوویشدا کورد بچێتە نێو چوارچێوەی شەراکەتکردن لەگەڵ لیستی دەوڵەتی یاسادا بۆ پێکهێنانی حکومەتو پەراوێزخستنی لیستی عێراقییە (کە بەشی هەرەزۆری ئەندامانیان سوننەن)، ئەوا بەدوور نازانرێت، هەرێمی کوردستانیش پزیسکی خراپبوونی رەوشی ئەمنیی بەربکەوێت.

بۆیە، تەنانەت ئەگەر جیاکردنەوەی دەنگەکان هیچ گۆڕانێکی لە سەنگی لیستە براوەکان (عێراقییەو دەوڵەتی یاسا)دا لێنەکەوێتەوە، ئەوا دیسانەوە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، دواکەوتن بەخۆوە دەبینێت، هەرچەندە هەندێک چاودێری سیاسیی پێیانوایە، لیستی عێراقییە پەرتبوون بەخۆوە دەبینێتو هاوکات ئێرانو مەرجەعی ئاینیی لەعێراق، فشارەکانیان بۆ سەر لایەنە ناکۆکەکانی شیعە لەپێناو یەکدەنگییو دروستکردنی گەورەترین لیستی پەرلەمانیدا چڕترکردووەتەوە، هەروەکچۆن چەند هەفتەیەک لەمەوبەر موقتەدا سەدری خاوەنی گەورەترین هێزی سیاسیی نێو لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی، رایگەیاندبوو «ئەگەر ئێران لەسەر فشارەکانی بەردەوامبێت، ئەو وڵاتە بەجێدەهێڵم...». ئەمەش، مانای وایە سەدر ئامادە نییە بچێتە ژێر فشاری وڵاتێکی زلهێزی وەک ئێرانەوە کە یاریزانی سەرەکییە لە گۆڕینی هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقدا.

هەربۆیە، بەدوور دەزانرێت لانیکەم تا سێ مانگی تر، حکومەتی داهاتووی عێراق پێکبهێنرێتو کارێکی زەحمەتیش دەبێت، یەکێک لەو دوو لیستە براوەیە پەراوێزبخرێن، یان سازش بۆ یەکتری بکەن. سەرەڕای ئەوەی پێشتر هاوپەیمانیی کوردستانیش رایگەیاندووە، ناچێتە هیچ هاوپەیمانییەکەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، ئەگەر بێتو تیایدا یەکێک لەچوار لیستە سەرکەوتووەکە (عێراقییە، دەوڵەتی یاسا، ئیئتیلافی نیشتمانیی، هاوپەیمانیی کوردستان) پەراوێزبخرێنو ئەمەش هێندەی تر کێشەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو ئاڵۆزتر دەکات.

ئەگەر لەباشترین حاڵەتیشدا هەرکام لە دەوڵەتی یاساو عێراقییە لەسەر پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک وەزیران، سازش بۆ ئەویتریان بکات، ئەوکات بەدوور دەزانرێت، ئەم سازشکردنە بگاتە ئاستی سازشکردن لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار، هەربۆیە، ئەمجارە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق لەلایەن کوردەوە، ئەگەرێکی قورس دەبێت، ئەمەش لەو سۆنگەیەوە، ئەگەر بۆ نموونە لیستی عێراقییە سازشی لەسەر پۆستی سەرۆک وەزیر کرد، سازش لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار ناکاتو کاندیدیشی بۆ ئەو پۆستە هەیە، سەرباری ئەوەی لەکوردستانیش، لانیکەم لیستی گۆڕان، لەسەر دەنگدان بە تاڵەبانی وەک کاندیدێکی دیاریکراوی هاوپەیمانیی کوردستان بۆ ئەم پۆستە، یەکلایی نەبووەتەوە.

هەربۆیە، ئەم قەیرانەی ئێستا عێراقی پیا تێپەڕدەبێت، لەدەرەنجامدا بە زیانی کورد تەواودەبێت، ئەمەش لە رووی مەسەلەکانی سازشکردنی کابینەی داهاتووی عێراق بۆ جێبەجێکردنی داواکانی کورد، لەچوار ساڵی داهاتووی حکومەتی نوێی عێراقدا (وەک مەرجی پێشوەختەی کورد بۆ چوونە نێو حکومەتەکەوە)و هەروەها بەدەستهێنانەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار.

بۆیە، هەر چارەسەرکردنێکی ئەم کێشانەو مانەوەی کاریگەریی کورد لەهاوکێشەی سیاسیی چوار ساڵی داهاتوودا لەعێراق، یەکێک لە ئەگەرە لاوازەکان دەبێتو بەدووریش نازانرێت، لەهەڵبژاردنی چوار ساڵی داهاتوودا، دیسانەوە جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠)، بکرێتەوە دروشمی هەڵبژاردن!

## حاکم شێخ لەتیف:
# گوتاری حیزبیمان گۆڕی بۆ گوتاری نەتەوایەتی

سازدانی: ڕۆژنامە

**حاکم شێخ لەتیف، یەکێک لە ئامادەکارانی پەیڕەوی ناوخۆی هاوبەندی لیستە کوردییەکان بۆ پەرلەمانی عێراق. لەم چاوپێکەوتنەی ڕۆژنامەدا باس لە دواقۆناغی کارەکانی لیژنەکە دەکات، هەروەها حاکم شێخ لەتیف، کە پەرلەمانتاری هەڵبژێردراوی لیستی گۆڕانەو پسپۆڕی یاسای دەستوورییە، باس لەوەدەکات، کە یەکێک لە کارەکانی ئەو هاوبەندییە لەمەودوا لێپرسینەوەی جدیی دەبێت لە نوێنەرانی کورد لەناو دامودەزگاکانی حکومەتی عێراقدا.**

**ڕۆژنامە: مانگێک زیاترە خەریکی گفتوگۆن لەگەڵ لیستە براوەکانی دیکە بەمەبەستی دانانی بەرنامەیەک بۆ کارکردنی کورد لەگەڵ بەغدا، ئێوە کە نوێنەرایەتی گۆڕان دەکەن، چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانن؟**

* دیارە ئێمە وەک بزووتنەوەی گۆڕان هەر لە سەردەمی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا لەسەر زاری بەڕێز نەوشیروان مستەفا ڕاگەیاندرا، کە ئێمە لەبەغدا لەسەر هەموو مەسەلە نیشتمانیی و نەتەوەییەکان هاوهەڵوێست دەبین، ئەمەش وەکو لێکدانەوەیەک بۆ هەندێک لایەن کە پڕوپاگەندەیان دەکرد، کە گۆڕان دەیەوێت درز بخاتە یەکریزیی کوردەوەو وەکو پڕوپاگەندەیەکی هەڵبژاردن بەکاریاندەهێنا، دوای هەڵبژاردنیش یەکەم کەس بوو موبادەرەی کرد، یەکەم لایەن بوو، دوای ئەوەی دەرئەنجامەکان دەرکەوتن و بەڕێز سەرۆکی هەرێم موبادەرەی کرد، بەوەی کە لایەنە براوەکان، لایەنە کوردییەکانی کورسییان بردووەتەوە لەبەغدا، دانیشین و قسە بکەین لەسەر یەکخستنی گوتارێک، ئێمەش بەپیر ئەوەوە چووین، ئەوەبوو سەرئەنجام ئێستا ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردییەکان پێکهات و پەیڕەوێکی ناوخۆمان نووسیوەتەوەو لە کۆبوونەوەی داهاتوودا هەندێک شت ماوە کە دەشێت دەستکاریی بکەین و ئیتر بینێرین بۆ سەرۆکی هەرێم.

**ڕۆژنامە: پێش ئەوەی وردتر باسی پەیڕەوە ناوخۆکە بکەین، بۆچوونێک هەیە دەڵێت ئێوە وەکو بزووتنەوەی گۆڕان ملتان بۆ داخوازیی و سیاسەتەکانی هەردوو لایەنە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم داوەو چوونەتە ژێر چەتری ئەوانەوە، ئایا ئەمە ملدان بوو یان فیعلەن ئێوەش توانیتان لەو مشتومڕ و گفتوگۆیانەدا بەرنامە سیاسییەکەتان جێ بکەنەوە؟**

* بەپێچەوانەوە نەک ملدان نەبوو، بەڵکو ئەوەی ئێستا بەرهەمهاتووە موبادەرەیەکی گۆڕانە بۆ ئەوەی ئێمە لە بەغدا لەسەر هەموو مەسەلە نەتەوایەتیی و نیشتمانییەکان هاوهەڵوێست بین، زۆرینەی خەڵکی کوردستان پێی خۆشە کە کورد هاوهەڵوێست بێت لە بەغدا، بەڵام ئێمە کە بە هاوهەڵوێستی ڕازی بووین کۆمەڵێک مەرجمان هەبوو، دەشێت باسیان بکەین، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئێمە باسی وردەکاریی پەیڕەوی ناوخۆکەو چۆنێتی وەرگرتنی بڕیار بکەین، تیایدا دەردەکەوێت هەموو لایەنەکان یەکسانن، مەسەلەی ئەوەمان نەهێشتووەتەوە لایەنێک میحوەر بێت و لایەنێک پاشکۆ، لایەنێک خۆی بە تەوەرە بزانێت و لایەنەکەی دیکە پاشکۆ، بەپێچەوانەوە ئەمجارە توانیومانە لە واقیعدا هەم ئەو هاوهەڵوێستییە دروستبکەین، کە بۆ بەغدا هەموو کەس دەیخوازێت، لەهەمانکاتیشدا میکانیزمێکمان دۆزیوەتەوە کە تیایدا دەبێت ئەو مەسەلە نیشتمانیی و نەتەوەییانە دیاریبکەین، چین، هەروەها ئەو مەرجانەی ئێمەش بۆ مەسەلە نیشتمانیی و نەتەوەییەکان هەن، چین، دیاریمان کردوون، هەروەها بڕیار وەرگرتنیش بە کۆدەنگییە، ئەگەر لایەنێک ڕازی نەبێت، نابێت بە بڕیار، کەوابێت دەبێت بۆ ئەوەی بزانین مەسەلەکە نیشتمانیی و نەتەوایەتییە بۆ ئەوکاتە بەرگریی لێبکەین، دەبێت هەموومان بەرگریی لێبکەین، ئەمەش بەڕاستی ئەو بەڵێنەی گۆڕان کە زوو لە بانگەشەدا بەخەڵکی دابوو، کە ئێمە گوتاری حیزبیی دەکەین بە گوتاری نەتەوەیی ئێستا لەمەدا بەدیهاتووە، چونکە جاران بۆ نموونە زۆر ئاسان بوو ئەمریکا یان ئەو لایەنانەی دیکە کە بیانویستایە فشار لە کورد بکەن، فشاریان لەلایەنێک دەکرد یان لە کەسێک دەکردو بڕیاریان لەو وەردەگرت، ئیتر بەئاسانیی دەبوو بە بڕیاری کورد، بۆیە لاوازترین حەلقە لە حەلقە پێکهاتەکانی عێراق کورد بوو، ئەمجارە نەخێر، ئێمە دەڵێین دەبێت ئەو مەسەلە نیشتمانیی و نەتەوەییانە بە کۆدەنگیی بڕیاریان لەسەر بدەین.

دووەمیش بۆ مەسەلەی فشار، کە هەر وەختێک فشارمان بۆهات هەموومان بڕیاردەدەین تا کوێ قبووڵ بکەین و نەیکەین، ئەگەر لایەنێک بە تەنیا خۆی قبووڵی کرد، ئەوا بڕیاری نەتەوەیی نییەو بڕیاری تاک لایەنە، لەبەرئەوە ئەم میکانیزمەو بەشداربوونی گۆڕان ڕێک ئەو بەڵێنەی سەلماند کە بەدەنگدەرانی داوە.

**ڕۆژنامە: دەتوانین بڵێین گۆڕان کاریگەریی بەرچاوی هەبووە لە پێکهێنانی ئەم یەکهەڵوێستییەداو دروستبوونی گوتاری نەتەوەیی، کە پێشتر وا دەوترا کە پەیوەندیی نێوان بەغداو هەرێم لەپەیوەندیی نێوان بەغداو دوو حیزبدا چڕبووەتەوە، بەڵام ئێستا جۆرێک لەپەیوەندییەکان بە سیستەم کراوە؟**

* بەڕاستی ئەمە یەکەمجارە کورد بە بەرنامەوە دەچێت بەرەو بەغدا، یەکەمجارە کورد پێش ئەوەی بڕوات بۆ بەغدا بەرنامەیەک بۆ وەفدەکەی ئامادە بکات، ئەمە خاڵی یەک، دووەم: مەسەلەی ئەوەی کە گۆڕان ڕۆڵی هەبووە لەوەی کە ئەم گوتارە والێبکات، بەڵێ بە دڵنیاییەوە ڕۆڵی هەبووە، چونکە ئێمەو لایەنەکانی دیکەش هەر ئێمە نا، لەوانەیە گۆڕان گوڕێکی دابێت بە لایەنەکانی دیکەش، توانیومانە میکانیزمێک دابڕێژین، کە دواجار دەتوانین لە میکانیزمەکەدا لێی هەڵهێنجین کە چۆنە، ئایا ئەو کارکردنە لە کارکردنی حیزبییەوە دەگۆڕێت بۆ کارکردنی نەتەوەیی، لەهەمووشی گرنگتر بەڕاستی پیادەکردنە لە داهاتوودا، ئایا لایەنەکانی دیکە هەموو لایەنەکان کار بەم پەیڕەوە دەکەین؟ ئەگەر کارمان پێکرد، بە دڵنیاییەوە کارکردنی حیزبیی کە لە ڕابردوودا کرا لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە دەگۆڕێت بە کارکردنێکی نەتەوەیی، خۆ ئەگەریش نەکرا، ئەوا ئێمە وەکو بزووتنەوەی گۆڕان موبادەرەی خۆمان کردووەو چووینەتە پێشەوە، ئەوەتا وەکو جەنابیشت دەڵێیت لەوانەیە هەندێک خەڵک ڕەخنەشی لێبگرێت، بەڵام ئەگەر لەپێناوی مەسەلە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکاندا بێت، چونکە بەڕاستی بۆ بەغدا جیاوازە وەکو لەوەی کوردستان، ئێمە ئەوەمان کردووە ئەگەر سبەینێ ئەوان پابەندنەبوون پێوەی، زۆر ئاساییە ئێمە لێی بکشێینەوە، یان ئێمەش لەو هاوبەندییە بێینە دەرەوە، ئەوکاتە خۆمان بەو شێوازەی کە خۆمان باوەڕمان پێیەتی، کاربکەین.

**ڕۆژنامە: هێڵە سەرەکییەکانی پەیڕەوە ناوخۆکەی هاوبەندی لیستە کوردستانییەکان چین؟**

* وەکو وتم ناوەکەی بەناوی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانەوە، ئەم فراکسیۆنە دروستدەبێت بۆ یەکخستنی هەڵوێستەکان لەناو پەرلەمانی بەغدایە لە چوارساڵی داهاتوودا



**لەمەودوا بە جدیی لێپرسینەوە لە نوێنەرە کوردەکانی بەغدا دەکەین**

لەنێوان ئەو کوتلانەی کە کورسییان بردووەتەوە، ئەم فراکسیۆنانە هەموویان سەربەخۆیی خۆیان دەپارێزن لەناو پەرلەماندا، هەریەکەیان کوتلەی خۆی و سەرۆکی کوتلەو بڕیاردەرو ئەو شتانەی خۆی دەبێت، بەڵام موجەڕەد ئەم ئیئتیلافە دروستدەبێت بۆ ئەوەی ببێتە هۆی یەکخستنی هەڵوێستەکان، دیارە سەرۆکایەتیکردنەکەی وا ڕێکەوتووین کە تیایدا بە دەوریی بێت، واتە ئەم پێنج حیزبە یەکێتی و پارتی و گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامیی و کۆمەڵ هەریەکەیان ماوەیەک سەرۆک بن و پۆستەکانی دیکەش هەموویان بە دەوریی بێت، بەڵام ئەمڕۆ بۆچوونێکی دیکەش هاتووەتە ئاراوە لەسەر ئەم مەسەلەیە.

**ڕۆژنامە: ئەو بۆچوونە تازەیە چییە؟.**

* لەئێستادا ئەو بۆچوونە باس ناکەین، چونکە جارێ زۆر نەخەملیوەو بەتەماین گفتوگۆی لەسەر بکەین، بڕیاردان لە ئیئتیلافەکەدا بە ئیجماعە، هەرلایەک ڕازی نەبوو، ئەو بڕیارە نابێت بە بڕیاری ئیئتیلافی کوتلەی کوردستانیی، ئەم هاوبەندییە مەسەلە ستراتیژیی و نەتەوایەتییەکان دیاریدەکات، لە مەسەلە ستراتیژیی و نەتەوایەتییەکاندا دەبێت بڕیار بەکۆدەنگیی بێت، لە مەسەلەکەی دیکەشدا هەرکەس بۆخۆی ئازادە چۆن بڕیاردەدات، مەسەلە ستراتیژیی و نەتەوایەتییەکانیش دیارە بۆخۆیان دیارن چین، بۆ نموونە لەسەرووی هەموویانەوە مادەی (١٤٠)ە، کارکردن بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانە، ئەوە هەموو کوردێک لەسەری کۆکە، هەروەها مەسەلەی بەرگریکردن لە بەشە بودجەی هەرێم.

**ڕۆژنامە: ئێوە بەبێ هیچ تێبینییەک لەگەڵ پارتی و یەکێتی بەرگریی لەم مافانەی خەڵکی کوردستان دەکەن؟**

* ئێمە خۆمان بە پارێزەری مافەکانی خەڵکی کوردستان دەزانین و سەرسەختانە بەرگریی لە مافە نەتەوەییەکانمان دەکەین، بەڵام ئێمە وەکو بزووتنەوەی گۆڕان، وتمان ئێمە بەرگریی لە بەشە بودجەیەک ناکەین کە لە ناوخۆدا شەفاف نەبێت، دەبێت بەڕاستی بودجە لە ناوخۆی کوردستاندا بە شەفافانە دەسەڵات مامەڵەی لەگەڵدا بکات و بۆ خەڵکی خەرجبکرێت و بزانین چۆن وەردەگیرێت و ئایا لە بەغدا بەڕاست (١٧٪)مان هەیە.

هەروەها لە مەسەلەی پێشمەرگە، کە مەسەلەیەکی ستراتیژیی نەتەوەییە، دەبێت بەرگریی لێبکەین، ئێمە بەهەمانشێوە ڕامانگەیاندووە، کە ئێمە بەرگریی لە چەکداری حیزب ناکەین، چەکداری حیزب پێشمەرگە نییە، پێشمەرگە پێشمەرگەی کوردستانە، دەبێت هێزێکی نیزامیی یەکگرتوو بێت و سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، بۆیە دەبێت وای لێبێت، ئەگەر وای لێنەیەت، سبەینێ لە پەرلەمانی کوردستان و لە پەرلەمانی بەغدادا ناکرێت بەرگریی لێبکەین، نابێت ئەو عوزرەش بدەین بەدەستەوە، ئەو قسەیەش ناخوات، ئەمە لەگەڵ قسەی شۆڤێنی یەکدەگرێتەوە، با بۆ خۆمان پێشی پێبگرین، دەبێت بەڕاستیش ئێمە هەموو هەلەکان بکەین بە فشار بۆ ئەوەی ئەم هێزە یەکبگرێتەوە، مەسەلەی گرێبەستی نەوت و گازیش بەڕاستی دەبێت بەشێوەیەک بێت، ڕاستە گرێبەستی نەوت و گاز تایبەتمەندیی خۆی هەیە لەهەموو دنیادا، هیچ نەبێت پەرلەمانی کوردستان لەناو دانیشتنی داخراویشدا بێت ئاگای لێبێت، لە داهاتەکەی، لە چۆنێتی، ئەمە هەموو مەسەلە بوو، هەروەها ڕێگرتن لە گۆڕانە دەستوورییەکان، کە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمە، ئەمە ئێمە دەڵێین نەخێر دەبێت ئەمانە ببن بە نەتەوەیی، ئەوە نەتەوەییکردنە، کە تۆ دەڵێیت پێشمەرگە ببێت بە هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوو، بودجە شەفاف بێت و بۆ خەڵک بێت، بۆ حکومەت بێت، لە حکومەتەوە بە شەفافیی خەرجبکرێت، کەوابێت ئەمە مەسەلە نەتەوایەتییەکانمان دیاریکرد، دەبێت لەپێشەوە بەرگریی لەم مەسەلە نەتەوایەتییانە بکەین، ئینجا بەڕاستی بڕۆین بەدوای پۆستەکاندا بگەڕێین، ئینجا کەسیش بدۆزینەوە بۆ پۆست، بەڕاستی پێویستەو واش ڕێکەوتووین کە لە هەموو بارودۆخێکدا نابێت کەسمان، ئەگەر بەیەکەوە بین یان بەیەکەوە نەبین، نابێت لەو مەسەلە نەتەوەیی و چارەنووسسازانە لابدەین.

**ڕۆژنامە: باست لەوەکرد کە بڕیارەکان بەکۆدەنگیی لە ئیئتیلافەکەدا دەدرێت و لیستەکان مافی ڤیتۆیان هەیە، ئایا ئەمە لە ڕووی سروشتی کاری سیاسیی و دیموکراسییەوە دەکرێت بۆ نموونە هێزێکی وەک کۆمەڵی ئیسلامیی کە خاوەنی (٢) کورسییەو پارتیش (٣٠) کورسی هەیە، وەک یەک دەسەڵاتیان هەبێت؟**

* مەبەستەکە بۆ مەسەلە نەتەوایەتییەکانە و هەموومان دەبێت ڕێکبکەوین لەسەر ئەوەی، بۆ نموونە مادەی (١٤٠) هەموو کورد دەبێت بەرگریی لێبکات، مەسەلەی پێشمەرگە ئەگەر خیلاف هەبێت بەو شێوەیەیە کە باسمکرد، مەسەلەی بودجە بەو شێوەیەیە کە باسمکرد، مەسەلەی ڕێگرتن لە گۆڕانە دەستوورییەکان، مەسەلەی گرێبەستی نەوت و گاز، واتە ئەمانە بەڵێ دەبێت هەموومان ڕێککەوین لەسەری، ئەگەر وا نەبێت مانای وایە بڕیاری ئیئتیلاف نابێت، ئەوکاتە هەرکەسەو بۆخۆی ئازادە چۆن بەرگریی لێدەکات، بەڵام مەسەلەی دیکەو لە مەسەلە لاوەکییەکاندا هەرکەس خۆی ئازادە.

هەروەها لە ڕووی ئیستحیقاقی هەڵبژاردنیشەوە ڕاستە ئەوە پرسیارێکی جدییە، بەڵام خۆ ئێمە ئەم فراکسیۆنەمان دروستکردووە بۆ هاوهەڵوێستیی، خۆ ئەگەر ڕێکنەکەوتین، دەشێت هەر لایەنەو بۆ خۆی بەوشێوەیەی کە دەیەوێت بەرگریی بکات، مادام لایەنەکانمان زۆر زیاتر بوون لە جاران، بەرامبەرەکانمان باشتر خۆیان ڕێکخستووەتەوە، بەڵام لە بەرامبەریشدا ئێمە کەمتر بووینەوە بە ژمارە، پێگەشمان لەوانەیە تۆزێک لاوازتر بووبێت، من پێموایە ئەم چوار ساڵە، چوارساڵی چارەنووسسازە بەڕاستی، بەتایبەتی بۆ مادەی (١٤٠)، یان بە ئیجابی بەلادا دەخرێت، یان بە سلبیی.

**ڕۆژنامە: چ بەرنامەیەکتان داناوە بۆ وەفدی دانوستکار، ئایا وەفدی دانوستکار پێکهاتەکەی، واتە هەر ئەو خەڵکانە دەبن هەر ئێستا لە بەغدا پۆستیان هەیە یان بەتەمای پۆست وەرگرتنن، مەسەلەکە چۆنە؟**


* نەخێر ئێمە بەرنامەیەکمان بۆ داناون، کە بەرنامەیەکی بەڕاستی حەدی ئەعلایە، بەتەماین حەدی ئەدناشیان بۆ دیاریبکەین، کە لەوە نەیەنە خوارێ، یەک دوو خاڵمان زیادکردووە، کە نابێت ئەوانەی لە وەفدی دانوستکارن، لە بەغدا پۆست وەربگرن، هەموو لایەنەکانیش دوو سێ کەسیان بەشدار دەبن لە وەفدەکەدا، ئیتر دەچنە بەغدا، بەڕاستی دەکەوێتە سەر ئەوان تا چەند دەتوانن ئەو شتانەی کە ئێمە نووسیومانەتەوە بیکەن، بەرنامەکانیش دوو تەوەرە، تەوەرێکیان لەسەر ئاستی هەموو عێراق، واتە ئێمە لەسەر ئاستی هەموو عێراق چیمان دەوێت، هەروەها تەوەری دووەمیشیان داواکارییە کوردستانییەکان، ئیتر هەموو ئەو شتانەن کە زۆربەی خەڵک دەیانزانێت و ئەماژەم بەهەندێکیان دا، هەروەها ئەمجارە مەبدەئێکی دیکەی باشیشمان دانا، ئەویش ئەوەیە مەبدەئی لێپرسینەوە، پێمخۆشە بڵێم لە ڕابردوودا وەزیرو ئەندام پەرلەمان چی کردبێت بە کەیفی خۆی بوو، بەڵام ئەمجارە دیارە هەم ئەم فراکسیۆنە کە دروستدەبێت یەکێک لە کارەکانیشی ئەوەیە، کە لە بەرپرسە حکومییەکانی کورد دەپرسێتەوە، ئاگاداری پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم دەکات، هەروەها مەبدەئێکیشمان داناوە کە نابێت هیچ لایەنێک لەسەر گەندەڵیی، لەسەر ئەوەی کە ئەو بەرپرسەی لەسەر ئەو حیزبەیە، لە حکومەتدا تێوەدەگلێت لەشتێکدا نابێت بە ناهەق دیفاعی لێبکات.

**ڕۆژنامە: بەهۆی ڕێکنەکەوتنی لیستەکانەوە عێراق توشی جۆرێک لەتەنگژەی حوکمرانی بووە، ڕوانینی ئێوە بۆ ئەم مەسەلەیە چۆنە؟.**

* من یەکەم پێموایە جارێ عێراق وەختی هەڵبژادرن و دیموکراتی نەهاتووە، واتە دەردەکەوێت بەڕاستی ئەوانەی ڕابردووش هەمووی بە زۆری ئەمریکا کرا، پێکهێنانی حکومەتیش بە فشاری ئەمریکا بووە، بۆ نموونە ئەم هەڵبژاردنە دەریدەخات، کە عێراق زۆری ماوە بۆ قبووڵکردنی دیموکراتی و قبووڵکردنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن، تێبینی بکە ئەوە عەللاوی کوتلەی زۆرترین دەنگە، مالیکی دەستبەرداری دەسەڵاتەکە نابێت، تەمەسوک دەکات بە سوڵتەوە بۆ ئەوەی کاربکاتە سەر دەرئەنجامەکان، عەللاویش وڵاتەو وڵات دەگەڕێت داوای تەدەخول دەکات، ئەمە ئەگەر کورد بیکردایە دەیانوت خائینە، بەڕاستی کورد دەبێت هەمیشە لەبیری بێت بۆ داهاتوو، کورد ئەم هەڵوێستەی عەللاوی و لیستی عێراقییەی بنواندایە، هەزار ناوو ناتۆرەیان بۆ دەنایەوە، بەئاشکرا دەڕوات بۆ وڵاتانی عەرەبی، دەڕوات بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان، دەڕوات بۆ ئەمریکا، دەڵێت: وەرن تەدەخولمان تێدا بکەن، تەبریراتیش دێننەوەو زۆر بە شانازیش باسی دەکەن، تەنیا لەپێناوی بەدەستهێنانی کورسی سەرۆک وەزیران، کورد ئەگەر لەپێناوی مافە نەتەوایەتییەکانیشدا بیکات، پێیدەڵێن خائینە، بۆیە من لەم ڕووانگەیەوە دەڵێم؛ ئەگەر فشاری جدیی ئەمریکا نەبێت حکومەت پێکنایەت، چونکە یەکەم بە بۆچوونی من مالیکی، یان شیعەکان بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابن عەللاوی بێتە سەر حوکم، ئەگەر عەللاویش پۆستی سەرۆک وەزیران وەرنەگرێت، یان دەکشێتەوە لە پرۆسەی سیاسیی، یان داوای دووبارەکردنەوەی هەڵبژردن دەکات، بکشێتەوە لە عەمەلیەی سیاسیی بەڕاستی لەوانەیە عێراق بەرەو شەڕی ناوخۆ بڕوات، نەک لەوانەیە (١٠٠٪) دەڕوات، دووبارە هەڵبژاردن بکات بەهەمانشێوە، ئەگەر بڕیاربێت هەڵبژاردن بکرێتەوە، من گومانم هەیە هەر هەڵبژاردن بکرێتەوە لەعێراقدا جارێکی دیکە، ئەگەر کراشەوە گرەنتی چییە تەزویر ڕوونەدات؟، تەزویریش ڕوونەدات گرەنتی چییە هەر ئەم دەرئەنجامانەی ئێستا نایەنەوە؟، ئەی گرەنتی چییە پێی ڕازی دەبنەوە جارێکی دیکە؟، لەبەرئەوە بەڕاستی ئەم ئەگەرانە هەموو ئەگەرە خراپەکانن، مەگەر فشاری ئەمریکا هەبێت بۆ بەیەکگەیاندنی عەللاوی و مالیکی، ئەگەر ئەم فشارە هەبێت دەشێت قەناعەتیان پێبکات، ئایا ئەمە بەڕاستی لە ڕووی نەتەوایەتییەوە بۆ کورد لەسەر حیسابی کورد دەبێت، واتە ئەو دوو لیستە ڕێکبکەون لەسەر حیسابی کورد دەبێت، چونکە ئەگەر بڵێین عەللاوی لە موعارەزە بێت و لەگەڵ مالیکی حوکم بکات، تۆ دەچیت لەگەڵ مالیکیدا ئامادەی پێکبێیت لەگەڵیداو مەرجەکانت جێبەجێ بکات، یان ئەگەر هەر عەللاوی لە حوکم بێت و پێویستی بەتۆ بێت، دەچیت مەرجەکانتی پێ دەڵێیت و بۆ ئەوەی (١٦٣)کەی لەگەڵدا پێکبێنی و بەشداریی حکومەت بکەیت و داخوازییەکانت بۆ جێبەجێ بکات، بەڵام ئەگەر ئەو دووانە بگەنە یەک، یەکەم: بێمنەت دەبن لە کورد، دووەمیش: تۆ هیچ نوقتە زوعفێک یان شتێک نییە، کە تۆ بتوانی مەرجەکانتی لەسەر فەرز بکەیت. ئەو شتانەی کە باسمانکردن لەبەرنامەکەیاندایە بۆت جێبەجێ بکەن، لەبەرئەوە بەڕاستی ئەمە هەرە ئیحتیمالە باشەکەیە، کە لە هەموویان خراپترە لە ڕووانگەی نەتەوایەتی کوردەوە.

**ڕۆژنامە: لە ئەگەری دروستکردنی حکومەتێکی ئیئتیلافی بنکە فراواندا، پێتوایە چانسی کورد بۆ چەسپاندنی زیاتری مەرجەکانی کەمتردەبێتەوە؟**

* بەڵێ بە دڵنیاییەوە من دەڵێم تەنیا یەکگرتنی عەللاوی و مالیکی ئیدی وا دەکات کە بەشداریپێکردنی لایەنەکانی دیکە ببێت بە بەشداریپێکردنێکی شەکلی، واتە تۆ لە دەورەی ڕابردوودا کورد هێز بوو، پارسەنگی هێز بوو، واتە پێویستیان پێت بوو، بۆ نموونە لە مەرحەلەیەکدا کورد بەس بکشایەتەوە حکومەت دەڕووخا، ئەگەر ئەم دووانە یەکبگرن پێویستیان بە کەسی دیکە نییە، بۆیە بەڕاستی بەشداریپێکردنی لایەنەکانی دیکە بەتایبەتی کورد، دەبێت بە شتێکی شەکلی، کە بووش بە شتی شەکلی ئیتر بەکەیفی خۆیان خێرو منەتت پێدەکەن، یان بۆت جێبەجێدەکەن یان بۆت جێبەجێ ناکەن، ئەوە ئەگەر تەنازولیشت پێنەکەن.



## نەریمان عەبدوڵڵا:

# حکومەت غەدر لە هێزەکانی ناوخۆ دەکات

سازدانی، پشتیوان سەعدوڵڵا

**نەریمان عەبدوڵڵا پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕانو ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجێییەکان لە پەرلەمانی کوردستان باس لەوە دەکات؛ هێزەکانی ناوخۆ بڕبڕەی پشتی پارێزگاریکردنی ئەمنیەتی هەرێمن، دەبێت لەڕووی مادییەوە بژێویی ژیانێکی پڕ ڕێزیان بۆ دابینبکرێتو ئەوەندە مووچەیان پێ بدرێت، کە پێویستیان بەهیچ شتێکی دیکە نەبێت، هەروەک پێیوایە؛ حکومەتی هەرێم ستەمی لە هێزەکانی ناوخۆ کردووەو بیانووی بەرپرسانی حکومەتیش فەلسەفەیەکی زۆر هەڵەیە.**



**ڕۆژنامە: ئەو ناعەدالەتییەی کە ئێوە زۆرجار باسیدەکەن لە مووچەی هێزەکانی ناوخۆدا هەیە، چییە؟**

* ناعەدالەتیی لە دەرماڵەی هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشو هێزەچەکدارەکانی هەرێم لەگەڵ هاوتاکانیان لە عێراق هەیە، لە عێراقدا دەرماڵەی خواردن بە بڕی (٢١٠) هەزار دینار دەدرێت بە هەموو هێزەچەکدارەکان، بەڵام لە هەرێم نادرێت، هەروەها جیاوازیی لە پلەو پایەی بەرپرسانی ئەمنی هەرێم لەگەڵ عێراق هەیەو جگەلەوە لە دەرماڵەی مەترسیدا جیاوازیی هەیە، بۆ نموونە پۆلیسی هاتوچۆ هەمووکات مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشیی هەیە، کەچی لە دەرماڵەدا جیاوازیی کراوە، تەنانەت جیاوازیی لە مووچەی پۆلیسیشدا هەیە.

**ڕۆژنامە: بوونی ئەو ناعەدالەتییو جیاوازییە، مانای پەراوێزخستنو گرنگینەدانە بە هێزە ئەمنییەکان؟**

* حکومەتی هەرێم گرنگیی بە هێزە ئەمنییەکان نەداوەو پشتگوێی خستوون، لە کاتێکدا ئەو هێزانە ئەرکی پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتییانو هەرێمی کوردستانیان لەئەستۆدایەو بڕبڕەی پشتی پارێزگاریکردنی ئەمنو ئاسایشی هەرێمن، پێویستە هێزە ئەمنییەکان لەڕووی مادییەوە بژێویی ژیانێکی پڕ ڕێزیان بۆ دابینبکرێتو ئەوەندە مووچەیان پێ بدرێت، کە پێویستیان بەهیچ شتێکی دیکە نەبێتو لەڕووی دەروونییەوە ئاسوودەبن،

**حکومەتی هەرێم گرنگیی بە هێزە ئەمنییەکان نەداوەو پشتگوێی خستوون، لە کاتێکدا ئەو هێزانە ئەرکی پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتییانو هەرێمی کوردستانیان لەئەستۆدایەو بڕبڕەی پشتی پارێزگاریکردنی ئەمنو ئاسایشی هەرێمن**

پێویستە ئەو هێزانە لە حکومەتی عێراق زیاتر مووچەیان پێ بدرێت، دەبێت ئەو هێزانە تێربن لە مووچە، بۆ ئەوەی بتوانن یاسا پەیڕەوبکەنو ئەرکەکانی سەرشانیان بە چاکی جێبەجێبکەن، چونکە بەبێ بوونی ئەو هێزانە ناتوانرێت هەرێمێکی ئارامو سەقامگیرو سیستمێکی دروست هەبێت.

**ڕۆژنامە: کەواتە دەتوانین بڵێین؛ حکومەتی هەرێم ستەمی لە هێزەکانی ناوخۆ کردووەو ئەو بیانووانەی کە دەیهێننەوە دروست نین؟**

* بەدڵنیاییەوە حکومەتی هەرێم غەدرو ستەمی لە هێزەکانی ناوخۆ کردووەو بەرپرسانی حکومەتیش بیانووی هەڵە دەهێننەوە، گوایە بودجەی هەرێم کەمەو بەش ناکات، هەروەها یەکێک لە بیانووەکانی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم لە یەکسان نەکردنی مووچەی هێزەکانی ناوخۆی هەرێم لەگەڵ هاوتاکانیان لە عێراق، ئەوەیە کە بەوپێیەی هەرێمی کوردستان لەڕووی ئەمنییەوە ئارامترە لە عێراق، بۆیە ئەرکی هێزە ئەمنییەکانی هەرێم ئاسانترەو پێوست ناکات مووچەکانیان یەکسان بێت، ئێمە پێمانوایە؛ لە بەرامبەر سەقامگیریی بارودۆخی ئەمنیی هەرێم، دەبێت هێزە ئەمنییەکانی هەرێم پاداشت بکرێن، نەک ستەمیان لێبکرێتو مووچەیان کەمبێت، حکومەتێک غەدر لە هێزە چەکدارەکانی بکات، ئیتر چۆن ئەو هێزانە دڵسۆزدەبن بۆ خاکو حکومەتەکەیان، ئەمە مەنتقو فەلسەفەیەکی زۆر هەڵەیە، چونکە حکومەت توانای هەیە مووچەکانیان زۆر زیاتر بکات.

**ڕۆژنامە: چۆن پەرلەمان ڕێگەدەدات ئەو جۆرە ستەمە لە هێزە ئەمنییەکان بکرێت؟**

* بەداخەوە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری گەل نینو نوێنەرایەتی حیزب دەکەنو تەنانەت هەندێک ئەندام پەرلەمان بەپێی بەرژەوەندیی تاکەکەسو حیزب کاردەکەن، ئەمە وادەکات ئەندامانی پەرلەمانو پەرلەمان بەشێک لە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی لابداتو بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە حیزبییەکان چاوپۆشیی بکات، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی پەرلەمانتار بە ویژدانێکی بێخەمەوە دەنگ بەو نارەواییو ناعەدالەتییە بدات، ئەمەش لە سنوورلادانی کاری ئەندام پەرلەمانییە، لەکاتێکدا پەرلەمانتار نوێنەرایەتی گەل دەکات بە هەموو چینو توێژەکانییەوە.

**ڕۆژنامە: بۆچی زیاتر فراکسیۆنی گۆڕان داکۆکیی لەو هێزانە دەکات؟**

* من وەکو ئەندامێکی لیژنەی ناوخۆ بە شەرەفی پیشەییو ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم، کە داکۆکیی لە مافی هێزەکانی ناوخۆ بکەمو بەوپێیەی زیاتر لە (١٥) ساڵ لە ناو هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشدا کارمکردووەو زیاتر ئاگاداری واقیعی ژیانیانم، پێش پەسەندکردنی بودجەو تەنانەت ئێستایش لە هەوڵدام بۆ نەهێشتنی ئەو ناعەدالەتییەو یەکخستنی مووچەی هێزەکانی ناوخۆی هەرێم لەگەڵ هاوتاکانیان لە حکومەتی عێراق، ئەمە ستراتیژی فراکسیۆنی گۆڕانە لە پەرلەمانی کوردستان، ئەو کاتەی بودجەی ئەمساڵ هاتە پەرلەمان، ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان هەستمانکرد ناعەدالەتییەک لە مووچەی هێزەکانی ناوخۆی هەرێم لەگەڵ هاوتاکانیان لە بەغدا هەیە، داوامانکرد ئەو ناعەدالەتییە چاکبکرێتەوەو یەکسانیی هەبێت، لەسەرەتاوە ئەندامانی لیژنەی ناوخۆ لە لیستی دەسەڵات ڕازیبوون، بەڵام دواتر پاشگەزبوونەوە، لەلایەکی دیکەوە دوای ڕەوانەکردنی بودجە بۆ لای سەرۆکی هەرێم، ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان داوامان لە سەرۆکی هەرێم کرد، پرۆژەیاسای بودجە پەسەند نەکاتو بیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان، بۆئەوەی ئەو کەموکوڕییانە چارەسەر بکەین، بەڵام داواکارییەکەمان قبووڵ نەکرا.

**ڕۆژنامە: ماوەی چەند ساڵێکە بەڵێنی یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایش بە خەڵک دەدرێت، بەڵام تائێستا یەکنەخراونەتەوە، ئەم مووماتەڵەکردنە چی مانایەکی هەیە؟**

* جیاوازیی ستراتیژو کاری هەردوو حیزبەکە هۆکارە بۆ یەکنەخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایش، جگەلەوە هەردوولا یەکتر قبووڵناکەنو تائێستاش ئەو هێزانە هێزی حیزبینو هەریەکەو ئەجێندایەکی سیاسیی خۆیان هەیە، لە ساڵی (٢٠٠٤)دا لە پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٤٦) دەرچوو، بەڵام هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی کار بەو یاسایە ناکەنو لە ڕێگەی کەسە یەکەمەکانی یەکێتییەوە ئاراستە دەکرێنو هیچ یاسایەکیان نییە کاری پێکبەن، هێزەکانی هەولێرو دهۆک کاری پێ بکەن، ئەمە کاریگەریی زۆری دەبێت بۆ لەدەستدانی شەرعیەتی ئەو هێزانە، ئێمە پێش پەسەندکردنی بودجە داوای یەکخستنەوەی ئەو دەزگایانەمان کردو ناڕازیبووین لە تەرخانکردنی دوو بودجە بۆ دەزگای ئاسایش، بەڵام بەداخەوە پەرلەمانتارانی لیستی دەسەڵات بە ئاراستەی سیاسیی حیزبەکانیان کاریان دەکرد، لە کۆبوونەوەی لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ بەرپرسانی ئاسایشدا داوایان لێکردین، کە مۆڵەتی (٣) مانگیان پێ بدەین تا یەکدەگرنەوە، بەڵام لەکاتی پەسەندکردنی بودجەدا وادەکە بۆ مانگی حوزەیران درێژکرایەوە.

**ڕۆژنامە: پێتوایە ئەو کاتەی بۆ یەکخستنەوەی ئەو دوو دەزگایە دانراوە، دەزگاکانی ئاسایش یەکبخرێنەوە؟**

* هەرچەند هێشتا وادەی یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایش کۆتایی نەهاتووە، بەڵام پێموانییە لەو ماوەیەدا یەکبگرنەوە بەو شێوەیەی، کە ئێمە دەمانەوێت، چونکە تائێستا لەڕووی پراکتیکییەوە ئامادەکاری بۆ یەکخستنەوەکە نەکراوەو بەجدیی کاری بۆ ناکرێت.

**ڕۆژنامە: نەبوونی یاسایەک بۆ هێزەکانی ئاسایش، تاچەند بۆ کەمتەرخەمیی پەرلەمانی کوردستان دەگەڕێتەوە؟**

* لەکاتی گفتوگۆکردنمان لەگەڵ بەرپرسانی دەزگای ئاسایشدا پێیانڕاگەیاندین؛ کە سەرقاڵی ئامادەکردنی پڕۆژەیاسایەکن بۆ یەکخستنەوەی هەردوو دەزگاکە، بەڵام نازانین ئەو هەنگاوە گەیشتووەتە کوێ؟، هەم حکومەتو هەم پەرلەمانی کوردستان کەمتەرخەمن لە نەبوونی یاسایەک بۆ هێزەکانی ئاسایش، ئەرکی لیژنەی ناوخۆو پەرلەمانە بەجدیی کار بۆ دەرکردنی یاسایەک بکەن، یان دەبێت پەرلەمان فشار بخاتە سەر حکومەت بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەیاسایەک.

## عەبدولڕەحمان زاخۆیی:

# لە بادینان ڕێگریی لە چالاکییەکانمان دەکرێت



سازدانی: ئارام محەمەد

**عەبدولرحمان زاخۆیی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە سنووری بادینان باس لەوەدەکات، کە هەندێکجار لەلایەن بەرپرسانی ناوچەکەوە ڕێگریی لەبەردەم چالاکییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکرێتو ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات، کە لەماوەی ڕابردوودا چەندین کێشەو سکاڵای هاوڵاتییانی ناوچەکەیان گەیاندووەتە پەرلەمان.**

**ڕۆژنامە: لەماوەی ڕابردوودا کە وەک پەرلەمانتاری گۆڕان لەو سنوورە دەستبەکاربوویت، تاچەند هەوڵتداوە نارەزاییو گرفتەکانی خەڵک بگەیەنیتە ناو پەرلەمان، یان لیژنەکانی پەرلەمان، ئەو هەوڵو کارانە چین؟**

* تا ئێستاو بەردەوام هەوڵمانداوە، وەک نوێنەری خەڵک لەنزیکەوە ئاگاداری کێشەو گرفتەکانی خەڵک بین، هەروەها لای خۆمان ئەو گرفتانەمان بەرزکردووەتەوە بۆ لیژنەکان لە پەرلەمان، هەروەها سەردانمان هەبووە بۆ چەندین شوێنی جیاواز بۆ لای چینە جیاوازەکانو هەوڵی تەواومان داوە بۆ ئەو گرفتانەی کە لەزاخۆ پێویستە چارەسەر بکرێن، بۆنموونە: پێویستیی سنوورەکە بەبینای قوتابخانە، چونکە ئێستا زۆرینەی قوتابخانەکان دوو یان سێ دەوامیان تیادا دەکرێت، گرفتێکی دیکە لە زاخۆ بریتییە لە خراپیی ڕێگاوبانی گەلی زاخۆ کە بەردەوام ڕووداوی دڵتەزێنی هاتوچۆی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش بە تونێلێک یاخود تەختکردنی ئەو بەرزییو نزمییانەی کە هەن، چارەسەردەبێت، هەروەها کێشەی چەند گوندێکی سەر بە قەزای زاخۆ، کێشەکانی گوندێکی سەر بەناحیەی ڕزگاری گەیەنرانە پەرلەمان، کێشەیەکی دیکە دروستبوو

**بەڵێندەدەین، لەخزمەتی خەڵکی سنوورەکەماندا بین، پارێزەری دەنگی خەڵکی سنوورەکەمان بین لە پەرلەمان**

لەنێوان ئەوقافی زاخۆو مامۆستایەکی ئایینیدا کە کێشەکەمان گەیاندە لیژنەی ئەوقافی پەرلەمانو نەمانهێشت ئەو مامۆستایە فەسڵ بکرێت، چەندین کێشەی دیکە. ئێمە دەڕۆینە ناو خەڵک بۆئەوەی لەنزیکەوە ئازارو کێشەو داواکارییەکانی خەڵک بگەیەنینە پەرلەمانو سەرووی خۆمانو لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**ڕۆژنامە: لە سنووری بادینان، بارودۆخی بزووتنەوەی گۆڕان چۆنە، بەتایبەت زاخۆ کە بەڕێزت پەرلەمانتاری ئەو ناوچەیەیت، تاچەند گەشبینیت بە داهاتووی بزووتنەوەی گۆڕان؟**

* زۆر گەشبینم بەرامبەر بزووتنەوەی گۆڕان لەکوردستان بەگشتییو لە سنووری بادینان بەتایبەتی، وای دەبینم کە لەچوار ساڵی داهاتوودا، بزووتنەوەکەمان ئەگەر نەبێتە هێزی یەکەم، ئەوا بەدڵنیاییەوە هێزی دووەمە، چونکە لە ڕاستیدا، ئێستا لە کوردستاندا گۆڕان بووەتە پێویستییەکی زۆر، هەروەها ئەگەر خۆمان نەگۆڕین، زیانێکی گەورە بەر میللەتەکەمان دەکەوێت، چونکە لە ئێستادا گەندەڵییەکی زۆر هەیە.

**ڕۆژنامە: بڕوات وایە، سەرکەوتنەکانی بزووتنەوەی گۆڕان درێژەیان دەبێتو متمانەی زیاتری خەڵک بەدەستدەهێنێت؟**

* پێموایە، کاروانی سەرکەوتنەکانی بزووتنەوەی گۆڕان درێژەی دەبێت، بەتایبەت کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانمان لە پێشە، هەروەها بڕوام وایە، لەم هەڵبژاردنەشدا خەڵکی ڕۆشنبیرو تێگەیشتوو لە پڕۆژەی گەورەی بزووتنەوەی گۆڕان زیاتر دەبێت بەتایبەت لە سنووری بادینان.

**ڕۆژنامە: ئەو گرفتە سەرەکییانە کامانەن کە بۆ لایەنگرانی بزووتنەوەی گۆڕان دروست دەکرێن لەو ناوچەیە؟**

* چەندین گرفتی جۆراوجۆر بۆ لایەنگرانی بزووتنەوەی گۆڕان لەسنووری بادینان دروستکراون، بەتایبەت لەماوەی هەڵبژاردنی پێشوودا، بۆنموونە: ڕێگریی بەرامبەر دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گۆڕان لەسنوورەکەدا، پێنەدانی خانوو بۆ بارەگای بزووتنەوەکە، لێکردنەوەی پۆستەرەکانی لیستی گۆڕانو نەهێشتنی سەربەستی بانگەشەی هەڵبژاردن.

**ڕۆژنامە: هەست دەکەیت کە ڕێگریی ئاشکرا هەیە لەبەردەم کاری نوێنەرانی لیستی گۆڕانو لایەنگرانی ئەو لیستەدا لە سنووری بادینان؟**

* بەڵێ، وەک ئاماژەم پێکرد، ڕێگریی هەیە لەبەردەم چالاکییەکانی بزووتنەوەکەماندا، بەتایبەت بۆ ڕاگەیاندنەکانمان، بۆنموونە لە (٣/٥)دا لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، تەقە لە لایەنگرانمان کرا لە دەڤەری بەرواری باڵا، هەروەها بەردەوام ئەو فشارە هەیە لەسەر لایەنگرانمان.

**ڕۆژنامە: لە سنووری زاخۆ، خەڵک چۆن پێشوازی لە چالاکییەکانی گۆڕان دەکەن، بەڵێنی چی بەخەڵک دەدەن لە کارەکانی داهاتووتاندا لەپەرلەمان بۆ سنوورەکەتان؟**

* بەڵێندەدەین، لەخزمەتی خەڵکی سنوورەکەماندا بین، پارێزەری دەنگی خەڵکی سنوورەکەمان بین لە پەرلەمان بۆ چەسپاندنی مافەکانیان، هەروەها پاراستنی هاوڵاتییانو دورخستنەوەی هەستی مەحسوبییەتو مەنسوبییەت، هەروەها هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی گەندەڵیی سیاسیی، ئیدارییو عەسکەری. بەو ڕۆحەشەوە دەچینە ناو خەڵکی خۆمانو خەڵکی ناوچەکەش پێشوازیی گەرم لە بزووتنەوەکە دەکەن، بەتایبەت گەنجانو قوتابییانو خەڵکانی ڕۆشنبیر.

# ـــێت چـى بـكـات؟

# ـــەوەی گۆڕانن، بەڵام هێشتا وەک سەربازێک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت

**ئەوەی تێبینی دەکرێت لە هەڵسوکەوتی گۆڕاندا، پەلەپەل، یان پشووکورتییە**

**بەرامبەر گۆڕانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی، بەڵام گۆڕانی راستەقینە کاتخایەنە**

**ئەوەدایە، خۆی ئۆرگانیزە بکات. بە رای ئێوە ئەم بزووتنەوەیە چۆن هەنگاو بنێت بەرەو دروستکردنی فەلسەفەی پارتێکی رامیاریی نوێ کە سیمای لە پارتێکی مۆدێرنی شێوە ئەورووپی بچێت؟**

* پارتی سیاسیی مۆدێرن، پارتێکە کە رەگی لە بەشێک یان چەند بەشێکی کۆمەڵگادا هەیەو خاوەن دیدو پلان‌و ئایدۆلۆژیای خۆیەتی‌و هەڵگری مانیفێستێکە. هەموو ئەمانە بەرجەستەکردنی ئەو بیرۆکەو بەرژەوەندییانەن کە پارتەکەی لەسەر بونیادنراوە، بۆیە دەبێت گۆڕان بایەخ بە وشە بدات، نەک کەس. بتوانێت ئامێرێک بهێنێتە ئاراوە کە بوار برەخسێنێت بۆ هەموو دیدێک. ئەم ئامێرە هەمیشە لە کارکردندابێت، نەتوانرێت بە کەسێک یان پیرێک یان باڵێک بکوژێنرێتەوە. دەبێت گۆڕان بۆئەوەی پارتێکی باوەڕپێکراوبێت بۆ بەدیهێنانی گۆڕان، ئەوا دەبێت لە هەناوی خۆیدا بەردەوامو هەمیشە گۆڕان ئەنجامدات. بە رای من، گۆڕان کاتێک دەبێتە پارتێکی سیاسیی، وا باشترە ناوی خۆی بگۆڕێت‌و گۆڕان لە ناوەوە بکاتە ئامانج.

ئێمە دەزانین، خەڵکی کورد لە پێکهاتەیەکی کۆمەڵگاییدا ناژین، ئەمە وەهایکردووە کە سیاسەتکردنی راستەقینە، کارێکی مەحاڵ بێت، بەڵام دەکرێت بزووتنەوەی گۆڕان کار بۆ گۆڕانی ئەم بونیادانەش بکات. لە دونیای ئێمەدا، خەڵک بە شێوازێکی ناسیاسییانە سیاسین. بۆئەوە ناچنە نێو حیزبێک یان دەزگایەک بۆئەوەی خەمی کۆمەڵگا بخۆن، بەڵکو بۆئەوەی بژێویی خۆیان‌و خێزانەکانیان دابینکەن. ئەم نەریتە خراپە سیاسەتکردنی کردووەتە کار یان پیشە، بۆیە سیاسەتکردن مانای بەشداریکردن نییە لە باشترکردنی کۆمەڵگادا، ئەمەش کاری گۆڕان گران دەکات، بەڵام دەبێت بزووتنەوەی گۆڕان خۆی لێبپارێزێت‌و بەرهەڵستی بکات.

دەبێت خەمی ئەم پارتە دروستبووە، ئەورپیبوون نەبێت، بەڵکو کوردبوون بێت، چونکە هێنانی دروشمی رۆژئاواییانە هێندە کاریگەری نابێت. (ئەزموونی بێت، رەنگە دەرئەنجامی حیزبی شیوعی، وەک نموونەیەک بە سوودبێت)، رەنگە ئەگەر گۆڕان بۆ شێوازی ئەورووپی پارتی سیاسیی دەڕوانێت، ئەوا شێواز زۆرن، چونکە هەر پارتێکی سیاسیی بەپێی ئایدۆلۆژیاکەی ستراکتۆری، خۆی بونیاد دەنێت. هەردوو شێوازی چەپ‌و راست، کۆن‌و ژەنگاویی‌و بێکەڵک بوون. (ئەمڕۆ دونیای رۆژئاوا بە تایبەت‌و دونیا بە گشتیی لە دۆخێکی پوچگەراییدا دەژی، دەربارەی سیستمی سیاسیی، بە تایبەت کە هەردوو سۆشیالیزم‌و کەپیتالیزم بە خراپی تووشی شکست بوون).

دەبێت گۆڕان، لە پارتێکی وەک سەوزەکان بنوارێت بۆ مۆدێل، بەڵام بە ئاگاییەکی زۆرەوە، چونکە ئەم مۆدێلە پێویستی بە کورداندن هەیە وەک هەر مۆدێلێکی دیکە. دیارە لای گۆڕان روونە کە دەیەوێت پارتێکی ستالینی نەبێت‌و ستالینی نەبوون یانی فرەناوەند، فرەڕا، فرەدید. (لە راستیدا، شیوعییەت وەک شێوازێکی دۆگماو کاڵفام لە رێکخستنی کۆمەڵگاو سیاسەت، تائێستا بەرپرسە بەرامبەر ئەو خواستە دیکتاتۆرییانەی کە لە دونیای سیاسەتی ئێمەدا باوە). ستالینییەت یانی کەسێک یان چەند کەسێکی کەم، خاوەنی هەموو بڕیارەکان بن‌و بزووتنەوەکەش ببێتە ئامرازی فەراهەمکردنی ئەو بڕیارانە، بۆیە ناستالینییەت یانی ئەو رێکخراوە، یان حیزبە کە دەبێت هەموو بزووتنەوەکە بڕیاربدات‌و هەموو بزووتنەوەکەش هەوڵی فەراهەمکردنی بدەن. ناستالینییەت یانی نوێبوونەوە، نەبوونی جەستەی کەسێک بە جەستەی حیزب. کێشەی تەماهی بوونی جەستەی حیزب‌و جەستەی کەس، گەورەترین تراژیدیای سیاسەتکردنە لە رۆژهەڵاتدا. نابێت جەستەی حیزب پیربێت، دەتوانرێت لە پیربوون بپارێزرێت، بەڵام جەستەی کەس پیردەبێت‌و ناتوانرێت لە پیربوون بپارێزرێت. پیربوون یانی دروستبوونی بۆشایی لەگەڵ نوێدا، لەگەڵ لاودا، لەگەڵ تازەدا.

هەستدەکەین کە گۆڕان سڵدەکاتەوە لە زاراوەی حیزب، چونکە ئەم زاراوەیە بە جۆرێکی وەها لە ئاگایی خەڵکدا ناشیرین بووە، کە ناوێرێت بەکاریبهێنێت، بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەوەی لە دونیای سیاسیی کوردیدا هەیە، هەموو شتێکە، حیزب نەبێت، بۆیە دەبێت گۆڕان بە دوای سیستمی بە حیزببووندا بگەڕێت، ئەگەر بێت‌و ناویشی نەهێنێت، چونکە هەم سیستمی دیموکراسی‌و هەم ئەو سەختیانەی ئەم بزووتنەوەیە رووبەڕووی دەبێتەوە، پێویست بەوە دەکات کە گۆڕان ئۆرگانێکی حیزبی مۆدێرن بێت.

دەبێت گۆڕان هەڵگری بەهاکانی مۆدێرنە بێت، بەڵام بە تەبایی لەگەڵ نەریتە باشەکانی کۆمەڵگای کوردیدا. بەهای مۆدێرنەی وەک بایەخدان بە مرۆڤ، بە مافەکانی، بە بەهاکانی، خولقاندنی بوار بۆ مرۆڤبوونی لە رووی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەوە، بۆیە ئەگەر گۆڕان دەخوازێت، گۆڕانخوازبێت، ئەوا دەبێت بە دوای زەمینەکانی گۆڕاندا بگەڕێت لە مرۆڤ‌و کۆمەڵگاداو برەویان پێبدات، کاریان لەسەر بکات.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە دەبێت گۆڕان جەختی لەسەربکات، ئەوەیە کە سەرکردایەتی ئێستای ئەم بزووتنەوەیە، تەنیا بزوێنەری ئەم بزووتنەوەیەن، نەک خاوەنی. هێشتا ئەم دیدە لە کۆمەڵگای کوردیدا روون نییە، چونکە مێژووی حیزبی کوردی، مێژووی بزووتنەوەیەکە کە لەلایەن خەڵکانێکەوە بەماڵکراوە.

**رۆژنامە: گۆڕان لە هەناوی کۆمەڵگەیەکی فرەڕەنگ‌و بیرکردنەوەی سیاسیی جیاوازەوە دروستبووە بە رای ئێوە کارێکی دروستە، لە پێکهاتە نوێیەکەی گۆڕاندا، مینبەری فرەو ئاڕاستەی سیاسیی جیاواز هەبن، بۆ نموونە، ئەم مینبەرانە هەبن: گرووپی بێلایەنەکان، یەکێتییە کۆنەکان‌و ئیسلامییە کۆنەکان..هتد؟**

* هیچ پارت‌و لایەنێکی سیاسیی نییە، یەک رەنگ بێت. لە هەموو پارتە سیاسییەکانی دونیادا باڵی توندڕەوو باڵی میانڕەو و باڵی چەپ‌و باڵی راستڕەو هەیە. ئەم باڵانە لە نێو خۆیاندا لە ململانێدان، بەڵام دەرئەنجامی ملاملانێکەیان، نوێبوونەوەو گۆڕانە لە نێو دەزگاکەیاندا، نەک وەک ئەوەی لە ناوی یەکێتیدا روویدا. ئەوەی لە یەکێتیدا روویدا، ئەوەبوو کە باڵەکان توانای ئەوەیان نەبوو گفتوگۆ بکەن‌و لە نێو خۆیانداو لە چوارچێوەی پرەنسیپی پارتەکەیاندا بکەونە گفتوگۆو ئەم جیاوازییانە یارییان پێدەکرا، لە یارییەکی زیرەکانەی هاوسەنگی هێزدا، بۆیە دەبێت گۆڕان زۆرترین هێزی بداتە ئامێری حیزب‌و پرەنسیپەکانی، نەک کەسایەتییەکانی. لە راستیدا گۆڕان ناچارەو دەبێت پەلکەزێڕینەیی بێت، چونکە خواستەکانی گۆڕان لە کۆمەڵگای ئێمەدا فرەڕەنگ‌و فرەشێوازن. دەبێت گۆڕان لە گفتوگۆدابێت لەگەڵ ترادیسیۆن (کەلەپوور) و مۆدێرنەدا. دەبێت سڵ نەکاتەوە لە دواندنی ئاین. ئاین لای هەموو گەلانی دیکە بەکاربراوە بۆ مەبەستی بزاوتی کۆمەڵایەتی، تەنیا لای کورد نەبێت. پێکەوەگرێدانی کوردبوون‌و ئیسلامبوون، ئیسلام لە چنگی ئەوانە رزگاردەکات کە دەیانەوێت بۆ دژایەتیکردنی نەتەوەبوونی کورد بەکاریبەرن (وەک چۆن گەلانی فارس‌و تورک‌و عەرەب کردوویانەو دژ بە کورد، بەکاری دەبەن).

هەرچی دەربارەی بێلایەنە، ئەمە دیاریدەیەکی سەیرە. لە رۆژئاوا، ئەمانە ئەو کەسانەن کە تەنیا لە ساتەکانی هەڵبژاردندا بۆ مەبەستی دەنگدان بیر لە سیاسەت دەکەنەوە، بەڵام بێلایەنی لە کۆمەڵگای کوردیدا مانایەکی دیکەی هەیە، بە تێگەیشتنی من، یانی سیاسەتکردن بە ئازادیی، بەبێ پەیوەست بوون بە مەرجەکانی ئەندامبوونەوە. گۆڕان دەتوانێت بوار بۆ ئەمانە برەخسێنێت‌و بیانکاتە بەشێکی زیندوو، بە بەئاگابوون لە لایەنە نێگەتیفەکانیان، چونکە بێلانبوون لەهەمانکاتدا یانی بڕیارێکی تاکەکەسییانە، بۆیە دەبێت گۆڕان هەوڵی ئەوەبدات کە چۆن ئەم بڕیارە تاکەکەسییانە لەگەڵ خواستە کۆمەڵگاییەکاندا گرێبدات.

رەنگە یەکێتییە کۆنەکان، پڕ ئیشکالیەت بن‌و ئەم پێرە خۆیان بە خاوەنی گۆڕان دەزانن. وەها لە خۆیان دەبینن کە دەبێت خاوەنی زۆرترین دەسەڵات‌و کاریگەری بن. دەبێت گۆڕان ئەوە بۆ پێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵگا بسەلمێنێت کە مەبەستی ریفۆرمی سیاسییە لە کۆمەڵگای کوردیدا نەک لە یەکێتیدا. بێگومان یەکێتییە کۆنەکان بەشێکی زۆر چالاکی ئەم بزووتنەوەیەن، بەڵام دەبێت پچڕانێک لە نەستیاندا دروستبکرێت، هەتا بەبێ ئاگایانە یەکێتی دووبارەنەکەنەوە.

کەواتە ئەوەی دەبێت گۆڕان خەمی بخوات، ئەوە نییە کە چەند رەنگە، بەڵکو چۆن بوار بۆ ئەم رەنگانە دروستکات هەتا لەگەڵ یەکدا بکەونە راگۆڕینەوەو دایەلۆگ. هەروەها ئەم هێزە جیاوازانە دەبنە داینەمۆی جوڵەی هەمیشەیی لەنێو خودی بزووتنەوەکەدا کە وەهای لێدەکات هەرگیز تووشی دۆگمایی نەبێت، بەڵام هەمیشە ترسی ئەوە هەیە کە بە پێچەوانەوە بشکێتەوە، بۆیە بە ئاگایی‌و سنگفراوانی‌و بە ئاگابوون لە بەها سەردەمییەکانی شوناس، زۆر پێویستن بۆ ئەم بزووتنەوەیە. (خواستی هەمیشە جیاوازبوون، بە مانا هیگڵیەکەی، لە هەمانکاتدا کرانەوە بەرامبەر ئەویتر، بە مانا لیڤیناسییەکەی. ئەوەی لە مۆدێلی یەکێتیدا هەبوو، ئەوەبوو کە چۆن باڵەکان، کەسەکان خۆیان بسەپێنن، دەبێت مۆدێلی نوێ مۆدێلێک بێت کە وەها بیرکاتەوە چۆن لەگەڵ باڵەکانی تردا بکەوێتە گفتوگۆ بۆ چەسپاندنی بەرژەوەندی بزووتنەوەکە کە دەکرێت لە میانەی پرۆسەی دیموکراسیدا، وەک بەرژەوەندیی خەڵکی بکەوێتەوە).



**رۆژنامە: چۆن ئایندەی ئەم هێزە نوێیە دەبینیت؟ پێتوایە، ئاستەنگە ناوخۆیی‌و دەرەکییەکانی چین؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ئاستەنگانەدا بکات؟**

* هەرچی دەربارەی ئایندەیە، ئەوا بە رای من، چارەنووسی گۆڕان، راستەخۆ بەستراوەتەوە بە توانای ئەم بزووتنەوەیەوە لە گۆڕانخوازیی. تا چەندێک گۆڕان، گۆڕانخوازەو تا چەندێک گۆڕان، دەتوانێت گۆڕانخوازبێت، بەڵام لەبەر نەبوونی دونیابینییەکی دیاریکراو، ئایا گۆڕانخوازیی چییە؟ ئایا گۆڕان، پرۆسەیەکی کراوەیە، یان یۆتوپیایەکە؟ ئەگەر پرۆسەیەکی کراوەیە، ئەوا دەبێت گۆڕان، هەمیشە گۆڕانخوازبێت، کە ئەمە لە راستیدا، سرووشتی دیموکراسی راستەقینەیە، بەڵام ئایا گۆڕان خاوەن یۆتوپیایەکە، یان خاوەن ئامانجێکە، یان خاوەن دیدێکە؟ ئەوا دەبێت ئەوە بەباشی روونبکرێتەوەو بە دەنگدەر بفرۆشرێت. دەبێت گۆڕان خۆی لەوە بپارێزێت تا ببێتە هێزێکی خۆبەتاڵکردنەوە.

ئاستەنگی ناوخۆیی گۆڕان، ئەو دوو دونیابینییەیە کە تائێستا لەوە ناچێت، توانیبێتیان دۆخێکی دایەلۆگ دروستکەن لە هەناوی بزووتنەوەکەدا. دیارە ئەگەر گۆڕان بتوانێت ببێتە بزووتنەوەیەکی خاوەن دەزگا، کە بیری جوداو دیدی جودا تیایدا بکەونە گفتوگۆ، ئەوا ئەم جودابیانە دەبنە مایەی دەوڵەمەندیی، ئەگەر نا، ئەوا بە زیان دەشکێتەوە، ئەمە لە هەناوی گۆڕان خۆیدا. هەرچی ناوخۆی کوردستانیشە، ئەوا هیچ لایەنێکی سیاسیی نییە، دڵخۆشبێت بەوەی کە گۆڕان هاتووەتە ئاراوە وەک بزووتنەوەیەک، لە هەمانکاتدا بێتەئاراوە وەک واقیعێک، بۆیە گۆڕان لە لایەن پارتە دەسەڵاتدارکانەوە بە دوو شێوە دژایەتی دەکرێت. یەکەم: سنووردارکردنی وەک بزووتنەوەیەک. دووەم: لێسەندنەوەی خواستی گۆڕانخوازیی، کوشتنی رۆحی گۆڕانخوازیی. دیارە گۆڕان ناچارە لە پرۆسەی سیاسیی تێوەگلێت، کە ئەمە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی جۆرێک لە سنووردارکردن، بەڵام دەبێت هەمیشە جوداییەک لە نێوان رۆح‌و جەستەدا بکرێت. دەبێت گۆڕان وەک جەستە لە پرۆسەی سیاسیدا بەشداربێت‌و وەک رۆح، هەمیشە گۆڕانخوازبێت.

گۆڕان بۆئەوەی شەڕی ئاستەنگەکان بکات‌و لەبری ئەوەی لە ململانێکان بگلێت، دەبێت خۆی بکاتە بەشێکی ئۆرگانی کۆمەڵگا. دەبێت ئەم بزووتنەوەیە هەتا بۆی دەکرێت لە ململانێکان بە دوور بێت، چونکە ململانێکان بۆئەوە داڕێژراون کە تێوەیگلێنن لەو یارییە قێزەونەی کە سیاسەتی کوردی تیایدا نوقم بووە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە هەڵسوکەوتی گۆڕاندا، پەلەپەل، یان پشووکورتییە بەرامبەر گۆڕانی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی. دیارە سەرچاوەی ئەمە لەوێوە دێت کە گۆڕان چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد، بێزاریی خەڵک گەشتبێتە ئاستێک کە ئەگەر هاتووئەڵتەرناتیڤێک هاتە ئاراوە، ئەوا خەڵکی بەبێ سێ‌ودوو بیقۆزنەوەو بارودۆخەکە بگۆڕن، بەڵام گۆڕانی راستەقینە کاتخایەنەو ئەم پرۆسەیە پێویستی بە پشوو درێژیی‌و کۆڵنەدان هەیە، بۆیە زێدە گرنگە کە دەزگایەک، یان ئامێرێک هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی لەبری کەسێک، یان کۆمەڵە کەسانێک.

ئەوەی لە کۆتاییدا حەز دەکەم بڵێم، ئەوەیە کە ئەو سیستمە سیاسییەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە، سیستمێکی سیاسیی پەرتەوازەو بێتواناو بێئاگاو بێدەربەستە. نە خاوەنی پلان‌و بەرنامەی کورتخایەنە، نە درێژخایەن، نە خاوەنی تەکنیکە نە ستراتیژ. لە داهاتوودا کۆمەڵگای ئێمە، رووبەڕووی قەیرانی ئابووریی، بێکاریی، بێزاریی، بێکەڵکی سیستمی خوێندن، نەبوونی دەرفەت بۆ سوودوەرگرتن لە تواناو بەهرەکان، قەیرانی ئەخلاقی (بەتایبەت لە ئامادەیی مۆدێرنەیەکی روکەشی، بێکەڵکی درۆزنـدا)، بە شێوەیەکی خەست دەبێتەوە. ئەگەر بێت‌و مامەڵە لەگەڵ ئەم قەیرانانەدا نەکرێت، ئەوا دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی دیدی تر، بۆ ئاین، بۆ نەتەوە، بۆ ئەخلاق، بۆ نیشتمان، بۆ مرۆڤ. هەتا ئەمڕۆ سیستمی سیاسیی کوردی، بەڕۆژوو بووە لە مەعریفە، بۆیە هەتا قەیرانەکان نەتەقنەوە، هەستیان پێناکات. روویەکی تر لە بەڕۆژووبوون لە مەعریفە، هەڵبژاردنەکەی ئەم دواییە بوو کە هیچ پارتێک، یان بزووتنەوەیەکی کوردی نەیتوانیبوو زانستییانە لە سیستمی دەنگدان بکۆڵێتەوەو لەبری ئەوەی ببێتە قوربانیی، سوودی لێببینێت. دەبێت ئەمانە هەموو وانەبن بۆ بزووتنەوەی گۆڕان‌و دەبێت پێش هەموو شتێک ئەم بزووتنەوەیە رۆژوو بشکێنێت لە مەعریفە، وەک لایەنەکانی تر کەسەکان‌و بەرژەوەندییە باڵاکان نەبنە بڕیاردەر، بەڵکو لێکۆڵینەوەیەکی کراوەی روونی زانستی سەرپشک بێت.

**پارتە دەسەڵاتدارەکان، هەوڵی لێسەندنەوەی رۆحی گۆڕانخوازیی گۆڕان دەدەن**

هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستان پێکهاتەی سیاسیی کوردی گۆڕی. بەدرێژایی (١٨) ساڵ ئەزموونی حوکمڕانی هەرێم، هاتنەکایەو دروستبوونی هێزی سێیەم بە فاکتەری رزگاربوونی دۆخە سیاسییە چەقبەستووەکەی کوردستان دەزانرا، بەڵام ئێستا نەک هەرهێزی سێیەم دروستبووە، بەڵکو پێدەچێت بە هاتنەکایەی هێزێکی نوێ بەناوی (بزووتنەوەی گۆڕان)، ریزبەندیی هێزی دووەمیشی گرتبێت.
هەرچەندە بزووتنەوەی گۆڕان تائێستا بەشێوازێکی جەماوەریی‌و نارێکخراو (عەفەوی) کاردەکات‌و چوارچێوەیەکی روون‌و دیاریکراوی نییە، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە توانی دوو هەڵبژاردنی گرنگی پەرلەمانی کوردستان‌و عێراق تێپەڕێنێت‌و لە ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمدا واقیعی بەرهەڵستکاریی (ئۆپۆزسیۆنبوون) بچەسپێنێت. بەبێ ئەوەی ئەم هێزە ستراکچەرێکی رێکخراوەیی دیاریکراوی هەبێت.
بزووتنەوەی گۆڕان لەماوەی دروستبوونیدا تائێستا چەند هەنگاوێکی گەورەی لە گۆڕەپانی سیاسیدا هاویشتووەو چووەتە پێشەوە. ئێستا ئەم بزووتنەوەیە پێویستی بە خۆڕێکخستنەوە هەیە.
* ئایا چی بکرێت بۆئەوەی ئەم بزووتنەوەیە بەشێوەیەکی مۆدێرن ئۆرگانیزە بکرێت؟
* گۆڕان بۆئەوەی فۆرمێکی مۆدێرن، جا لەشێوەی قەوارەی سیاسیدا بێت یاخود حیزبی سیاسیی، پێویستە چی بکات؟
* ئایا گۆڕان تەنیا بۆ وێستگەیەکی کایەی سیاسیی‌و حوکمڕانی هەرێم پێویستبوو یان پێویستە ئەم بزووتنەوەیە بەهەمان شێوە دروستەکەی بەردەوامیی بە هەوڵی گۆڕین لە سیستەم‌و عەقڵی رامیاریی‌و حوکمڕانیی بدات بە رێگەی ململانێی سیاسیی‌و دیموکراسی‌و هەڵبژاردن؟.
* ئایا لەکاتی ئۆرگانیزەکردنیدا، چی بکرێت بۆ ئەوەی گۆڕان نەبێتە حیزبێکی ستالینیی؟
* ئەم هێزە کە ئێستا بووە بە دیفاکتۆو نکوڵی لە کاریگەربوونی ناکرێت، پێویستە لێرە بەدواوە چۆن کاریگەرتر ماستەرپلانی خۆی بەمەبەستی دیاریکردنی ستراتیژی کارکردنی رەنگرێژ بکات؟
کردنەوەی ئەم تەوەرە بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسیی‌و دیموکراسییەتە لە هەرێمی کوردستان‌و عێراقدا و دروستبوونی هێزێکی سیاسیی مۆدێرنە، کە خزمەت بە دیموکراسییەت‌و حیزبایەتییەکی مۆدێرن‌و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بکات، نەک بەرژەوەندیی تەسکی حیزبیی.

**ئامادەکردنی تەوەر: سیروان رەشید**

# هێرش عەبدولڕەحمان: گۆڕان گرنگ بوو بۆ واقیعی چەقبەستووی هەرێم



**هێرش عەبدولڕەحمان، جێگری پێشووی لێپرسراوی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم بووە لە واشنتۆن، لەم تەوەرەدا باری سەرنجی لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان دەخاتەڕوو.**

**رۆژنامە: ئێوە وەک گەنجێک، کە چاودێریی دۆخی سیاسیی کوردستان دەکەن، پێتانوایە باشترە بزووتنەوەی گۆڕان وەک ئێستاو بزووتنەوەیەکی نارێکخراوی جەماوەریی بمێنێتەوە یان پێویستە خۆی ئۆرگانیزە بکات؟**

* ئەوەی من دەیبینم، گۆڕان تائێستا لە رووی پێکهاتەوە پەرتەوازەیەو شێوازێکی نوێی پێ نییە بۆ خۆڕێکخستن‌و کارکردنێکی سیستماتیک، هەروەک خۆشت باستکردووە کارەکانیان هەڕەمەکیی بووە، کە ئەمەش پێموایە دەبێتە هۆی پەرتەوازەبوونی جەماوەرەکەی ئەگەر بەشێوەیەکی تۆکمە خۆی رێک نەخاتەوە.

بە بۆچوونی من گۆڕان دەبێت هەوڵی گۆڕینی تەواوی سیستمی حوکمڕانی‌و ئیداریی هەرێمی کوردستان بدات، هەروەها بەشێوەیەکی تەریبیش کار لەسەر راستکردنەوەی تێڕوانینە هەڵەکانی کۆمەڵگەی کوردی بکات، چونکە تەواوی سیستمی حوکم لە کوردستان سیستمێکی دواکەوتوو و فاسیدە، هەتا ئەو سیستمە نەگۆڕدرێت، ناتوانرێت گۆڕانکاریی بنەڕەتی بکرێت.

گۆڕان دەبێت لەماوەی داهاتوودا کارێکی نەبڕاوەو بێوچان بکات بۆ ئازادیی رادەربڕین‌و رۆژنامەوانی‌و نەهێشتنی دەزگا سەرکوتکارەکان‌و دەزگا سیخوڕییەکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان، کە بەشێوەیەک لەشێوەکان سومعەی هەرێمیان لە دەرەوە ناشرین کردووەو رۆڵیان هەبووە لە پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ، گۆڕان پێویستە بێوچان لە هەوڵی جێبەجێکردنی تەواوی بەڵێنەکانی پێش هەڵبژاردن بێت، چونکە ئێستا تاکی کورد تاکێکی تەواو هۆشیارەو هەموو بەڵێنێک تۆماردەکات‌و سبەی رۆژ ئامادە نابێت دەنگی پێشکەش بە لایەنێک بکاتەوە کە راستگۆ نەبووە لەگەڵیدا.

کۆمەڵگەی کوردستانی لەماوەی چەندین دەیەی رابردوودا کوشتەی دەستی سیاسیی ناسیاسیی بووە، بۆیە پێویستە ئەوانەی لە داهاتووی نزیکدا لە گۆڕاندا دەبنە باڵادەست‌و بەرپرس، کەسانی خاوەن بڕوانامەی بەرز بن لە بوارەکانی بەڕێوەبردن‌و سیاسەتدا، ئەو کەسانە بن کە بە وردییەوە ئاگاداری گۆڕانکارییە سیاسییەکانی جیهان‌و بەباشیی تێیدەگەن‌و دەزانن چۆن هەنگاوی دروست بنێن.

**رۆژنامە: دۆخی سیاسیی کوردستان ئەوە دەخوازێت کە ئەم بزووتنەوەیە نەک تەنیا بۆ وەرچەرخانێکی سیاسیی وەک (٧/٢٥)، بەڵکو پێویستە ئەم بزووتنەوەیە بەهەمان بەردەوامیی پێشوو هەوڵی گۆڕین لە سیستەم‌و عەقڵی رامیاریی‌و حوکمڕانیی بدات؟**

* هاتنە بوونی گۆڕان گرنگ بوو بۆ واقیعی چەقبەستووی هەرێمی کوردستان، کە هەموو شتێک کرابووە قوربانی رێکەوتننامەیەکی رانەگەیەنراوی نێوان پارتی‌و یەکێتی، گۆڕان تارادەیەکی باش توانی ئەو بێدەنگییە بشکێنێت کە حیزبەکانی دیکەش جگە لە پارتی‌و یەکێتی لەبەر هەندێک بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان چاوپۆشییان لێدەکرد.

**رۆژنامە: بە رای ئێوە پێویستە رۆڵ‌و پێگەی گەنج لە پێکهاتە نوێیەکەی گۆڕاندا چەند بە گرنگییەوە حسابی بۆ بکرێت؟**

* پێویستە کەسانێک بڕیاربەدەست بن، کە گەنج بن‌و وزەو توانایەکی زۆریان هەبێت‌و بە فیعلیی هەڵگری ئایدیای گۆڕان بن، هەمان ئەو ئایدیایەی کە سەرۆک ئۆباما کاری پێکردو توانی سەرکەوێت لە هەڵبژاردنەکاندا. نابێت چیتر چینە گەنجەکە پشتگوێ بخرێت‌و وەکو ئامێرێک سوودیان لێ ببینرێت‌و پاشان پشتگوێ بخرێن، گۆڕان تا دەموچاوە کۆنەکان دوورتر بخاتەوەو رۆڵی راوێژکاریان پێ ببەخشێت، بە دڵنیاییەوە زیاتر پێشدەکەوێت‌و پێچەوانەش راستە، هەموو ئەو گەنجانەی لەگەڵ گۆڕانن لەسەر ئاستی شەخسی‌و بەگوێرەی توانای خۆیان قوربانییان داوەو ناکرێت گۆڕان ئەو قوربانییانە بە هەند وەرنەگرێت، ئەوەندەی ئاگاداریش بم بە هەند وەرنەگیراوە.

**رۆژنامە: پێویستە لێرەبەدواوە ئەم هێزە چۆن کاریگەرتر ماستەرپلانی خۆی بەمەبەستی دیاریکردنی ستراتیژی کارکردنی رەنگرێژ بکات؟**

* گۆڕان سەرەتا دەبێت لەو قاڵبە بێتەدەرێ کە تەنیا چەند کەسێکی دەوری گردەکە بتوانن قسەو پێشنیازیان هەبێت بۆ گۆڕان، بەڵکو پێویستە گوێ لە خەڵکی بە ئەزموون‌و پسپۆڕو ئەکادیمی بگرێت، وەکو وتراوە پێویستە گۆڕان لە گردەکە بێتەخوارەوەو تێکەڵاوی گرفتەکانی خەڵک بێت‌و خودی کاک نەوشیروان مستەفاش پێویستە خۆی چاودێری یەکەم بێت‌و قبووڵ نەکات هەواڵ‌و دەنگو باسەکانی لە فلتەرەوە پێ بگات، بەڵکو خودی خۆی پێویستە چاودێر بێت‌و کار بکات بۆ پێگەیاندن‌و دەرخستنی گەنج‌و تواناکانیان‌و یارمەتیدانیان، دەبێت راوێژ بە ئەکادیمیست‌و ئەوانە بکات کە شارەزاییەکی تەواویان لە سیاسەت هەیە لە خۆرهەڵات‌و خۆرئاوا، پێموایە دروستکردنی دەستەیەکی راوێژکاریی فراوان هەنگاوی یەکەم دەبێت لەم بوارەدا، هەروەها بەستنی کۆنفرانسێکی چڕوپڕ بۆ دارشتنی ستراتیژییەتی کاری گۆڕان لەسەر ئاستی عێراق‌و هەرێمی کوردستان، چونکە ناکرێت تاهەتایە گۆڕان بە هەرەمەکی‌و بەبێ بوونی بەرنامەیەکی روون کار بکات.

پێموایە گۆڕان لە ماوەیەکی کەمی داهاتوودا دەبێت لەسەر ئاستی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی هەنگاوی گەورە بهاوێژێت‌و تەنیا لە چوارچێوەیەکی داخراودا نەخولێتەوە.

کاتی بینینی هەر پێشێلکارییەک پێویستە گۆڕان‌و لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆنیش بێنە دەنگ، ئەگەر کەسە مافخوراوەکە ئەندام یان لایەنگری ئەوانیش نەبێت، واتا گۆڕان کارێکی وا بکات کە هەموو کەس گۆڕان بە موڵکی خۆی بزانێت‌و هەست بکات کە ئەم بزووتنەوەیە پارێزەری ئەوەو کاردەکات بۆ پێشخستنی تاکی کوردو پارێزەری مافەکانیەتی.

# بزووتنەوەی گۆڕان دەبـ

## سەردار عەزیز نووسەرو رۆشنبیر:

# لاوان، بڕبڕەی پشتی بزووتنـ

**رۆژنامە: چەند مانگێکە گۆڕانکاریی‌و هەژانێکی گەورە لە پێکهاتەی سیاسیی کورددا روویداوە، ئێوە لە پێش (٧/٢٥)داو لە نووسینەکانتاندا زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە دوان، ئێستا چۆن دۆخە سیاسییەکە دەخوێننەوە؟**

* گۆڕان لە خواستەوە بوو بە واقیع، بەڵام بە واقیعبوونی گۆڕان مانای ئەوە نییە کە گۆڕان هاتووەتە ئاراوە. ئەوەی دەتوانرێت بوترێت، ئەوەیە کە ئێستا جۆرێک لە رێکخستن هەیە بۆ خواستی گۆڕان کە خواستێکی گشتییە لە کۆمەڵگای ئێمەدا. کاتێک ئێمە دەڵێین، خواستی گۆڕان هەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ئەمە راستییەکە، بەڵام ناسنامەی ئەم گۆڕانە نادیارە. خواستی گۆڕان پەرچەکردارە کە هێشتا نەبووەتە دونیابینییەکی تایبەت. دیارە پرۆسەی گۆڕان، بەتایبەت گۆڕانی کۆمەڵایەتی، هەمیشە جۆرێک لە خۆرسکیەت‌و شپرزەیی لەلایەک‌و لەلایەکی دیکەوە لە تەمتومان پێچراوە، بۆیە دەزگایەک یان رێکخراوێک پێویستە بۆ ئەوەی ئەم خواستە لە خۆرسکیەتەوە بگوازێتەوە بۆ رێکخراو و هەروەها تەمتومانەکەی بڕەوێنێتەوە.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا جۆرێک لە پچڕان روویداوە، شەمەندەفەری خواستەکانی خەڵک لە وێستگەکەیدا کەوتووەتە ئیش، بەڵام هێشتا نازانێت بۆ کوێ سەفەر دەکات، هێشتا رەنگە لە زۆر جێگادا هێڵی بۆ رانەکێشرابێت. ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان ئەم شەمەندەفەرەی حەزی کۆمەڵگای خستەگەڕ، ئەوا ئێستا دەبێت‌و لە هەمانکاتدا بەرپرسە لەوەی کە بیخاتە سەر رێگاو بیبا بۆ جێگایەکی دیکە. ئەگەر بە زمانێکی دیکە قسە بکەین، ئێمە لە ساتەوەختێکی گواستنەوەدا دەژین، خەون‌و خواستمان هەیە بۆ گواستنەوە، بەڵام نازانین بۆ کوێی بگوێزینەوە، بە چ رێگایەکدا بڕۆین. ناتوانرێت زۆر درێژە بەم ساتەوەختە بدرێت، بۆیە کارێکی هەنوکەییە کە گۆڕان ئۆرگانیزە ببێت.

لە هەمانکاتدا گۆڕان سیاسەتی گێڕاوەتەوە بۆ دونیای ئێمە، بەڵام لە هەمانکاتدا بۆ بەربەستکردنی ئەم زیندووبوونەوەیەی سیاسەت، هێزگەلێکی دیکە لە پەرچەکرداردا زیاترو زیاتر پانتاییە گشتییەکانیان بە حیزبی کردووە. دەبێت ئەم گێڕانەوەی سیاسەت، یان زیندووکردنەوەی سیاسەتە، بە زیندوویی بمێنێتەوە. نابێت مرۆڤی کورد بەوە رازی بێت کە تەنیا مرۆڤێکەو ژیانێکی سادە شایستەیەتی، بەڵکو ئەو لەهەمانکاتدا بوونەوەرێکی سیاسییە. بەو مانایە کە خاوەنی بڕیارە، خاوەنی ژیانی خۆیەتی، بەشێکە لە هەمووان، گوێی لێدەگیرێت، پرسی پێدەکرێت، بە هێند وەردەگیرێت، چونکە ئەگەر وەها نەبێت، ئەوا وەک هانا ئارێنت دەڵێت: ئەگەر کەسێک بەوە رازی بوو کە تەنیا مرۆڤێکی سادەبێت‌و هیچی تر، ئەوا گرانە بۆ ئەوانی دیکە وەک مرۆڤێک مامەڵەی بکەن. دەکرێت بوترێت، دۆخی ئێستا دۆخێکە کە سیاسەت تیایدا تا ئاستێک زیندووە، لەلایەکی دیکەوە ئەڵتەرناتیڤ لە ئارادایە، هەروەها خەیاڵدانی سیاسیی خەڵکی، خەیاڵدانێکە توانای خەیاڵکردنی هەیە. دەکرێت ئەمانە هەموو پێکەوە وەک بنەمایەکی زیندوو تەماشا بکرێن، بەڵام لەوە گرنگتر بە زیندوو هێشتنەوەو کاراکردنیەتی.

**رۆژنامە: بزووتنەوەی گۆڕان، چەند مانگێکە دروستبووە پێتانوایە، خاڵە لاوازەکانی ئەو بزووتنەوەیە چی بوون لە ئێستاو رابردوودا؟**

* هێشتا لە زۆر رووەوە گۆڕان بزووتنەوەیەکی تەقلیدیی کوردییە، لە هەناوی بزووتنەوەیەکی تەقلیدیی کوردییەوە هاتووەتە دونیاوە، هێشتا نازانێت، یان بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە چۆن خۆی بێت. وتەیەکی نیچە هەیە، لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کە لە میانەی بەربەرەکانێماندا لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، دەبێت ئاگامان لە خۆمان بێت، نەبین بە ئەوانی تر. دەبێت گۆڕان سەرباری ئەوەی ئۆپۆزسیۆنە، یانی بەرابەرکێ لەگەڵ ئەوانی تردا دەکات، لەهەمانکاتدا دەبێت خاوەنی پرۆسەو پرۆژەی خۆی بێت. لەلایەک بۆئەوەی نەبێت بەئەوی ترو لەلایەکی دیکەوە بۆئەوەی خاوەن بەرچاوڕوونی‌و دونیابینی خۆی بێت. دیارە بزووتنەوە تەقلیدییە کوردییەکان، کۆمەڵێک بونیادیان لە ئاگایی مرۆڤی کورددا دارشتووە کە ئاسانە بۆ ئەوانی تر درێژەی پێبدەن. بۆ نموونە، حیزبی تەقلیدیی کوردی لە زۆر بواردا درێژی بە پلانەکانی بەعسدا، بۆیە دەبێت گۆڕان ئاگاداری ئەم بونیادانە بێت، ئەگەر درێژەیان پێبدات، رەنگە لە ساتی ئێستادا قازانجێکی کەمی هەبێت، بەڵام لە ماوەی درێژخایەندا بە زیانی ئەم بزووتنەوەیە دەشکێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، هێشتا گۆڕان قەیرانی شوناسی خۆی چارەسەر نەکردووە. ئەگەر بیر لە ناوی ئەم بزووتنەوەیە بکەینەوە، ئەوەمان بە روونی بۆ دەردەکەوێت کە خواستێکەو رابەرایەتیی بێزاریەکە، پەرچەکردارێکە کە لە هەناوی حیزبێکەوە هاتووەتە دەرێ بۆئەوەی ئەو نارەزاییە گشتییەی کە هەیە بە ئاراستەیەکدا بەرێت. دەبێت گۆڕان هەڵگری پلانێکی روونی گۆڕان بێت، هەڵگری دونیابینیی گۆڕان بێت، هەڵگری دیدی رۆشنی گۆڕان بێت. گۆڕان دەنگی هێنایە ئاراوە بێئەوەی بتوانێت، زمانێک دروستکات. دەنگ، ئەو قیرەقیرو هات‌وهاوارە پڕوپوچەیە کە مرۆڤ لە سیاسەت دەخات. پێویستە گۆڕان بە دوای زماندا بگەڕێت‌و خۆی لە دەنگ بە دوور بگرێت، چونکە تەنیا لە رێگای زمانەوە سیاسەتی راستەقینە لە دایک دەبێت. زمان یانی رەخساندنی دەرفەت بۆ هەموو ئەندامانی بزووتنەوەکەو هەموو ئەوانی دیکە لە دەرەوە، ئیتر چ رۆشنبیران بن یان خەڵکی تر، ئەوەی دەیبینن، دەیخوازن‌و بیری لێدەکەنەوە، بە زمانێکی هێمن دەریببڕن‌و لەلایەن ئەم بزووتنەوەیەوە بە هێند وەربگیرێن‌و بایەخیان پێبدرێت. دەبێت کلتووری پیاهەڵدان‌و چەواشەکاری کە کرۆکی کلتووری دەنگە،

## گۆڕان ناچارەو دەبێت پەلکەزێڕینەیی بێت

لێرەدا (لە هەناوی ئەم بزووتنەوەیەدا) جێگەی نەبێتەوە.

شێوازێکی دیکەی درێژەپێدانی نەریت‌و خوە خراپەکانی حیزبە تەقلیدییەکان، هەوڵدانە بۆ بەماڵکردنی رۆشنبیران. دەبێت گۆڕان پەیوەندییەکی نوێ دارێژێت لەگەڵ رۆشنبیراندا، پەیوەندییەک کە بوار برەخسێنێت بۆ رۆشنبیر بەبێ ئەوەی ئازادیی لێ زەوت بکات، چونکە هەموو دەزگایەک بۆئەوەی خۆی لە پەککەوتەیی بپارێزێت، دەبێت هەمیشە بەخۆیدا بچێتەوە، خۆی راڤەبکات، بەدوای شێوازی نوێدا بگەڕێت. لەهەمانکاتدا دەبێت بزووتنەوەی گۆڕان هەوڵبدات هەردوو تیورەو ئەزموون پێکەوە گرێبدات. مەبەستم لەمە ئەوەیە، ئەگەر خەڵکانێکی بە ئەزموون هەن لە نێو بزووتنەوەکەدا، (دیارە چەمکی ئەزموون دەبێت هەڵوێستەو خوێندنەوەی قووڵتری بۆ بکرێت: بۆ نموونە تەنیا ئامادەبوون لە دیاردەیەکدا یان تەنانەت ئەنجامدانی کارێک، مەرج نییە بۆئەوەی کەسێک لەو بوارەدا بکاتە خاوەن ئەزموون. ئەزموون یانی ئامادەبوونی ئاگایی لەپاڵ هەموو کردارێکداو کردنی رووداو بە مەحەکی دونیابینی لە پەنای ئاگاییدا). دەبێت لەگەڵ خەڵکانی خاوەن تیورەدا بکەونە گفتوگۆ بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەم دوانە پێکەوە گرێبدرێن، هەتا پلانێکی وردترو ژیرانەتر دابڕێژرێت.

لەکاتێکدا ئاشکرایە کە کۆمەڵگای کوردی بڕوای بە کاریزما هەیە. ئەمە درێژەپێدانی بێئاگاییانەی ئەو کلتوورە ئاینییەیە کە هەردوو سۆفیگەرو دەروێشی لە کۆمەڵگای ئێمەدا رسکاندوویانە. ئەم بڕوایە بریتییە لەوەی کە کەسێک یان کەسانێکی تایبەت هەن کە تواناو کاریگەرییان لەوانی دیکە زیاترە، بۆیە دەبێت ئەوان رابەر بن نەک کەسانێکی تر. سەرباری واقیعیبوونی ئەم دیاریدەیە، دەبێت گۆڕان خۆی لێ بە دوور بگرێت. ئەڵتەرناتیڤی ئەمە ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوەیە ئامێرێک بهێنێتە ئاراوە کە دینامیکیەتی تیابێت، جوڵەی بەردەوام. ئەمە زێدە پیویستە، بە تایبەت کە ئەم بزووتنەوەیە هەڵگری بەهایەکی ئەخلاقی ناسکە، ئەویش خۆی لە خەونی ئەو هەزارەها لاوەدا دەبینێتەوە بە ژیانێکی دیکە. دەبێت ئەم بزووتنەوەیە، خۆی وەها سیستەماتیزەکات کە تێکۆشان بۆ فەراهەمکردنی ئەم خەونە، هەمیشە بەردەوامی هەبێت.

هێشتا لەنێو گۆڕاندا، خەڵکانی تەمەنباوک، خاوەن بڕیارن. تەمەنباوک، مەبەستمان ئەو کەسەیە کە پێیدەڵێن سەرۆکی خێزان. چونکە لە خێزاندا، بەپێی نەریتی باوکسالاریی، سەرۆکێک هەیە، قسەکەرێک هەیە، ئەگەر بێت‌و ئەو سەرۆکە یان قسەکەرە رازی بکرێت، ئەوا ئەوانی دیکە ناچارن رازی بن. (ئەمە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەک ستراتیژێک لەلایەن دەسەڵاتەوە بەکاردەبرێت)، بۆیە لە ئەنجامدا لە کۆمەڵگای باوکسالاریدا لاو، گەنج، ژن‌و منداڵ بێدەنگن. هەرچەندە بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەی گۆڕان لاوانن، بەڵام هێشتا وەک سەربازێک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، نەک وەک خاوەن بڕیارێک.

**رۆژنامە: ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان لە هەوڵی**

## «تورکیا دەیەوێت جێی ئەمریکا بگرێتەوە»

# هۆکارەکانی پشت سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا

**شاڵاو فەتاح، ئارام محەمەد**



داود ئۆغلۆو مەسعود بارزانی

پاش ئـەوەی ماوەیەکی زۆر تێپەڕی بەسەر ئەو ناکۆکییە سیاسییانەی نێوان هەرێمی کوردستان‌و تورکیا، لە ئێستادا ڕۆژ بەڕۆژ بارودۆخی نێوان هەرێمی کوردستان‌و تورکیا هەنگاو و گۆڕانکاریی تازە بەخۆیەوە دەبینێت، کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا یەکێک بوو لە هەنگاوە گرنگەکانی ئەو هــەوڵانــەی تورکیا بۆ نزیکبوونەوە لە هەرێمی کوردستان، هەر دوای ئەو هەنگاوە بەشێوەیەکی فراوان پەیوەندییە بازرگانییەکان کەوتنە جوڵەو چەندین شاندو کۆمپانیای زۆر هاتوون بۆ هەرێمی کوردستان بە مەبەستی وەبەرهێنان، ساڵی رابردوو کاتێک ئەحمەد داود ئۆغلۆ، هاتە هەرێمی کوردستان بابەتی سەردانی بارزانی بۆ تورکیا هاتە کایەوە، سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵگری چەندین شیکردنەوەیە، چونکە تائێستاش تورکیا ئامادە نییە ناوی کوردستان بهێنێت، ئێستاش کە چەندین بەرژەوەندیی ئابووریی‌و سیاسیی هەرێمی کوردستان‌و تورکیای لێکنزیکردووەتەوە، ئەو بارودۆخە کەوتووەتە حاڵەتێکی ناچارییەوە بۆ تورکیا.

جۆرایەتی پێشوازیکردن لە سەرۆکی هەرێم بۆ تورکیا جێگەی شرۆڤەی زۆرە، ڕۆژنامەی حوریەت‌و سایتی تورکیش دەیلی نیوز، راپۆرتێکیان سەبارەت بە سەردانە چاوەڕوانکراوەکەی بارزانی بۆ تورکیا بڵاوکردووەتەوە، لەو راپۆرتەدا چەندین تەوەر باسکراوە، یەکێک لەو کێشە سەرەکیانە بریتییە لە ناونیشانی بارزانی، لە راپۆرتەکەدا ئەو نموونە خراوەتەڕوو؛ کە ساڵی رابردوو روویدا، کە عەبدوڵڵا گویل تووشی کێشەی زۆر گەورە بوو تەنیا بەهۆی ئەوەی ناوی هەرێمی کوردستانی هێناوە، بەڵام دواتر گویل ئینکاری ئەوەی کردو رایگەیاند ناوی کوردستانم نەهێناوەو ئامادەش نیم ناوی کوردستان بهێنم، ئەم بابەتە بەکراوەیی دەمێنێتەوە تاوەکو سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا، لە راپۆرتەکەدا وتەی ئەحمەد داود ئۆغلۆ، بڵاوکراوەتەوە، کە رایگەیاندووە؛ سەردانی بارزانی گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکان، لە راپۆرتەکەدا هاتووە: «لەکاتی سەردانی وەزیری دەرەوە لە ساڵی پارو سەردانی جێگری وەزیری بازرگانی تورکیا، بارزانی بانگهێشت کراوە بە فەرمیی بۆ تورکیا، ئەمەش چەندین مەبەست‌و هۆکاری لەپشتە».

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی دیکەی بانگهێشتنامەکە بۆ ئەو بارودۆخە سیاسییەی ئێستای عێراق دەگەڕێتەوە، کە وڵاتانی دراوســێ دەیانەوێت رۆڵیان هەبێت لە پێکهێنانی حکومەتدا، حکومەتی تورکیا پێش بانگهێشتەکەی بارزانی بانگهێشتی تارق هاشمی کرد، تورکیا بەشێوەیەکی ئاشکرا پشتگیریی لە سوننەکان دەکات بۆ پێکهێنانی حکومەت، بۆ ئەو مەبەستەش کوردەکان لایەنێکی گرنگن لە پرۆسەکەدا.

عــەبــدولرەحــمــان ســدیــق، بەرپرسی سەنتەری پرد بۆ توێژینەوە پێیوایە؛ کە تورکیا جێی ئەمریکا دەگرێتەوە لە ناوچەکەداو لەبارەی سەردانەکەی بارزانییەوە دەڵێت: «پێموایە ئــەم ســەردانــە پەیوەستە بە مەسەلەی کشانەوەی ئەمریکییەکان لە عێراق، هەموو وڵاتانی دەوروبــەر ئەوە دەزانن، کە ئەمریکا لە کۆتایی (٢٠١١)دا لە عێراق دەکشێتەوەو بۆشایی دروستدەبێت، ئێران ئەوەی نەشاردووەتەوە، کە دەیەوێت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوەو وڵاتانی عەرەبییش دژ بەو هەڵوێستەی ئێرانن، هەربۆیە بیریان لــەوە کــردووەتــەوە لەڕێگەی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبییەوە ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە، تورکیاش بەهەمانشێوە.

بەڵام ئایا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە حاڵەتی کشانەوەیدا چی دەکات، ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن، کە تورکیا لەم ناوچەیەدا تورکیای سەردەمی جۆرج بۆش نییە، لە سەردەمی کۆمارییەکاندا تورکیا پەراوێزخرا، بــەڵام لــە ســەردەمــی دیموکراتەکان‌و سەردەمی ئۆباما تورکیا وەزیفەو پێگەیەکی دیکەی هەیە لە سیاسەتی ئەمریکادا. بیرمان نەچێت یەکەم سەردانی ئۆباما بۆ وڵاتانی ئیسلامیی لە تورکیاوە دەستپێیکرد، بۆیە لە ساتەوەختی کشانەوەی ئەمریکادا بیر لەوە دەکرێتەوە، کە تورکیا ئەو رۆڵە ببینێت بەو حوکمەی ئەندامە لە پەیماننامەی ئەتڵەسی، لە هەمانکاتدا پێگەیەکی سەربازیی گەورەی ئەمریکا لە تورکیادایە، بۆیە دەبینین تورکیا رۆڵی لە زۆربەی رووداوەکانی عێراقدا هەیە، بۆیە تورکیا لەدوای کشانەوەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا رۆڵی دەبێت.

بڕواشی وایە؛ «لەم ناوچەیەدا عەرەبەکان زیاتر پشتگیریی تورکیا دەکەن، تا ئێران».

لەلایەکی دیکەوە سەردانی سەرۆکی هەرێم لە ئێستادا، کە پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان تورکیاو هەرێم بەرەوپێشچوونی باشی بەخۆیەوە بینیوە، تورکیا لەڕوانگەی ئابوورییەوە دەیەوێت ئاستی پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ عێراقدا فراوان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش هیچ چارەیەکی دیکەی نییە، جگە لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی هــەرێــم، لەمبارەیەوە عەبدولرەحمان سدیق، وتــی: «جــاران دەوترا پەیوەندییە ئابوورییەکان لەڕێگەی پەیوەندییە سیاسییەکانەوە دروستدەبێت، ئێستا بەپێچەوانەوە پەیوەندییە سیاسییەکان بەهۆی پەیوەندییە ئابوورییەکانەوە دروستدەبن، دیارە بەوهۆیەوە تورکیاش بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئاسایی بکاتەوە، ئێستا تورکیا ئەوەی بۆ دەرکەوتووە، کە لــەڕووی دەستوورییەوە هەرێمێک هەیە بەناوی هەرێمی کوردستان، هەربۆیە لە هەوڵی ئەوەدایە، کە دەستەواژەی هەرێمی کوردستان بە فەرمیی وەربگرێت بەو مەرجەی پاشگری عێراقی پێوەبێت، واتە ئیدی تورکیا هەستیاریی بەرامبەر وشەی کوردستان نەماوە، ئاڵوگۆڕی بازرگانی تورکیا لەم ناوچەیەدا پێشتر (٩) ملیار دۆلار بــووە، ئێستا بەپێی وتەی رەجــەب تەیب ئەردۆغانی ســەرۆک وەزیــران تورکیا لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو (٩) ملیارە بگەیەنێتە (٢٥) ملیار دۆلار. بۆیە دەتوانین بڵێین؛ هۆکاری ئابووریش لە پشت مەسەلەکەوەیە»

# کوردەکان ناکۆکن بەرامبەر پشتگیریکردن لە گۆڕانکارییەکانی دەستووری تورکیا

**ئا: ئارام محەمەد**

پاش ئەوەی پارتی دادو گەشەپێدان بڕیاریدا کە چەند مادەیەکی دەستوور هــەمــواربــکــات، بــۆ ئــەو مەبەستەش هەوڵەکانی ئەکەپە بەردەوام بوو تاوەکو بە هــۆکــاری چەند مــادەیــەک هەموار کرا، سەبارەت بە ڕێگرییەکانی بەردەم پــرۆســەی هــەمــوارکــردنــەکــە، لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بوون، کە تائێستاش ئەو ڕێگرییانە بەردەوامن، بەڵام سەبارەت بە کورد بۆچوونێکی یەکلاییکەرەوە لەئارادا نییە، پارتی ئاشتی‌و دیموکراتی، کە تاکە پارتی کوردی جەماوەریی بنکە فراوانەو لە جێگەی دەتەپەی داخراو درێژەی بە کاری سیاسیی داو دژایەتی هەموارکردنی دەستوور دەکات، ئەمەش بووەتە جێگەی ســەرســوڕمــان‌و تێڕامانی ئەندامانی پارتەکەی ئەردۆغان‌و هەندێک لایەنی دیکەی کوردی.

ڕۆژنامەی زەمانی کوردی لە راپۆرتێدا ئــەو ناکۆکییەی بــڵاوکــردووەتــەوە کە لەنێوان پارتی ئاشتی‌و دیموکراسی‌و پارتی بەشداری دیموکراسی (KADEP)، کە پارتێکی دیکەی کوردستانی تورکیایە، بەڵام بەهۆی ئــەوەی کە بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ پشتگیریی لە هەڵوێستەکانی پەکەکە ناکات، ئەوا بنکەیەکی جەماوەریی فراوانی نییە، سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی دەستوور، سکرتێری پارتەکە نیزامەتین ماسکان رەخنە لە هەڵوێستە نەرێنییەکانی (بەدەپە) دەگرێت‌و پێیوایە؛ «پێویستە پارتی ئاشتی‌و دیموکراسی پشتگیریی لە هەر گۆڕانێک بکات‌و ئەگەر پێچەوانەی ئەم کارە بکات، ئەوا دژی ویستەکانی کورد دەوستێتەوە، هەروەها خەڵکی کوردی تورکیا دژی ئەوەیە کە هاوهەڵوێستی دروستبێت لەگەڵ پارتە تــونــدڕەوو نەتەوەپەرستەکان، بە بڕوای ماسکان، ئەگەر وا بڕوات ئەوا پارتەکە پشتگیریی جەماوەریی لەدەستدەدات».

هێمن میرانی، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین‌و شــارەزا لە کــاروبــاری تورکیا، بۆچوونی لەگەڵ ئەوەدایە کە کوردی تورکیا پێویستە پشتگیریی لە گۆڕانکارییەکانی دەستوور بکات، میرانی دەڵێت: «پێویستە بەدەپە پشتگیریی لەو گۆڕانکارییانە بکات، چونکە هەموو ئەو گۆڕانانە باشترن لەوەی کە مادەکان وەک خۆیان بن، هەروەها ڕێگەخۆشکەریشە بۆ گۆڕانکاریی زیاتر، ئەو گۆڕانانە هەرچۆنێک بن باشتردەبن لەوەی کە پێشوو هەبووە، بۆیە بە بڕوای من پێویستە پشتگیریی لەو گۆڕانانە بکرێت، نەک دژی بوەستینەوە».

پارتی ئاشتی‌و دیموکرات لە هەنگاوی یەکەمدا پشتگیریی گۆڕانەکانی دەستووری کرد، بەڵام دواتــر پاشگەزبووەوە لەو هەڵوێــستانەو بەرپرسانی بەدەپە هۆکارەکانیان بۆ دەزگاکانی راگەیاندن روونــکــردەوە. سەلاحەدین دەمیرتاش، سەرۆکی بەدەپە، لــەدوای تەواوبوونی لــە کــۆبــوونــەوەیــەکــی پــارتــەکــەی، لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیی دا سەبارەت بە دژوەستانەوەیان بەرامبەر هەموارکردنی بڕگەکانی دەستوورو پشتگیرینەکردن بۆ ئەو گۆڕانانەو وتی: «ئێمە ناچارنین وشەی بەڵێ بۆ دەستوورێک بەکاربهێنین کە ناوی کوردی تێدا نییە، باس لە زمانی کوردی‌و ناسنامەی نەتەوەی بۆ کوردو ئۆتۆنۆمیی ناکات بۆ کــورد، ئێمەش ئامادەنین‌و ناچاریش نین پابەندی هەڵویستی نــەژادپــەرســت‌و نەتەوەپەرست‌و ئەو دەستوورە ببین کە ئەکەپە دەیەوێت، ئێمە پشتگیریی لەو هەموارکردنانە دەکەین کە دەستوورێک بێنێتە کایەوە ڕێز لە گشت پێکهاتەکان بگیرێت».

بەڵام نیزامەتین ماسکان رەخنە لەو هەڵوێستانەی دەمیرتاش دەگرێت‌و پێوایە؛ بەشێک لەو بڕگە دەستوورییانەی کە ئێستا ئەکەپە هەمواری دەکات، سوودێکی زۆر بە کــوردی تورکیا دەگەیەنێت، بەتایبەت مــادەی (١٥) کــە بــاس لە چاکسازیی لە بڕگە سەربازییەکان دەکات، بــەڵام جێگەی سەرسوڕمانە بەدەپە ئەو هەموارکردنانەی ڕەتکردووەتەوە. ماسکان بــۆ سایتی تــودەی زەمــان، وتی: «کورد پێویستی بە هەموارکردنی دەستوور هەیە، چونکە ئەنجامی باش لەو هەموارکردنە دەکەوێتەوە، ئێمە لە پارتەکەمان وەک کورد پشتگیریی هەموو هەموارکردنێک دەکەین، کە خزمەت بە دیموکراسی بکات».

بەشێک لە کاربەدەستانی پارتەکەی ئەردۆغان سەریان سوڕماوە بەرامبەر بە بەدەپە، کە پشتگیریی هەموارکردنەکە ناکات، لەکاتێکدا ئەوان قوربانیی یەکەمی ئەو بڕگە دەستوورییانەن ئەگەر هەموار نەکرێن.

لەلایەکی دیکەوە، چەندین ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووس لە کۆبوونەوەکەیاندا لەگەڵ ئەردۆغان ئەوەیان خستووەتەڕوو، کە هەموارکردنی دەستوورو درێژەدان بە سیاسەتی پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسی سەرکەوتوو نابێت تاوەکو لایەنی کوردی هــاوکــارو پشتگیریی ئــەو هەنگاوانە نەکات، یەکێک لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە نەیتوانیبوو بەشداریی کۆبوونەوەکە بکات، نامەیەکی بۆ ئەردۆغان ناردووە، ویداد تورکی، نووسەرو ڕۆژنامەنووسی بەتەمەن لە نامەکەیدا بۆ ئەردۆغان نیگەرانیی خۆی دەردەبڕێت‌و بۆچوونی وایە، کە کردنەدەرەوەو بەشدارییپێنەکردنی نەتەوەیەک، هەرەسی پرۆژەکە دەگەیەنێت، هەروەها هیچ ئەنجامێکیش لەو هەنگاوانە ناکەوێتەوە کە بەبێ بەشداریی کورد دەنرێن».



ئەردۆگان لەگەڵ پەرلەمانتارانی تورکیا لەبارەی هەمواری دەستوورەوە دەدوێت

## وتەبێژی هاشمی بۆ ڕۆژنامە:

# «تارق هاشمی، سەردانەکەی بۆ هەرێم دواخستووە»



میران عوسمان

وتەبێژی نووسینگەی ڕاگەیاندنی تارق هاشمی، جێگری سـەرۆک کۆماری عێراق ئاماژە بەوە دەکات؛ کە ناوبراو سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان دواخستووەو ڕەخنەش لەو لێدوانانە دەگرێت کە بە هۆی داواکردنی پۆستی سەرۆک کۆمارەوە لە دژی هاشمی دراون.

لەپاش دەرکەوتنی دەرئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، تارق هاشمی، جێگری سـەرۆک کۆمار کە ئەندامی لیستی عێراقییەیە، داوایـکرد، پۆستی سەرکۆمار بۆ عەرەبێکی سوننە بێت، بەڵام بەم دوایییە دەنگۆی ئەو داوایە کزبووەو لەوبارەیەشەوە، عەبدول ئیلاهـ کازم، وتەبێژی نووسینگەی ڕاگەیاندنی تـارق هاشمی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لیستەکەیان سەرقاڵی تاووتوێکردنی پرسی دوورخراوەکانەو لە ئێستادا پرسی پۆستەکانیان بەلاوە گرنگ نییە، چونکە سەرقاڵی دۆسیەی گرنگترن».

دوابـــەدوای لـێدوانـەکـەی هاشمیو دەرکردنی بەیاننامەیەک لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمەوە لەدژی ئەو لێدوانەی هاشمی، چەند سەرچاوەیەکی هەواڵ باسیان لەوە کرد، کە تارق هاشمی لەو بەیاننامەیەی سەرۆکایەتیی هەرێم توڕەبووەو سەردانێکی خۆی بۆ هەرێم دواخستووە، بەڵام عەبدول ئیلاهـ کازم ئەوەی ڕەتکردووەتەوە کە بەهۆی بەیاننامەیەکی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانەوە، هاشمی پەشیمانبووبێتەوە لە سەردانەکەی بۆ هەرێمو وتی: «شتێک لەوبارەیە ڕووینەداوە، بەڵکو تارق هاشمی سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان دواخستووەو بەنیازە لەداهاتوودا سەردانی کوردستان بکات».

وتەبێژی نووسینگەی تـارق هاشمی، ڕەخنەشی لەبەیاننامەکەی هەرێمی کوردستانو لێدوانی هەندێک بەرپرس کـورد گرت کە لێدوانەکانی تـارق هاشمییان بە شۆڤێنیو ڕەگەزپەرستی لەقەڵەمداوەو پێیوایە، لەجێی خویدا نەبووەو هەندێک لایەن هەوڵیانداوە تەنگژەیەک دروستبکەن.

# دەنگی (٥٢) پاڵێوراوە دوورخراوەکە دەفەوتێت

هەستیار قادر

دەنـگـی ئـەو (٥٢)پـاڵـێـوراوە دەرچووەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەفەوتێت کە لەلایەن دەستەی لێپرسینەوەو دادپـەروەریـیـەوە بڕیاری دوورخستنەوەیان دراوەو ئەندامێکی ئەنجومەنی کۆمسیۆنیش دەڵێت: «ڕەنگە ئەو هەنگاوە کاربکاتە سەر گۆڕینی قاسمی هەڵبژاردن».

دەسـتـەی لـێـپـرسـیـنـەوەو دادپـەوەریـی عێراق، نـاوی (٥٢) پاڵێوراوی دیکەی هەڵبژێردراوی عێراقی دەستنیشانکرد، کە یاسای لێپرسینەوەو دادپـەروەریـی دەیانگرێتەوەو بێبەش دەکرێن لە بوون بە پەرلەمانتارو بڕیاریشە ئەمڕۆ دەستەی دادوەریی سەر بەو دەستەیە، دوابڕیار لەسەر تانەی ئەو (٥٢)پەرلەمانتارە بدات کە لەدژی بڕیاری بێبەشکردنیان لە بوون بە پەرلەمانتار بەرزیان کردووەتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە بـەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، دەستەی ناوبراو (٥١٢) پاڵێوراوی دیکەی بە تۆمەتی پەیوەندی هەبوون بە حیزبی بەعسەوە، دوورخستەوەو تەنیا (١٩)یان توانییان لە تانەدان لەو بڕیارە سەرکەوتووبن.

لـەوبـارەیـەوە د. عـەبـدوڵـڵا عـالـیـاوایـی، ئـەنـدامـی لیژنەی لێپرسینەوەو دادپەروەیی پەرلەمانی پێشووی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئـەو (٥٢)پـاڵـێـوراوە هەڵبژێردراوەی کە لەلایەن دەستەی لێپرسینەوەو دادپـەروەریـیـەوە بڕیاری دوورخستنەوەیان دراوە، لەنێو ئەو پاڵێوراوانەن کە وەک بەدیلی پاڵێوراوە دوورخراوەکانی پێشوو دانـراونو ئەو بڕیارەی دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریش یەکلاییکەرەوەیەوەو کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ناتوانێت جێبەجێی نەکات».

لەلایەکی دیـکـەوە، سـەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بە ڕۆژنـامـەی ڕاگـەیـانـد: «دەنـگـی ئـەو (٥٢) پاڵێوراوە هەڵبژێردراوە دەفەوتێتو ناچێتەوە بۆ لیستەکانیانو ڕەنگە ئەو هەنگاوەش کاریگەری لەسەر گۆڕینی قاسمی هەڵبژاردن هەبێت».

# (هیومان رایتس ووۆچ)، وردەکاریی ئابڕووچوونەکەی بەندیخانەی موسەننا ئاشکرا دەکات

ڕاپۆرتی: بەهادین یوسف



ئەشکەنجەدانی زیندانەکان لەکاتی لێکۆڵینەوەدا



فۆتۆ: ئەرشیف

ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووۆچ ڕایـدەگـەیـەنـێت، ئـەوەی لـە زیندانە نهێنییەکەی مـوسـەنـنـادا ڕوویـدا، نـمـوونـەیـەکـە لـەو پێشلکارییە ئـابـڕووبـەرانـەیـەی کـە سـەرکـردە عێراقییەکان دەیانەوێت لەبیری خۆیانی ببەنەوەو دەبێت ئەوانەشی تێوەگلاون لـەوکـارە، لە خـوارەوە بۆ سـەرەوە لێپرسینەوەیان لـەگـەڵـدا بکرێتو ڕێکخراوەکە ئەوەشی ئاشکراکردووە، کە سـەرجـەم زیندانییەکانی زیندانە نهێنییەکەی بـەغـدا، بە قاچەکانیان سـەرەوخـوار هـەڵـواسـراونو ئـازارو ئەشکەنجەدراونو هەوایان لێبڕاوەو لە کارەبادراونو ڕووبەڕووی دەستدرێژیی سێکسی بوونەتەوە، بۆیە ڕێکخراوەکە بەپێویستی دەزانێت، بەپەلە لێکۆڵینەوە لەو دۆسیەیە بکەنو سەرجەم بەرپرسانی حکومییو ئەمنیی تێوەگلاو لەوکێشەیەدا، ڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوە.

ڕێکخراوەکە کە چـاوی بە (٤٢) بـەنـدکـراوی بەندیخانەی ڕەسـافـە کەوتووە لەنێو (٣٠٠)بەندکراودا کە لە بەندیخانەیەکی نهێنیی نزیک فڕۆکەخانەی موسەننای کۆن لە باشووری بەغداوە، کە لە (١٩)زیندانی گەورەی دروستکراو لە ئاسن پێکهاتبوو، دوای ئاشکرابوونی ئەو زیندانە نهێنییە، گواسترانەوە بۆ ڕەسافە.

زۆربـــەی ئـەو بـەنـدکـراوانـە کە پاشماوەی لێدانو ئازارو ئەشکەنجە بە جەستەیانەوە دیاربووە، ئاماژەیان بەوە کردووە کە بە بەرنامەو بە بەردەوامی لەسەردەستی لێکۆڵەرەکانی موسەننا، ڕووبــەڕووی ئـــازارو ئەشکەنجە بوونەتەوە بەتۆمەتی هاوکاریکردنی تیرۆرو زۆربەشیان ناچارکراون کە ئیمزا لەسەر ئەو دانپێدانانە بکەن کە بۆیان دروستکراوە.

جو ستورک، جێگری بەڕێوەبەری جێبەجێکار لـە بەشی ڕۆژهـەڵاتـی ناوەڕاستو باشووری ئەفریقا لە هیومان ڕایتس ووۆچ ڕایگەیاند: «ئەو فەزیحەیەی کە بینیمان، ئاماژەیەکە بـەوەی کە ئەشکەنجەدان بەشێوەیەکی بە بەرنامە هەبووە لە موسەنناو پێوستە حکومەت، سـەرجـەم بـەرپـرسـانـی حکومییو حیزبیی تێوەگلاو ڕووبـەڕووی دادگا بکاتەوە لەسەر ئەو کارە وەحشییە بە بەرنامەیە».

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوەکە، ئەو کەسانەی کە لەبەندیخانەکاندا بەندکراون، ئاماژەیان بەوە کـردووە، کە سوپای عێراقی لەنێوان (ئەیلول بۆ کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٩)دا لەچەند هەڵمەتێکی گەڕانو پشکنیندا لە موسڵو دەوروبەری دەستگیریکردوونو ڕاشیانگەیاندووە، کە ئەشکەنجەدان لەسەرەتای هەفتەی یەکەمدا، بەشێوەیەکی چڕوپڕ هەبووە لە زیندانی موسەنناو چەند سەرچاوەیەکیش ئەوەیان بە ڕێکخراوەکە ڕاگەیاندووە، کە ئەو زیندانە نهێنییە ڕاستەوخۆ لەژێر سەرپەرشتی نووسینگەی سەربازیی نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراقدا بووە.

کارمەندانی زیندانەکە، بە شێوەیەکی خراپ مامەڵەیان لەگەڵ زیندانییەکاندا کردووەو ئاسنیان بۆ لێدانو بەستنەوە بە قاچیانەوە بەکارهێناوەو هەندێکیان لەسەر سک خستوونو هەندێکیشیان لەسەر پشت، بەجۆرێک کە قولەپێی هـەمـوویـان تـووشـی بـریـن بـووەو لەپاشاندا لێکۆڵەرەوەکان ئازارایان داونو تورەکەیان کردووە بەسەریاندا، بەجۆریک کە هەوایان بۆ نەچووەو کاتێکیش هـۆشـیـان لـەدەسـتـداوە، بەهۆی تـەزووی کـارەبـاوە، هۆشیان هێناونەتەوەو کارەبایان داوە لە ناوچە هەستیارەکانی جەستەیانو بەتایبەتی (ئەندامی نێرینەیان).

بەشێک لە زیندانییەکان، ئەوەیان بۆ هیومان ڕایتس ووۆچ ئاشکراکردووە کە لێکۆڵەرو بەرپرسە ئەمنییەکان، چەندین شـێـوازی دیـکـەی ئەشکەنجەدانیان بەکارهێناوە، لەوانە، ئەشکەنجەدان بـە قـامـچـیو دەسـکـی دەمـانـچـەو تەنانەت دەستدرێژییان کردووەتە سەر زیندانییە کەمتەمەنەکانو دوای ئـەوەش گواستویاننەتەوە بۆ شوێنی دەستبەسەرکردنی دیکەو هەندێک لە زیندانییە گەنجەکان، دانیان بەوەدا ناوە کە لێکۆڵەرو پاسەوانەکان ناچاریان کـردوون، بـە(دەم) سێکسیان لەگەڵ بکەنو هەندێکیشیان ناچارکردوون، دەستدرێژیی سێکسی بکەنە سەر زیندانییەکانی دیکە، هەروەک بەرپرسە ئەمنییەکان بە ئامێری کارەبایی لە زیندانییەکانیانداوە، بەتایبەتی لە دەستو قاچەکانیانو بە جگەرە جەستەیان سووتاندوونو دانەکانیان شکاندوون، بەرپرسانی زیندانەکە هـەڕەشـەی ئەوەیان لێکردوون کە دەستدرێژیی دەکەنە سەر خێزانو خوشکو دایکو کچەکانیان، ئەگەر دان بەو تاوانانەدا نەنێن کە دراوەتە پاڵیان.

زیندانی موسەننا کە زیاتر لە (٤٣٠) زیندانیی تێدابوو، پێش گواستنەوەیان بۆ شوێنێکی دیکە لەماوەی ڕابردوودا، هیچ کەسێک شوێنەکەیانی نەزانیوە، تەنانەت ڕێگە بە زیندانییەکان نەدراوە پەیوەندیی بە خـێـزانو پارێزەرەکانیشیانەوە بکەنو هیچ بەڵگەنامەیەکی ڕەسمیی دەستگیرکردنو دۆسیەی لێکۆڵینەوەیان بۆ دروست نەکراوەو ئەو دادوەرەشی کە لە دۆسیەکەیانی ڕوانیوە، لە نزیک شوێنی ئەشکەنجەدانەکانیانەوە نزیک بـووە. دوای ئـەوەی ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلس تایمزی ئەمریکی بۆ یەکەمجار لە (١٩)ی نیساندا لەسەر ئەو پێشێلکارییەی نووسی، حکومەتی عێراقی ڕایگەیاند، لێکۆڵینەوە لـە دۆسیەکە دەکـاتو سێ ئەفسەری سوپای عێراقیشی بە تۆمەتی دەست هەبوون لەو ڕووداوە ئابڕووبەرەدا دەستگیرکردووە.

هیومان ڕایتس ووۆچ، وتەی بەشێک لە زیندانییەکانی بڵاوکردووەتەوە کە سەرجەمیان جەخت لەوەدەکەنەوە، بەهەموو شێوازێک ئەشکەنجەدراونو هەڕەشەی ئەوەیان لێکراوە، ئەگەر دان بەتاوانەکانیاندا نەنێن، دەستدرێژیی دەکـەنـە سـەر خوشکو دایـکو کچو ژنەکانیانو چەندین شێوازی دیکەی ئـازارو ئەشکەنجەیان لەبەرامبەریان بەکارهێناوە.

## سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان:

# زەوییە کشتوکاڵییەکان بۆ پڕۆژە ناکشتوکاڵییەکان بەکارهێنراون

سازدانی: ڕێبین فەتاح

٢ - ٢

**هێرش موحەرەم ئاشکرای دەکات، کە زەوییە کشتوکاڵییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پڕۆژەی ناکشتوکاڵیی بەکاردەهێنرێن، بەڵام ئەوەش لەئەستۆی دەستەکەیان دووردەخاتەوەو لەبەشی دووەمی ئەم دیدارەی ڕۆژنامەدا دەڵێت: دەستەی هاندان و وەبەرهێنان دەسەڵاتی ئەوەی نییە مامەڵە بە زەوییەکانەوە بکات، بەڵکو ئەوە لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەن ئەو کارە دەکەن.**

**ڕۆژنامە: ئەو پڕۆژانەی لە دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتیان وەرگرتووە، بەشێوەیەکی نابەرابەرو ناهاوسەنگ بەسەر پارێزگاکاندا دابەشکراون، ئایا ئەوە نەبوونی پلان و بەرنامەی حکومەتە، یان هۆکاری دیکە؟**

* ڕاستە پڕۆژەکان بەو شێوەیە دابەشبوون و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە هەولێر پایتەختەو ناوەندی بڕیاردانەو بازاڕێکی خێراترە، لەبەرئەوە وەبەرهێنەر دەیەوێت لێرە وەبەرهێنان بکات. لە دەستەی وەبەرهێنان هیچ کات بە وەبەرهێنەر ناڵێین، دەبێت لە کوێ وەبەرهێنان بکات، ڕێنمایی دەکەین، بەڵام ناتوانین پێی بڵێین، دەبێت بچیت لەو شوێنە وەبەرهێنان بکەیت. یەکێک لە خاڵە سەرکەوتووەکانی ئەو دەستەیە، ئەوەیە کە دوو هۆکار کاری تێ ناکات. یەکەمیان: هۆکاری حیزبیی و دووەمیان هۆکاری ناوچەگەرێتییە. ئێمە تیمێکین لە تەواوی هەرێمی کوردستاندا کاردەکەین، هیچ کات بۆمان نییە وەبەرهێنەر لەسەر بنەمای حیزبیی و ناوچەگەرێتی ئاڕاستە بکەین، بەڵام ئێمە ڕێنمایی بە وەبەرهێنەرەکان دەدەین، بۆ نموونە پێی دەڵێین، لە بازیان چوار کارگەری چیمەنتۆ هەیە، ئەگەر لەناوچەیەکی دیکە بیکەیت باشترە. بەداخەوە ئێمە نەخشەیەکی ڕێگامان نییە، زانیارییمان نییە لەسەر ئەوەی بۆ نموونە بزانین کانزایەک لە چ ناوچەیەکی کوردستان هەیە، لەبەرئەوە دەبێت ڕەوانەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی بکەین.

**ڕۆژنامە: ڕەخنەی ئەوە دەگیرێت کە زەوییە کشتوکاڵییەکان بۆ پڕۆژە ناکشتوکاڵییەکان بەکاردەهێنرێن؟**

* سەد لە سەد ڕاستە کە ئێمە زەوییە کشتوکاڵییەکان بەکاردەهێنین، بەڵام هەندێکجار هەوڵمانداوە، خۆمان لە زەوییە کشتوکاڵییەکان بەدوور بگرین و ناوچەی بەردەڵان و شاخاویی بەکاربهێنین، بەڵام دەبێت ئەوە ڕوون بکەمەوە، کاتێک پڕۆژەیەک ئاڕاستەی دەستەی وەبەرهێنان دەکرێت، ئێمە بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی ڕەوانە دەکەین. بۆ نموونە لەلایەن کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتییەوە ماستەرپلانی هەولێر دیاریکراوە، ئەو کۆمپانیایە مەوقعی هەولێری بۆ ماوەی (١٥-٢٠) ساڵی دیکە دیاریکردووەو بەرفراوانی کردووە. لە ئەنجامی ئەو بەرفراوانکردنەدا زەوییە کشتوکاڵییەکان کەوتوونەتە سنووری ماستەرپلانەکەوەو لە زەوی کشتوکاڵییەوە گۆڕدراون بۆ زەوی دیکە. کەواتە ئەوە دەستەی وەبەرهێنان نییە کە ئەو بڕیارەی دابێت، ئەوە لایەنەکانی دیکەن. دەستەی وەبەرهێنان دەسەڵاتی ئەوەی نییە مامەڵە بە زەوییەکانەوە بکات، لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا هیچ زەوییەکی نییە. وەزارەتەکانی دیکە زەوی بۆ ئێمە دیاری دەکەن و ئێمە دەیدەین بە وەبەرهێنەرەکان.

**ڕۆژنامە: بەبۆچوونی ئێوە، تەرخانکردنی زەوی کشتوکاڵیی بۆ ئەو پڕۆژانە، زیان بە کەرتی کشتوکاڵ ناگەیەنێت؟**

* بێگومان زیان دەگەیەنێت، بەڵام پێویستە حکومەتیش ئەولەویەتی خۆی هەبێت.

**ڕۆژنامە: تێبینی دەکرێت، نابەرابەرییەک لەو سێکتەرانەدا هەیە کە پڕۆژەیان لەسەر جێبەجێکراوە، پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی سێکتەرێک پەنجا پڕۆژەی هەیە، بەڵام سێکتەرێکی دیکە بۆ نموونە، بیست پڕۆژەی هەیە؟**

* ڕاستە سێکتەرەکان بەشێوەیەکی ناهاوسەنگ ئیشیان لەسەر کراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەناو وەزارەتەکانەوە پلانێکمان بۆ نەهاتووە کە بەپێی ئەو پلانە ئیش بکەین. بۆ نموونە، وەزارەتی کشتوکاڵ پلانێکی نەناردووەو بڵێت، ئەوە لیستی پڕۆژەکانی ئێمەیەو ئەو پڕۆژانەمان دەوێت. لەبەرئەوە وەبەرهێنەرەکان خۆیان ئەو سێکتەرە دەستنیشان دەکەن کە دەیانەوێت وەبەرهێنانی تێدا بکەن. بەداخەوە، تائێستا خاوەنی پلانێکی لەو شێوەیە نین و هیوادارین لەماوەیەکی کورتدا بەلایەنی کەمەوە ببین بە خاوەن پلان بۆ ئەو سێ سێکتەرەی پێشتر ئاماژەم پێکردن.

**ڕۆژنامە: بەهەمان شێوە نابەرابەرییەک هەیە لە تەرخانکردنی زەوی بۆ پڕۆژەکان، بۆ نموونە، پڕۆژە هەیە ڕەنگە پێویستی بەو ڕووبەرە زەوییە نەبێت کە بۆی تەرخانکراوە، بەڵام پڕۆژە هەیە، بەهۆی تەرخانکردنی ڕووبەرێکی کەمەوە، ناتوانرێت ئیشی تێدا بکرێت؟**

* دەکرێت ئەوە کەموکوڕیی بێت.

**ڕۆژنامە: کێ بەرپرسیاری کەموکووڕییەکەیە؟**

* هەموومان بەرپرسیارین، کاتێک پڕۆژەیەک دێتە دەستەی وەبەرهێنان، لە کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرەگشتییەکان بڕیاری لەسەر دەدرێت و ڕەوانەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەکرێت و داواکاری وەبەرهێنەر لەسەر ئەو ڕووبەرە زەوییەی دەیەوێت، ئاماژەی بۆ دەکرێت. وەزارەتەکان یان دەڵێن باشە یان داوای پێکهاتەی پڕۆژەکە دەکەن. لێرەدا ئێمە کارێک دەکەین کە ئیشی ئێمە نییە، ئەو کارەش هەڵسەنگاندنی ئەندازیارییە، بەڵام لە بنەڕەتدا دەبێت وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەڵسەنگاندنی ئەندازیاریی لەئەستۆ بگرن، نەک دەستەی وەبەرهێنان. ئێمە لەسەروبەندی بەخۆداچوونەوەیەکین کە تەواوی کارە ئەندازیارییەکان بخەینە ئەستۆی وەزارەتەکانی دیکەو ناسنامەی دەستەی وەبەرهێنان وەک دەستەیەکی هەمئاهەنگ لەنێوان وەبەرهێنەرو حکومەت بپارێزین.

**ڕۆژنامە: نووسراوێک لای ئێمە هەیە کە دەستەی وەبەرهێنان داوای (١٠)هەزار مەتر زەوی دەکات بۆ پڕۆژەیەک و ئاڕاستەی شارەوانی کراوە، بەڵام لە شارەوانی ڕووبەرەکە بۆ تەنیا (٥٠٠)مەتر کەمکراوەتەوە، ئەوە کێشە بۆ وەبەرهێنەر دروست ناکات؟**

* ئەمە کارێکی ئاساییە لەنێوان ڕوئیای دوو وەزارەتدا، ئێمە لە ڕوانگەیەکەوە وتوومانە پێویستی بەو ڕووبەرە هەیەو ئەوانیش لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دەڵێن، پێویستی بەوەندە هەیە. ئیتر یەکێکیان باوەڕ بەوی دیکە دەهێنێت و کارەکە جێبەجێدەبێت، بەڵام ئەگەر تائێستا تێکەڵاوییەک هەبووبێت و ئێمە ئیشی هەندێک وەزارەتمان کردبێت، دەکرێت بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکان، چارەسەری کێشەکە بکەین.

**ڕۆژنامە: لە (٢٠٠٦)ەوە تا مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵ، (٣٣)پڕۆژە بەناوی گەشتیارییەوە مۆڵەتیان وەرگرتووە، بەڵام زۆربەی ئەو پڕۆژانە دروستکردنی ئوتێل و مۆتێلن، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا دەتوانین بە دروستکردنی ئوتێل بڵێین، پڕۆژەی گەشتیاریی تەواو؟**

* نەخێر، بەڵام بەشێکە لە پڕۆژەی گەشتیاریی. لە ڕاستیدا ئەگەر باس لە ئوتێلیش بکەین، ئەویش دەبێت ستانداردی خۆی هەبێت. ئێمە بە نووسراوێکی ڕەسمیی داوامان لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار کرد کە پێوەرەکانی گەشتیاریمان بدەنێ، زۆر پڕۆژەمان ڕاگرتووە لەبەرئەوەی تائێستا ئەو پێوەرانەمان نییە. ئێمە نیگەرانین لەوەی کە وەبەرهێنەرێک دەڵێت، پڕۆژەکەم ئوتێلێکی پێنج ئەستێرەیە. ئێمە داوا دەکەین بەپێی چ بنەمایەک پێنج ئەستێرەیە؟ تا ماوەیەکی زۆر کۆمەڵێک پڕۆژەمان ڕاگرت و داوای (براند)مان لێکردن، واتە وەکالات. دەبێت وەبەرهێنەرەکە کۆمپانیایەک ڕازی بکات کە ناوەکەی خۆی بداتێ کە ناوەکەی خۆی دەداتێ، پێویست ناکات من سەرپەرشتی بکەم، چونکە ئەو کۆمپانیایەی ناوەکەی خۆی داوە، دێت بەپێی ستانداردی جیهانیی مامەڵە لەگەڵ پڕۆژەکەدا دەکات. بەداخەوە چەند پڕۆژەیەکی کەم نەبێت، نەمانتوانیوە زیاتر بدەین.

**ڕۆژنامە: بۆچی نەتوانراوە؟**

* هۆکاری زۆر هەیەو لەوانە هۆکاری ئەمنیی، کوردستان وەک بەشێک لە عێراق سەیرکراوە. پاشان کۆمپانیاکان داوای پارەیەکی زۆر دەکەن. ئێستا لە سلێمانی ئوتێلێکی زۆر گەورە دروست دەکرێت، براندی (ملینیۆم)ی هێناوە. ئێستا ئێمە لەو پڕۆژەیە نیگەران نین، چونکە ئەگەر وەبەرهێنەرەکە بیەوێت هەر گۆڕانکارییەک بکات لە بچووکترین شتی ناو ئەو ئوتێلەدا، تەنانەت بە شامپۆو سابونی حەمامەکانیشییەوە، دەبێت بە ستانداردێک بێت کە (ملینیۆم) داوای دەکات. لێرەدا ئێمە خەممان نامێنێت و دڵنیا دەبین لەوەی پڕۆژەکە چۆن جێبەجێدەکرێت. بۆ نموونە، (کەمپەن سکی) هەولێر، هیچ کات بە ئیمکانیاتی ئێمە سەرپەرشتی ناکرێت. کەمپەن سکی براندێکی نێودەوڵەتییە، کە وەکالەتی دا بە وەبەرهێنەرێک لە کوردستان کار بکات، وەبەرهێنەرەکە ناچار دەکات بەپێی ستانداردی جیهانیی پڕۆژەکە جێبەجێبکات. ئوتێل ڕۆتانامان هەیە لە هەولێر، ئێمە ماوەیەکی زۆر مۆڵەتەکەیمان ڕاگرت، تا براندی هێنا، چونکە دەمانزانی ئێمە ناتوانین، سەرپەرشتی بکەین. ئێستا داوامانکردووە لە وەزارەتی شارەوانی کە پێوەرەکانمان پێبدەن، چونکە زۆربەی وەبەرهێنەرەکان ئەو براندەیان بۆ نایەت و دواتریش ئوتێلێک دروست دەبێت، کە لە هیچ ئاستێکدا نییە.

**ڕۆژنامە: بەڵام، دوای چوارساڵ لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان، بۆچی دوای ئەو ماوە زۆرە داوای پێوەرەکان دەکەن؟**

* ئێمە لە سەرەتای دەستبەکاربوونەوە داوامانکردووە، بەڵام ئەوان پێیان نەکراوە پێوەرەکانمان بۆ ڕەوانە بکەن. دەتوانیت سەیری هەموو دۆسیەکان بکەیت، لە هەموویاندا ئەو داوایەمان کردووە. بەدەر لەوە، پڕۆژەیەکی دیکە هەیە کە ئێمە زۆر بە تەحەفوزەوە مۆڵەتی پێدەدەین، ئەویش دروستکردنی شاری یارییە، بەڵام ئێمە مۆڵەتی پێنادەین، ئەگەر وەبەرهێنەرەکە وەسیقەیەک ئامادە نەکات، چونکە لە کوردستان تەئمین نییە، ئەمڕۆش تەکنۆلۆژیای وڵاتانی دەرەوە لێرە کۆبووەتەوە کە کۆنترۆڵی ئێمە توانای ئەوەی نییە، بزانێت ئایا ئەمانە لە ڕووی سەلامەتییەوە تا چەند دەتوانن پارێزگاریی ئەو منداڵانە بکەن کە بەکاریاندەهێنن، لەبەرئەوە داوایان لێدەکەین، بڕوانامەی دروستکردنمان بۆ بێنن. پاشان داوای بەڵگەیەکی دیکەیان بۆ دەهێنین کە تائێستا زۆربەی زۆری کۆمپانیاکان بۆیان نەهاتووە، لەبەرئەوە تائێستا مۆڵەتەکانیان ڕاگیراوە. داوایان لێدەکەین، ئەگەر بڕوانامەی دروستکردنەکە لە نەمسایە بۆ نموونە، پۆلیسەی تەئمینمان بۆ بهێنێت، ئەمانە کارێکن ئاسان نین لە وڵاتێکی وەکو ئێمەدا جێبەجێبکرێن، بەڵام ئێمە چەندین پڕۆژەمان ڕەفز کردووەتەوە، چونکە ئەو پێویستییانەی نەبووە.

**ڕۆژنامە: زۆرێک لەو کۆمپانیایانەی مۆڵەتی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونیان وەرگرتووە، ئەو پارەیە بەکاردەهێنن کە پێشەکی لە خەڵک وەردەگرن، بەڵام ئەگەر لە حاڵەتێکدا کۆمپانیای جێبەجێکار ئیفلاس بکات، چۆن پارەی خەڵک دەگەڕێتەوە؟**

*کاتێک گرێبەستێک لەنێوان وەبەرهێنەرو هاوڵاتیدا مۆردەکرێت، دەبێت وەبەرهێنەر حیسابی بانکی بکاتەوەو ژمارەی حیسابەکەی بە ئێمە بدات. ئێمە لیژنەیەکی هاوبەشمان لەنێوان دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی دارایی و ئاوەدانکردنەوەدا هەیە، کە ئەرکی کۆنترۆڵکردنی ئەو حیسابەی لەئەستۆیە. بۆ نموونە، کاتێک وەبەرهێنەر ملیۆنێک لەو پارەیە لە بانک ڕادەکێشێت، جاری دووەم کە بۆ ڕاکێشانی پارە دێت، ئەگەر لیژنەکە بەشی ملیۆنێک بەرهەمی لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە نەبینیبێت، ڕێگە نادرێت وەبەرهێنەر پارەی دیکە ڕابکێشێت، واتە پارەکە بلۆک کراوە. یەکێک لە وەبەرهێنەرەکان، ماوەی چل و پێنج ڕۆژ هەموو حیساباتەکانیمان بلۆک کرد، لەبەرئەوەی خەڵک دەیانوت پارەی نەماوە یان لە شوێنێکی دیکە خەرجی دەکات، لیژنەکەمان هەستا بە لێکۆڵینەوەیەکی وردو جدیی و تا بۆمان ڕوون نەبووەوە نەمانهێشت پارەی دیکە ڕابکێشێت.

**ڕۆژنامە: لەمیانەی بەدواداچوونی مەیدانیی ئێمەدا، دەرکەوتووە کە ئەو کۆمپانیایانەی مۆڵەتیان وەرگرتووە، ژمارەیەکی زۆریان کۆمپانیای تازەن و پێشتر ئەزموونی لەو جۆرەیان نەبووە، ئەمە کێشەیەک نییە؟**

* ئەمە کێشەیەکی زۆر زۆر گەورەیە. ئێمە لە ڕێنمایی دووەمماندا چارەسەرمان کردووە بەو جۆرەی کە ئەگەر وەبەرهێنەرێک متمانەی بانکێکی وەرنەگرتبێت کە تەمویلی پڕۆژەکەی بکات، مۆڵەتی پێنادەین. بەوپێیە سەرەتای دەستپێکردنی وەبەرهێنەر لەگەڵ بانک دەبێت، نەک دەستەی وەبەرهێنان. ئەمەش وا دەکات، ئەگەر وەبەرهێنەر وەبەرهێنەری هەقیقی نەبێت، نەتوانێت مۆڵەت وەربگرێت، چونکە هیچ بانکێک متمانەی پێنادات.

**ڕۆژنامە: باس لەوە دەکرێت کە ئەنجومەنی وەزیران، دەستێوەردان لە کارەکانی دەستەی وەبەرهێناندا دەکات، بەتایبەت دەتوانین ئاماژە بە پڕۆژەکەی کۆمپانیای (زیفە) بکەین کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی دەستەی وەبەرهێنان کراوە؟**

* لە ڕووی یاساییەوە ئەنجومەنی وەزیران مەرجەعی ئێمەیە. خەڵکێکی زۆر پڕۆژەکانیان پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران دەکەن و لەوێوە بۆ ئێمە ڕەوانە دەکرێن، بەڵام هەر پڕۆژەیەک لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت، بەهەمانشێوە بە فلتەرە یاساییەکاندا دەڕوات، هیچ پڕۆژەیەکیش نییە ئەنجومەنی وەزیران داوای لە ئێمە کردبێت لە دەرەوەی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. دەربارەی کۆمپانیای زیفەش، ئەو کۆمپانیایە داوای کرد (١٠)هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروست بکات، ئێمە پارەمان نەمابوو، داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران کرد، ئەگەر پارەی بۆ دابین دەکەن، ئێمە کاری بۆ دەکەین، پڕۆژەکە کاری بۆ کراوە، بەدواداچوونێکی زۆر ورد هەیە لەسەر ئەو پڕۆژەیە، کاتێکیش پڕۆژەکە بۆ ئێمە هاتووە، من لەسەر نووسراوەکەم نووسیوە، ڕابگیرێت و نووسراوەکەش لەلای ئێوە هەیە، دوای موخاتەباتی دووەم لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران، ئەوان وتیان تەمویلی پارەکە دەکەن و ئەوکات ڕەزامەندیمان لەسەر نیشاندا. ئەمە دەستێوەردانی ئەنجومەنی وەزیران نییە لە کاروبارەکانی ئێمە، ئەگەر شتێک لە دەسەڵاتی ئێمە نەبێت، ئێمە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی ڕەوانە دەکەین، ئەگەر ئەوان لەئەستۆی بگرن، جێبەجێدەکرێت. بۆ کۆمپانیای زیفەش، دەتوانین تەواوی دۆسیەکەتان بخەینە بەردەست و بەدڵنیاییەوە تەواوی بنەما یاساییەکانی تێدا ڕەچاوکراوە.

**ئەگەر وەبەرهێنەرێک متمانەی بانکێکی وەرنەگرتبێت کە تەمویلی پڕۆژەکەی بکات، مۆڵەتی پێنادەین. بەو پێیە سەرەتای دەستپێکردنی وەبەرهێنەر لەگەڵ بانک دەبێت**



هێرش موحەرەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان



# بودجەی (٢٠١٠) دەستو پێی ئەنجومەنەکان دەبەستێت

**«لە بودجەی هەرێمدا سلێمانی زوڵمی لێکراوەو میزاج لە دابەشکردنەکەداهەیە»**

**«وەک ئەنجومەنی پارێزگا بەرپرسیار نین لە کەموکوڕیی خزمەتگوزارییەکان»**

بودجە زەبەلاحەکە لەچیدا خەرجدەکرێت؟

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

**کەمکردنی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٠) کاریگەریی خراپی دەبێتو ئەنجومەنی پارێزگاکان رایدەگەیەنن: بەوهۆیەوە ناتوانن ئەو پرۆژەو بەڵێنو بەرنامانە جێبەجێبکەن کە لە رابردوودا بەخەڵکیان داوە**

بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان لە حکومەتی ناوەندی عێراقەوە بۆ هەرێم دێتو لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەدرێتە پارێزگاکان، بۆ ساڵی ٢٠١٠، بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووەو کاریگەریی لەسەر کەمبوونەوەی خزمەتگوزارییو پرۆژەکان دەبێت، بەوپێیەی بۆ هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان تەنیا (١٢٣) ملیارو (٨٠٠) ملیۆن دینار تەرخانکراوە، بەشێوەیەک (یەک لەسەر سێ)ی بودجەی ساڵی (٢٠٠٩)یـە، چونکە پارێزگای دهۆک (٢٧)ملیارو پارێزگای هەولێر (٤٤) ملیارو پارێزگای سلێمانی (٤٩) ملیارو (٨٠٠) ملیۆن دینارە، ئەوە لەکاتێکدا تەنیا بودجەی سلێمانی بۆ ساڵی (٢٠٠٩) بڕی (٢٠٠) ملیار دیناربووە، بەوهۆیەشەوە پێدەچێت بەشێکی بەرچاوی پرۆژە بەرنامە بۆ دارێژراوەکان جێبەجێ نەکرێن، وەک ئەو ئەندەر پاسانەی بڕیاربوو لە شاری سلێمانی جێبەجێ بکرێن.

## هەشت یەکی پرۆژەکان جێبەجێدەکرێن

کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، وتی: «ساڵی رابردوو بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای سلێمانی (٢٠٠) ملیار دیناربووە، جگە لە بودجەی وەبەرهێنان، بەڵام ئەمساڵ تەنیا (٤٩) ملیارو (٨٠٠) ملیۆن دینارە، کە نزیکەی (٣/١) ساڵی رابردووە، لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین خزمەتی پارێزگای سلێمانی پێبکەینو وەک ئەنجومەنی پارێزگا بەرپرسیارنابین لە کەموکوڕیی خزمەتگوزارییەکانی پارێزگای سلێمانیو بەو پارەیەی کە بۆمان دانراوە ناتوانین بەڵێنەکانی خۆمان، کە بە خەڵکمان داوە جێبەجێی بکەین».

بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان لەسەر بنەمای رێژەی دانیشتووان دابەشدەکرێت، بەڵام ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی نیگەرانکردووە ئەوەیە؛ بەوپێیەش بێت رێژەکە کەم دانــراوە، چونکە وەک کاوە باسیدەکات، بـەراورد بە شاری حیللە، کە رێژەی دانیشتووانی لە شاری سلێمانییەوە نزیکە، جیاوازیی هەیە، بەوپێیەی حیللە (١٥٢) ملیار دیناریان بۆ دانــراوە، بەڵام سلێمانی کەمتر لە (٥٠) ملیارە.

سەرۆکی ئەنجومەنەکە وتی: «لە بنەمادا پارەکە لەسەر رێژەی دانیشتووان هاتووە، بەڵام ماوەی (٢) ساڵە پارەکە دێتە حکومەتی هەرێمی کوردستانو لەرێی حکومەتەوە دەدرێتە ئێمە، تائێستا بۆمان رووننەکراوەتەوە، کە ئەو پارەیە بۆ کەمبووەتەوە، ئەوەندەی ئاگادارین لە بەغداوە بڕەکە کەمکراوەتەوە، لە کۆبوونەوەی پێشووتری ئەنجومەندا بـڕیـارمـانـدا، کـە نامەیەک بـۆ سەرۆکی هەرێمو پەرلەمانو حکومەت بنێرین بزانین بۆ کەمبووەتەوەو ئەگەر لە بەغداوەیە بۆ ناتوانن لەسەر حەقی خۆمان قسە بکەن، ئەو بەدەنگهاتنەش ئیشی ئەنجومەنی پارێزگاکانو حکومەتی هەرێمە، کە کار لەسەر ئەوە بکات».

لەبارەی کەمیی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانەوە ئەحمەد رەشید، سەرۆکی لیژنەی ئابووری لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، باسی لەوەکرد؛ کە پێویستیان بە (٤٠٠) ملیار دینار هەیە بۆئەوەی بەشێوەیەکی گونجاو خزمەتگوزارییەکان بگەیەنین، بەڵام ئەو بودجەی بۆمان دانــراوە، کە (یەک لەسەر هەشت)ی پێویستییەکانی سنوورەکەیە، دەتوانین بەوپێیە تەنیا (یەک لەسەر هەشت)ی پرۆژەکانمانی پێ جێبەجێ بکەین.

بۆزانینیبودجەیهەولێرورایئەنجومەنو پارێزگاکەی لەسەر کەمکردنەوەکە، رۆژنامە پەیوەندیی بە نـەوزاد هـادی، پارێزگاری هەولێرەوە کرد، بەڵام ئەو بێئاگایی خۆی لە بڕی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەولێر دەربڕی بۆ ئەمساڵو وتی: «تائێستا ژمارەکەم لانییەو نازانم بودجەی هەولێر چەندە، بەڵام مەرج نییە هەرێم وابەستەبێت بەو ژمارەیەوە، کە لە بەغداوە دادەنرێت».

وتیشی: «نازانین چەندە، لەبەر ئەوە نازانین بەشی ئەو پرۆژانە دەکات، کە پلانمان بۆ داناوە، چونکە مەرج نییە وەکو ئەوە بێت کە لە بەغدا دادەنرێتو حکومەتی هەرێم ئازادە لەو پارەیە کە دایدەنێت، ئایا زیادی دەکات، یا کەمی دەکات».

بەڵام لەلایەکی دیکەوە، رەشید ئەمین، بریاردەری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک، لە لێداوانێکی پێشوویدا بۆ رۆژنامە ئاماژەی بەوەکرد؛ کە بودجەی ئەمساڵی پارێزگاکەیان زۆر کەمەو بەشی ئەو پرۆژانە ناکات کە بەنیازن ئەنجامی بدەن.

## سلێمانی لە دهۆکو هەولێر کەمتری بۆ دانراوە

سـەربـاری کـەمـبـونـەوەی بـودجـەی پەرەپێدانی هەرێمەکان، ئاماژە بەوەدەکرێت سلێمانی لە بودجەی کوردستانیشدا زوڵمی لێکراوەو کەمتر لە پارێزگاکانی تر بودجەی پرۆژەی بۆ خەرجکراوە.

ئـەحـمـەد رەشـیـد، سـەربـاری دووپاتکردنەوەی کەمیی بودجەی پەرەپێدان، ئاماژە بە کەمیی بەشە پـارەی پارێزگای سلێمانی کرد لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠) ی هەرێمی کوردستانو پێیوایە؛ پارەی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکانی سلێمانی لە بەشی دهـۆکو هەولێر کەمترەو «بودجە لەسەر رێژەی دانیشتووان دابەشنەکراوەو جۆرێک لە میزاج بەکارهێنراوە لە دابەشکردنەکەدا».

هـەروەک رایدەگەیەنێت: لە بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێمیشدا زوڵـم لە سلێمانی کراوەو بودجەی کەمتر لە دهۆکو هەولێری بۆ دانراوە لەکاتێکدا رێژەی دانیشتوانەکەی لەوان زیاترە، وتیشی: «بودجەی پارێزگای سلێمانی لە بودجەی هەرێمی کوردستانیش کەمە، بودجەی حکومەتی هەرێم لەبنەمادا بەدوو بەش سەرفکراوە، بودجەی تەشغیلیو تەنفیزی (٧) ترلیۆن دیناری بۆ دانـراوە، لەگەڵ بودجەی ئیستسماری، کە (٣) ترلیۆنو کەسرێکی بۆ دانـراوە، ئەمەشیان بەشێکی بۆ پـرۆژە بەردەوامەکان دەڕواتو تەنیا (٩٠٠) ملیاری بۆ هەرسێ پارێزگاکەیە، بەڵام بودجەی سلێمانی لەوەش کەمی کردووە لەچاو هەولێرو دهۆک».

ئەحمەد رەخنە لە شێوازی دابەشکردنی بودجەی هەرێم دەگرێتو پێیوایە؛ بەوپێیەی کە بودجەکە بەپێی رێـژەی دانیشتوان دابەشنەکراوە «خەلەلی زۆری تێکەوتووە»، وتیشی: «سلێمانی بەپێی فۆرمی خۆراک (١) ملیۆنو (٦٥١) هەزار دانیشتوی تێدایە، هەولێر (١) ملیۆنو (٣٠٠) هـەزارو دهۆک (٩٤٧) هەزارە، بەڵام بودجەی ئیستسماری، کە دابەشکراوە دهۆک لە هەولێرو سلێمانی زۆرتـرە هەولێریش لە سلێمانی زیاترە، بەوپێیەش سلێمانی زولملێکراوە»، پێیوایە؛ بە مەحرومیەتو مەزلومیەتیش دانەنراوە، چونکە لە نموونەی وەزارەتی شەهیدان، کە سلێمانی سنوورێکی زۆر بەرفراوانی هەیە لە کارەساتو قوربانیی، بەڵام بودجەی سلێمانی لەو وەزارەتە کەمترە لەچاو شارەکانی دیکەدا، وتیشی: «لەبەر ئەوە پێمانوایە؛ میزاجیەتێک بەکارهێنراوە لە دابەشکردنی بودجە لە هەرێمی کوردستان».

بەپێی کەمکردنەوەی ئـەو بودجانە بێت پرۆژەکانی پەرەپێدانو حکومەتی هەرێمیش لەسنووری سلێمانی کەم دەکات، بۆ چارەسەرو بەدواداچوونی ئەو گرفتەش سەرۆکی لیژەی ئابووری ئەنجوومەنی پارێزگا وتی: «دەبێت داوای روونکردنەوە لە پەرلەمان بکەینو یاداشتێک بدەین، کە بڵێین بودجەی سلێمانی بۆ کەمەو ناشەفافە، بۆیە داواکارین لە بودجەی تەواوکاری بڕێکی بۆ زیاد بکرێت، چونکە ئێستا بودجەکە مسادەقە کـراوەو ناتوانرێت جێگۆڕکێ بە پرۆژەو بودجەکە بکرێت تەنیا رێگەچارە ئەوەیە لە تەواوکاری بۆی زیادبکرێت».

# لە سلێمانی، ساختەکاریی خواردن و دراو پەرەدەسێنێت

راپۆرتی: رۆژنامە

**بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی ئاشکرای دەکات، تەنیا لە مانگی رابردوودا، چەندین باندی دەستگیرکردووە کە بە هەزاران دۆلاری ئەمریکییان ساختەکردووە، یان گۆشتی بەسەرچوویان خستووەتە ناو بازاڕەکانی سلێمانییەوە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی ساختەکاریی لەم پارێزگایەدا.**

بەپێی بەیاننامەیەکی بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی کە وێنەیەکی لای رۆژنامە پارێزراوەو ژمارە (٣٥)ی رۆژی (٢٠١٠ /٤/٢٨)ی لەسەرە، ئاشکرای دەکات، کە هۆبەی کاروباری ساختەکاریی سەر بە بەشی لێکۆڵینەوەی بەڕێوەبەرێتیی نـاوبـراو، دوای کۆکردنەوەی زانیاریی ورد، رۆژی(٢٠١٠/٤/٢٧) توانیویانە لەناو شاری سلێمانیدا باندێکی ساختەکاریی دراو دەستگیر بکەن.

ئـەو باندەی کـە هۆبەی کاروباری ساختەکاریی دەستگیری کــردوون، پێکهاتوون لە سێ تۆمەتبار، بە ناوەکانی (م.ع)ی تەمەن (٤١ســاڵ)، دانیشتووی کۆمەڵگای باریکەی سـەر بـە قــەزای هەڵەبجەی تازەیەو پیشەی کـاسـبـە، (ع.ع)ی تەمەن (٣٤ســاڵ)، دانیشتووی گەڕەکی بەکرەجۆی شاری سلێمانییەو پیشەی کاسبە، (ص.ن)ی تەمەن(٣٢ساڵ)، دانیشتووی پارێزگای هەولێرەو پیشەی (پ.م)یـەو لەکاتی دەستگیرکردنەکەیاندا، توانرا دەستبگیرێت بەسەر بڕی (٨٨٠٠) هەشت هەزارو هەشتسەد دۆلاری ئەمریکی ساختەدا، کە تۆمەتباران بەنیازبوون لەناو بازاڕی شاری سلێمانیدا ساغی بکەنەوە.

بەپێی زانیارییە بەدەستهاتووەکان، «باندە ساختەکارە دەستگیرکراوەکە، پەیوەندیی هەبووە لەگەڵ باندێکی ساختەکاریی دراودا لە پارێزگای کەرکوکو لە رێگەی ئەوانەوە توانیویانە ئەو بڕەپارە ساختەیە بهێننە ناو شاری سلێمانییەوە بە مەبەستی ساغکردنەوەیو بەنیازبوون لـەدوای سەرکەوتنیان لەم کارەدا، بڕی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دۆلاری ئەمریکی ساختەی تر لە پارێزگای کەرکوکەوە بهێننە ناو شاری سلێمانیو ساغی بکەنەوە».

لەلایەکی دیکەوە، رۆژنامەی میکالاتچی ئەمریکی بڵاویکردووەتەوە کە لە ئێستادا (٤)ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە بازاڕەکانی عێراقدا هەیەو بەرپرسانی ئەمریکیو عێراقیش لە هەوڵی دۆزینەوەی سەرچاوەی ئەو ساختەکارییانەدانو پێیانوایە، بەشێکی ئەو دراوە ساختانە، هەوڵی حکومەتی ئێرانییە بۆ دروستکردنی کاریگەریی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا.

لەو بارەیەشەوە، کۆلۆنێل بیت نیۆل لە سوپای ئەمریکا رایگەیاند: «زۆرێـک لەو دۆلارانەی لە پارێزگاکانی باکووری عێراقدا دەستیان بەسەرداگیراوە، هاوشێوەی ئەو دۆلارە ساختانەن کە حیزبوڵای لوبنانی ساختەیان دەکـاتو تەنیا ئێرانیش لە ناوچەکەدا توانای هونەریی لەو ئاستەدایە».

دەستبەسەرداگرتنی ئەو بڕە زۆرەی دۆلاری ساختە لە سلێمانی، دوای (٣) رۆژ دێت لە دەستبەسەراگرتنی (١٣٠) کیلۆ گۆشتی هیندیی بەسەرچوو لەلایەن ئاسایشی پارێزگای سلێمانییەوە.

لەم بارەیەشەوە، ئاسایشی سلێمانی رایگەیاندووە:«هێزەکانی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی رۆژی (٢٠١٠/٤/٢٤) توانییان لە بازگەی تاسڵوجە، دەستبگرن بەسەر بڕی (١٣٠)کیلۆ گۆشتی هیندیی بەسەرچوودا، کە لەلایەن تـۆمـەتـبار (و.م)ەوە کە بەنیازبووە لە چەمچەماڵەوە بە ئۆتۆمبێلێکی جۆری ئۆپڵ بیگوازێتەوە بۆ ناو شاری سلێمانیو لە بازاڕەکاندا بیفرۆشێت».

ئـــەمـــەش دووەم وەجـبـــەی دەستبەسەرداگرتنی گۆشت بـووە لەم مانگەدا کە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی سلێمانییەوە دەستی بەسەردا گیراوە، پـاش ئـەوەی لە رۆژی (٢٠١٠/٤/١١) دا هێزێکی ئاسایش، توانیی لە ناوچەی شێرکوژی نزیک بەنداوە رووخاوەکەی سەرچنارو لەماڵێکدا (٣)تۆمەتبار بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە گۆشتی هاوردەی هیندیی بەسەرچووەوە بەناوەکانی (ر.ع)، (ر.ع)، (أ.ع) دەستگیربکەن.

لەم بارەیەوە ئاسایشی پارێزگای سلێمانی رایگەیاندووە: «لەکاتی دەستگیرکردنو پشکنینی شوێنەکەدا، دەستگیرا بەسەر بڕی (٢)تەن گۆشتو جگەری بەسەرچوودا کە ناوبراوان ئامادەیان کردبوو بۆئەوەی بەنایاسایی بینێرنە ناو بـازاڕی شاری سلێمانییەوە بۆ ساغکردنەوەو فرۆشتنی بە هاوڵاتییان بەشێوەی کیلۆو قیمەکراویی».



ژمارەیەک دراوی ساختەی دەستبەسەرداگیراو

# وەزیری شارەوانی: شەڕی ئێرانو عێراق

# هۆکارە بۆ چارەسەرنەکردنی کێشەی ئاوەڕۆی شاری هەولێر

**راپۆرتی: رۆژنامە**

وەزیری شارەوانیو گەشتوگوزار هۆکاری چارەسەرنەکردنی کێشەی ئاوەڕۆی شاری هەولێر دەگەڕێنێتەوە بۆ شەڕی نێوان ئێرانو عێراق، ئەمەش لەکاتێکدایە کە تائێستا لە کابینە یەک لەدوای یەکەکانی حکومەتی هەرێم چەندین ملیار دینار بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکراوە، پەرلەمانتارێکیش پێیوایە؛ هەر پارەیەک لەم بوارەدا خەرجبکرێت بەهەدەر رۆیشتووە، چونکە کێشەکە بەردەوامە.

لە (٢٠١٠/٤/١) ئەندامێکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنو هاوچەرخکردنی لادێ لە پەرلەمانی کوردستان، نووسراوێکی ئاراستەی وەزیری شارەوانیو گەشتوگوزار کردووە دەربارەی خراپیی ئاوەڕۆی شاری هەولێر، کە لەکاتی بارانبارین گرفتی جۆراوجۆر بۆ خەڵکی شارەکە دروستدەبێتو خۆڵو خاشاکە کۆبووەوەکان بە شارەکەدا بڵاودەبێتەوە، لەکاتێکدا ساڵانە چەندین ملیار دینار بۆ ئەو مەبەستەش تەرخاندەکرێت.

لە وەڵامی ئەو نووسراوەدا ، سەمیر عەبدوڵڵا، وەزیری شارەوانی، ئۆباڵی کێشەکەی خستووەتە سەر هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئێرانو عێراق لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا.

کاروان ساڵح، ئەندامی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنو هاوچەرخکردنی لادێ لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ رۆژنامە ئەوەی خستەڕوو، کە وەزیری شارەوانی لە وەڵامەکانیدا وردبین نەبووەو نەیتوانیوە مەبەستی پرسیارەکان شی بکاتەوە.

بە وتەی ئەو پەرلەمانتارە ئەو بیانووەی وەزیری شارەوانی کە هۆکاری کێشەی ئاوەڕۆی شاری هەولێری گەڕاندووەتەوە بۆ ساڵانی هەشتا، کە لەوکاتەوە بەرنامەیەک هەبووە بۆ چارەسەری گرفتی ئاو و ئاوەڕۆی شاری هەولێر، بەڵام بەهۆی شەڕی ئێرانو عێراقەوە جێبەجێنەکراوە، بیانوویەکی نالۆژیکییە کە رژێمی عێراق چۆن مامەڵەی کردووە ئەوە ئاشکرایە، هەربۆیە مەنتیقی بوو کە وەزیری شارەوانی لە (١٨) ساڵی رابردوودا باسی لە هۆکاری چارەسەرنەکردنی کێشەی ئاوەڕۆ بکردایە.

لە خاڵێکی دیکەداو سەبارەت بە کۆبوونەوەی خۆڵو خاشاکێکی زۆر کە سەرچاوەی زۆرێک نەخۆشین لەناو شاری هەولێر، کە پایتەختی هەرێمە، وەزیری شارەوانی ئاماژەی بۆ کەمتەرخەمیو ناهۆشیاریی خەڵک کردووە، ئەم وەڵامەش بە وتەی کاروان ساڵح پاساوێکی راست نییە، چونکە ئەگەر وەزارەت بەرنامەی رێکوپێکی هەبێت بۆ کۆکردنەوەی ئەو خۆڵو خاشاکانەو دوورخستنەوەی لەناو شار، ئەوا کۆنابێتەوە بەمجۆرە.

لەلایەکی دیکەوە، لە پرۆژە پێشنیازکراوەکانی ساڵی (٢٠١٠)دا بڕی (٢٦) ملیارو (٥٠) ملیۆن دینار بۆ بەڕێوەبەرێتیی ئاوەڕۆی هەولێر تەرخانکراوە، لە پرۆژە بەردەوامەکانیشدا چەندین ملیار دینار بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکراوەو لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا نەتوانراوە کێشەی ئاوەڕۆی هەولێر چارەسەربکرێت.

بۆ نموونە لە پرۆژە پێشنیازکراوەکاندا (٢٥) ملیارو (٥٠٠) ملیۆن بۆ پرۆژەی دروستکردنی ئاوەڕۆی سندووقیی لە کەندی هەولێر تەرخانکراوە، لەکاتێکدا لە پرۆژە بەردەوامەکاندا بڕی (١٦) ملیارو (٢٩١) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، کە (١٤) ملیارو (٤٧٥) ملیۆنی بۆ خەرجکراوەو (١) ملیارو (٨١٦) ملیۆنی ماوە، واتە بۆ یەک پرۆژە لە بودجەی (٢) ساڵدا زیاتر لە (٤٠) ملیار دینار بۆیەک پرۆژەی ئاوەڕۆ تەرخانکراوە.



هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان

لەگەڵ ئەمەشدا کێشەکان بەردەوامە، پەرلەمانتارەکەی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە وتیشی: «سەرفکردنی بودجەیەکی زەبەلاح ساڵانە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، تەنیا پارە خواردنو گەندەڵیی ئاشکرابووە، چونکە کێشەکە چارەسەرنەکراوەو وەک خۆیەتی».

لە ئێستاداو دوای (١٨) ساڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوەڕۆ لە هەولێر، پرۆژەیەک ئامادەکراوە، وەک لە وەڵامەکەی وەزارەتی شارەوانیشدا هاتووە، پرۆژەکە بریتییە لە دیزاینی بنەڕەتیی بۆ چارەسەرکردنی ئاو و ئاوەڕۆی شاری هەولێر، لەساڵی (٢٠٠٥)ەوە کراوەو دراوە بە کۆمپانیایەکی ئەڵمانیو ئێستا تەواوبووەو ئامادەیە بۆ بەڵێندەرایەتیو بڕی (٦٩٦) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوە، کە بە (٤) قۆناغ دەکرێت جێبەجێبکرێت، بەمەش کێشەی ئاوەڕۆی نزیکەی (٢) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار کەس لەناو شاری هەولێر چارەسەردەکرێت.

بەڵام ئەندامەکەی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە پێیوابوو؛ ئەم پرۆژەیە لە کابینە یەک لەدوای یەکەکانی رابردوو دەبوو بە جدیی کاری لەسەر بکرێتو زووتر تەواو ببووایە، وتیشی: «ئەو وەڵامەی وەزیری شارەوانی کە پرۆژەکە کاتی پێویستبووەو ئێستا چاوەڕوانی بەڵێندەرایەتییە، وەڵامێکی تەواو نییەو کەمتەرخەمیی حکومەت نیشاندەدات».

لە پرۆژە پێشنیازکراوەکانی (٢٠١٠)دا ئەم پرۆژەیە دانەنراوە، هەربۆیە بە بڕوای ئەو پەرلەمانتارە، پرۆژەکە دەچێتە بودجەی ساڵی داهاتووەوە.

# لە هەموو عێراقەوە روو لە سلێمانی دەکەن

**ئا: شکار موعتەسەم، سۆکار عەبدوڵڵا**

نەخۆشخانەی هیوا بۆ چارەسەری کیمیایی شێرپەنجەو سەنتەری تیشکی سلێمانی بۆ چارەسەری شێرپەنجە، لەماوەی دامەزراندنیاندا خزمەتێکی زۆریان بە هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستانو بەشێک لە هاوڵاتییانی ناوەڕاستو باشووری عێراق کردووە، لەکاتێکدا چارەسەری ئەم نەخۆشییانە لە نرخێکی بەرزدایەو بە هاوڵاتییان ناکرێت.

نەخۆشخانەی هیوا لەساڵی (٢٠٠٧)دا دامەزراوەو لەچەند بەشێک پێکهاتووەو نزیکەی (٤٠٠٠) نەخۆش سەردانی ئەم نەخۆشخانەیە دەکەنو بەبێ بەرامبەر چارەسەری پێویست وەردەگرن.

نەخۆشخانەی هیوا پێشتر بەشێکی بچووک بووە لەناو نەخۆشخانەی گشتیدا، بەڵام بەهۆی زۆربوونی ژمارەی نەخۆشەکان، بە بڕیارێکی فەرمیی فەرمانگەی تەندروستی بڕیاردرا ئەم بینایە بکرێت بۆ ئەم نەخۆشخانەیە، هەرچەندە ئەم بینایە بۆ نەخۆشخانە نەبوو، بۆ ئیدارەی فەرمانگەی تەندروستی بوو، بەڵام لەبەر پێویستیی کرا بە بینای نەخۆشخانە، لە بەرنامەی حکومەتیشدایە لەساڵی (٢٠١٠)دا بینایەک بۆ نەخۆشخانەی هیوا دروستبکرێت.

تاڵب تۆفیق قادر، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا، باس لەوەدەکات، کە ئەم نەخۆشخانەیە (٣) بەش لەخۆدەگرێت، بەشی تالاسیمای سلێمانیو دەوروبەری، لەگەڵ شێرپەنجەی خوێنو شێرپەنجەی ئۆنکۆلۆجیو (٧٥) قەرەوێڵەی تێدایە، بۆ هیماتۆلۆجیو بۆ بەشی تالاسیماش (٢٥) قەرەوێڵەی هەیە، لەگەڵ (١٠) پزیشکی پسپۆڕ.

بەپێی ئەو ئامارانەی کە لە نەخۆشخانەی



نەخۆشێک لەکاتی چارەسەرکردندا
فۆتۆ: رۆژنامە

هیوا هەیە، ژمارەی نەخۆشەکانیان تائێستا (٤٠٠٠) نەخۆشەو هەموو مانگێک جارێک هەموو نەخۆشەکان سەردانیان دەکەن.

تاڵب تۆفیق هۆکاری ئەو هەموو سەردانکەرانە دەگێڕێتەوە بۆ بوونی پزیشکی پسپۆڕو کارمەندی چالاکو دەرمانی نەخۆشیی شێرپەنجە، کە بێ بەرامبەر بە نەخۆشەکان دەدرێت.

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا باس لەوەش دەکات، کە لە پشکنینی خوێن ئامێریان هەیە کە پێکهاتەکانی خوێن جیادەکاتەوەو تەنیا لەم نەخۆشخانەیەدا هەیەو لە هەرێمی کوردستاندا نییە.

تاڵب تۆفیق، وتیشی: «لانیکەم هەر نەخۆشێک بۆ چارەسەر پێویستی بە (٨-٩) کۆرس هەیە، نەخۆش هەیە زیاتریش، بۆ هەر کۆرسێکیش نەخۆشێک پێویستی بە نزیکەی (١٠) هەزار دۆلار هەیە، زۆر نەخۆش هەیە چاکبووەتەوە، بەڵام پێویستی بە چاودێریی هەیە، چونکە نەخۆشیی شێرپەنجە نەخۆشییەکی درێژخایەنەو نەخۆشەکان جیاوازنو جۆری نەخۆشییەکانیش جیاوازن».

سەنتەری سلێمانیش بۆ چارەسەرکردن بە تیشک، پێی ناوەتە ساڵی یەکەمییەوەو (٢٣٦) نەخۆش چارەسەری بۆ کراوەو رۆژانەش نەخۆش بە بەردەوامیی سەردانی دەکەنو چارەسەریان بۆ دەکرێت، ئەوەشیان نەشاردەوە کە لە ئێستادا فشارێکی زۆریان لەسەرەو (٨٠) نەخۆش ناوی خۆیان تۆمارکردووە.

بڕیار ئەحمەد، بەڕێوەبەری کارگێڕیی سەنتەری چارەسەر بە تیشک، بۆ رۆژنامە ئاماژەی بەوەکرد؛ دوای ئەوەی لەڕێی پزیشکێکی پسپۆڕەوە نەخۆشێکی شێرپەنجەیان ئاڕاستە دەکرێت، لیژنەیەکی پزیشکیی کە لە هەشت پزیشک پێکهاتووە، هەڵسەنگاندن بۆ حاڵەتی نەخۆشەکە دەکەن، ئەگەر سوودمەندبێت لەو تیشکە وەردەگیرێتو پاشان پشکنینی بۆ دەکرێتو لە رێگەی ئامێری سیتی سکانەوە حاڵەتەکە لە مێشکدا یان لە سنگدا یان لە هەر شوێنێکی دیکەی نەخۆشەکەدا بێت، دیاریدەکرێت.

وەک بەڕێوەبەری کارگێڕیی سەنتەری چارەسەر بە تیشک باسیدەکات، دوای ئەوە ئەو وێنانەی کە لە نەخۆشەکە گیراوە لە رێگەی کۆمپیتەرەوە دەنێردرێت بۆ یەکەی پلان، کە ئەوانیش سێ کەسی فیزیایین کاری لەسەر دەکەنو پلان بۆ ئەو تیومەرە دادەنرێت، بۆ ئەوەی ئەگەر ئۆرگانی ئاسای هەبێت لە تەنیشت ئەو تیومەرەوە بیپارێزینو زیانی پێنەگات لەو تیشکەی کە بەریدەکەوێت، دوای ئەوە لە یەکەی پلانەوە لە رێگەی کۆمپیوتەری مۆزایکەوە دەنێردرێت بۆ یەکەی تەکنیشن، واتە چارەسەر کە هاتە ئەو یەکەیە ئەو حساباتانەی کەپێشتر بۆی کراوە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێتەوەو بەپێی ئەو پلانەی کە بۆی دانراوە رۆژانە چارەسەری بۆ دەکرێت.

بڕیار ئەحمەد، دەڵێت: ئەم چارەسەرەش ئەوە نییە بە یەک رۆژ وەریبگرێت، لانیکەم پێویست دەکات ماوەی (٢٠) رۆژ بە بەردەوامیی سەردانی سەنتەرەکە بکات بۆ ئەوەی هەر رۆژەی کۆرسێک وەربگرێت بۆئەوەی ئەو تیومەرەی لەهەر شوێنێکی لاشەیدا هەیە هێواشبێتەوە یان بچووکبێتەوە، دواتر بەپێی کۆرسەکانی خۆی چارەسەری بۆ دەکرێتو دەنێردرێنە ماڵەوە.

بەڕێوەبەری کارگێڕیی سەنتەری چارەسەر بە تیشک، نایشارێتەوە مێژوویەکی کەمیان هەیە لە کردنەوەی ئەم سەنتەرە، بۆیە ژمارەی ئەو تووشبووانەی کە چارەسەریان بۆ کراوەو نێردراونەتە ماڵەوە (٢٣٦) کەسنو رۆژانە (٣٠) کەس چارەسەریان بۆ دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لۆدێکی زۆریان لەسەرەو تەنیا یەک ئامێری چارەسەریان هەیەو لەئێستادا (٨٠) کەس لەلایەن لیژنەکەوە وەرگیراونو لە چاوەڕوانیی چارەسەردان.

بەڕێوەبەری کارگێڕیی سەنتەری چارەسەر بە تیشک ئەوەشی خستەڕوو، تەنیا ئەو کەسانە لەم سەنتەرە چارەسەریان بۆ ناکرێت کە شێرپەنجەی خوێنیان هەیە.

بەڕێوەبەری کارگێڕیی سەنتەری چارەسەر بە تیشک لە سایەی حکومەتی هەرێمدا کراوەتەوە، بەڵام سەنتەرێکی عێراقییە، لەبەرئەوە لەهەموو پارێزگاکانی عێراقەوە نەخۆشی بۆ دێتو چارەسەریان بۆ دەکرێت.

# (١٢) قوتابخانەی ئەهلیی لە بینای حکومیدان

**شارا عەبدولڕەحمان**

لە کۆی (١٥)قوتابخانەی ئەهلیی لە کوردستان، (١٢)قوتابخانەیان لە بینای حکومیدا دەوام دەکەن، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەو قوتابخانانە، ساڵانە پارەیەکی زۆر لە قوتابییان وەردەگرن کە لە (١٠٠٠)دۆلار کەمتر نییە، بەو پێیەش ساڵانە داهاتێکی باشیان هەیە.

(١٢)قوتابخانەی ئەهلیی لە کوردستان، لە بینای حکومیدان‌و زۆربەیان لەناو بینای قوتابخانەکانی دیکـەدان‌و بـەو هۆیەشەوە، شوێنی قوتابخانە حکومییەکانیان تەنگکردووە، بەجۆرێک کە پۆلی وا هەیە (٥٠)قوتابی تێدایە، ئەمانە هاوکاتن لەگەڵ ئەوەی کە ئەو قوتابخانە ئەهلییانە، ساڵانە پارەیەکی زۆر لە قوتابی وەردەگرن، بەجۆرێک کە قوتابخانەی (ئیشقی گوڵان، بڕی (٢٢٥٠)دۆلار، فەرەنسی هەولێر (١٠٠٠)دۆلار، نیلۆڤەر (١٨٥٠)دۆلار، باڵای یەکەم (١٣٠٠)دۆلار، ڕۆناکی (٢٢٥٠)دۆلار، ناوەندیی کوڕان (١٨٥٠)دۆلار، دواناوەندیی کوڕان (١٨٥٠) دۆلار، فەرەنسی سلێمانی (١٠٠٠)دۆلار، سلێمانی بنەڕەتیی (١٩٥٠)دۆلار، سەلاحەدین (١٨٥٠) دۆلار، سلێمانی کچان (١٨٥٠)دۆلار، ئیشقی دهۆک (٢٢٥٠)دۆلار وەردەگرن.

لـەوبـارەیـەوە، عەبدولعەزیز سەرحان، بەڕێوەبەری گشتیی سەرەتاییەکان لە وەزارەتی پـەروەردە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «زۆربەی ئەو قوتابخانانە بە ڕێککەوتن لەنێوان حکومەتی هەرێم‌و کونسوڵخانەی ئەو وڵاتانەدا کراونەتەوە کە داوایان کردووەو وەزارەتی پەروەردەش وەک هاوکاری لەو بینا حکومییانەدا جێیانکردوونەتەوە، بەنیازیشین داوا لەو قوتابخانانە بکەین کە بینا بۆ خۆیان دروستبکەن».

وتەکانی ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە لەکاتێکدایە کە ئەو قوتابخانانە ڕێژەیەکی زۆر قوتابی تێیاندا دەخوێنێت، بەجۆرێک کە قوتابخانەیەکی وەک ئیشقی گوڵان لەهەولێر، (٤٠٢)قوتابی هەیە، بەو هۆیەشەوە ساڵانە بڕی (٩٠٤٥٠٠) دۆلاری دەستدەکەوێت‌و دروستکردنی قوتابخانەیەکیش، بڕێک لەوە زیاتری تێدەچێت.


قوتابخانە حکومییەکان کرێچی‌و ئەهلییەکانیش خاوەن ماڵ

# ماستەرپلانی مەرزی باشماغ (٣)گوند تێکدەدات

**والی عوسمان: پێنجوێن**

بە مەبەستی فراوانکردنی مەرزی نێودەوڵەتیی باشماخ‌و جێبەجێکردنی ماستەرپلانێک، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەنیازە گوندی ناوکەلان‌و دوکان‌و بارخانەکانی مەرزی باشماخ تێکبدات، بۆ ئەو مەبەستەش ئەو گوندانە ئاگادارکراونەتەوە کە بچن چەکی قەرەبوو وەربگرن.

بەپێی نووسراوێکی قایمقامی قەزای پێنجوێن بە ژمارە (٧٥١) کە لە (٢٠١٠/٤/٢)دا دەرچووە، دانیشتووانی گوندی ناوکەلان ئاگادارکراونەتەوە کە سەرجەم خێزانەکانی دانیشتووانی گوندی ناوکەلان‌و خاوەن کۆگاکان‌و بارخانەکان لە ڕۆژی (٢٠١٠/٤/٢٦)وە تا ماوەی دووهەفتە سەردانی قایمقامییەت بکەن بۆ وەرگرتنی چەکی قەرەبوو، پێش وەرگرتنی چەکی قەرەبووەکەش، هەستن بە لابردنی خانوو و کۆگاکان، ئەمەش ناڕەزایی هاوڵاتییانی لێکەوتووەتەوە.

فایەق محەمەد، ئەنجومەنی گوندی نـاوکـەلان، بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: «لە ساڵی (١٩٩١)ەوە ئەم گوندەمان ئـاوەدانـکـردووەتـەوەو زەوی‌و ئاوی خۆمانەو چەند ساڵە باخداریی‌و کاسبی دەکەین، بۆیە لە مافی خۆمان خۆش نابین».

شاخەوان تاهیر، هاوڵاتییەکی دیکەی دانیشتووی گوندی ناوکەلانە، ئاماژە بەوەدەکات، تەنیا داوامان ئەوەیە کە خانووەکەمان تێکدەدەن‌و کاروکاسبیمان نامێنێت لە مـەرزەکـە، هیچ نەبێت خانوویەکمان بدەنەوە کە تیایدا بژین.

ڕەزا محەمەد تەلانی، قایمقامی پێنجوێن، سەبارەت بە لابردنی گوندەکە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «قەرەبووی ماڵەکان‌و خاوەن دوکان‌و بارخانەکان دەکەینەوە، بەپێی بیناقەرەبوودەکرێنەوە، بۆ ئـەو مەبەستەش لیژنەی دارایی بڕیاردەدات، لە سێ ملیۆن دینارەوە تا نۆ ملیۆن دینار قەرەبوو هەیە».

قایمقامی پێنجوێن، وتیشی: «داوامان کردووە کە بۆ هەر خێزانێک پارچەیەک زەوی‌دابینبکرێت‌وکێشەی‌نیشتەجێبوون نەمێنێت، بەڵام تائێستا نەبووە بە بڕیارو لەهەوڵداین».


زیاتر لە دوو ساڵە بەنێودەوڵەتی کراوەو ماستەرپلانی نییە

## هیچ کۆمپانیاو لایەنێک غەرامە نەکراوە

# دوای پێنج ساڵ کارکردن، تائێستا بینای خانەی دادی سلێمانی تەواونەکراوە

**ڕۆژنامە**

ماوەی (٥)ساڵە، کار لە بینای خانەی دادی سلێمانیدا دەکـرێـت‌و نزیکەی (٣٠)بلیۆن دیناری تێچووەو تائێستا بەتەواوەتی تەواونەبووەو لەگەڵ ئەو دواکەوتنەشدا، هیچ لایەنێک غەرامە نەکراوە.

لە مانگی ئازاری (٢٠٠٥)دا گرێبەستی دروستکردنی پڕۆژەی بینای خانەی دادی سلێمانی ئیمزاکراوەو لە (٢٠٠٥/٤/١٢)ەوە دەست کراوە بە کارکردن تیایداو بەپێی گرێبەستەکەش، بڕیاربووە لە ماوەی (٤٢٦)ڕۆژدا پڕۆژەکە تەواوببێت‌و لە مانگی ئایاری (٢٠٠٦)دا تەسلیم بکرێت، بەڵام بە هۆی هەندێک کێشەوە نەتوانرا پڕۆژەکە تەواوبکرێت.

پڕۆژەی بینای خانەی دادی سلێمانی، تائێستا نزیکەی (٢٨)بلیۆن‌و (٣٢٠)ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، کە بەرامبەر بـە (٢٤)مـلـیـۆن دۆلارەو لـە پـڕۆژە بەردەوامەکانی بـودجـەی سـاڵی (٢٠١٠)شدا هاتووە کە (٢٩)ملیارو (١٠٧)ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، کە لە (٢٠٠٩)دا (٢٦)ملیارو (٢١)ملیۆنی بۆ تەرخانکراوەو بۆ (٢٠١٠)ش (٣)ملیارو (٨٦)ملیۆنی دیکەی بۆ تەرخانکراوە.

پڕۆژەکە لەلایەن کـۆمـپـانـیـای (HSS)ی ئێرانییەوە جێبەجێدەکرا کە بە وتـەی بەرپرسانی وەزارەتـی ئاوەدانکردنەوە، کۆمپانیایەکی کەمتەرخەم بووەو توانا کەمال جەلال، بەڕێوەبەری گشتیی ڕێگاوبان‌و ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن لە سلێمانی لەگەڵ ئەوەی هـۆکـاری دواکـەوتنی تەواونەبوونی پڕۆژەکە دەگێڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییەی لە دیزاینی سەرەتایی پڕۆژەکەدا کراوە، ئەمەش بە کەمتەرخەمیی حکومەت‌و دەزگا پەیوەندیدارەکان دەژمێرێت.

باس لەوەش دەکرێت کە یەکگرتنەوەی هـەردوو ئیدارەش هۆکارێکی دیکەبوو بۆ دواکەوتنەکەی، چونکە سەرلەنوێ کشوفاتی پڕۆژەکە ڕێکخراوەتەوەو پێداچوونەوەی بۆ کـراوە، بەڵام توانا کـەمـال ئـەوەشـی نـەشـاردەوە، کە کۆمپانیای (HSS) زۆر کەمتەرخەم بـووە لە کارەکانی‌و دەڵـێـت: «بەهۆی کەمتەرخەمیی کۆمپانیاکەوە، زیاتر لە ساڵێک، کارکردن لەپڕۆژەکەدا ڕاگیراوەو ئـەگـەر بـەدواداچـوونـی وەزارەت‌و بەڕێوەبەرێتییەکەیان نەبووایە بۆ کارەکانی پـڕۆژەکـە، ئـەوا ئێستاش پڕۆژەکە لە نیوەدا دەبوو».

لە گرێبەستەکەی دروستکردنی خانەی دادیشدا هاتووە، لە بەرامبەر (١٠٠٠) ڕۆژ دواکەوتن لەکاتی تەسلیمکردنی پڕۆژەکەدا، (٢٪)غەرامە دیاریکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی پڕۆژەی خانەی داد زۆر لەکاتی دیاریکراوی خۆشی دواکەوتووەو لە بری ئـەوەی لە (٢٠٠٦) تەواوببێت، ئێستا مانگی (ئـایار)ی (٢٠١٠)یەو هێشتا بەتەواویی تەسلیم نەکراوە.

لەمبارەیەوە، توانا کەمال ئەوەی خستەڕوو کە تائێستا تەسفیەی کۆتایی بودجەی ئەو پڕۆژەیە نەکراوە، چونکە بەتەواوەتی تەواونەبووەو کە تەسفیاتی پارەکە کرا، ئەو کاتە لایەنی کەمتەرخەم غەرامە دەکرێت.

هێشتا پڕۆژەکە تەواونەبووە، بەڵام (١١)مانگ لەمەوبەرو لە مانگی تەمووزی (٢٠٠٩)دا لە لایـەن عومەر فەتاحی جێگری پێشووتری سەرۆکی حکومەت‌و بەرپرسانی یەکێتییەوە کرایەوە، ئەمەش وەک بانگەشەیەک بـۆ هـەڵـبـژاردن لێکدانەوەی بۆ کرا.


بێدادیی لە خانەی داد دا کراوە

## بەڕێوەبەری پەروەردەی هۆشیارکردنەوە لە مین:

# (٧٤٨٦٥١) هاوڵاتیو (١١٢٦) گوند لەژێر کاریگەریی (مین)دان

سازدانی: محەمەد قادر
ئەحمەد باڵەکی

بەڕێوەبەری پەروەردەی هۆشیارکردنەوە لە مین ئاشکرای دەکات، کە لە هەرێمی کوردستاندا (٧٤٨٦٥١) هاوڵاتیو (١١٢٦) گوندو ناوچە لەژێر کاریگەریی میندان‌و (١٤١٨٨) کەس بوونەتە قوربانیی مین‌و تەقەمەنی.


ئاکۆ عەزیز

ئاکۆ عەزیز حەمەد، بەڕێوەبەری پەروەردەی هۆشیارکردنەوە لە مین، لەبارەی ئەو دەزگایانەوە کە لە ئێستادا ئەرکی بنەبڕکردنی مین لە کوردستاندا جێبەجێدەکەن باس لەوە دەکات، کە لە هەرێمی کوردستاندا دوو دامەزراوەی حکومیی هەیە، یەکێکیان دەزگای گشتیی کاروباری مینەو سنووری کارەکانی هەولێرو دهۆک دەگرێتەوە، لەگەڵ بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کاروباری مین لە سلێمانی، کە سنووری چالاکییەکانیان لە پارێزگای سلێمانی‌و دەوروپشتی پارێزگای کەرکوک دەگرێتەوە.

بەپێی راپۆرتەکانی رێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، ساڵانە نزیکەی (١٥) هەزار کەس لەسەر ئاستی جیهان، دەبنە قوربانیی مین‌و تەقەمەنی، بەڵام ئەو ژمارەیە ساڵ بەساڵ بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، ئەویش لە ئەنجامی چالاکیی جۆربەجۆر لە هەموو ئەو وڵاتانەی کێشەی مین‌و تەقەمەنی تێدا هەیە، کە نزیکەی (٨٤) وڵاتن لە جیهاندا.

لەناو ئەو وڵاتانەشدا عێراق‌و بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی چڕ لەلایەن رژێمی بەعسەوە بە مین چێنراوە، کە زۆرترینیشیان مینی زەمینییە، لەگەڵ ملیۆنان تەقەمەنی دیکەی جۆراوجۆری تەقاوەو نەتەقاوە.

ئاکۆ عەزیز رووبەری زەوی بە مین چێنراوی هەرێمی کوردستانی بۆ رۆژنامە خستەڕوو، کە کۆی رووبەری پیسبووی خاکی کوردستان بە مین دەکاتە ٧٧٨کم دووجا، لەناویشیدا (٣١٤٩) ناوچەی پیسبوو بە مین دەستنیشانکراون‌و (٧٤٨٦٥١) هاوڵاتی‌و (١١٢٦) گوندو ناوچە لەژێر کاریگەریی میندان، هەروەها (١٤١٨٨) کەس بوونەتە قوربانیی مین‌و تەقەمەنی واتا کوژراو و برینداربوون‌و زیاتر لە (١٨٠٠٠) سەر ئاژەڵی جۆراوجۆر بەهۆی مین‌و تەقەمەنییەوە لەناوچوون.

بەڕێوەبەری پەروەردەی هۆشیارکردنەوە لە مین لەبارەی ئەو کێڵگانەوە کە دامەزراوەکەیان لە مین پاکیان کردووەتەوە، وتی: «لە بواری پاککردنەوەی کێڵگە مینرێژکراوەکان، لەساڵی (٢٠٠٥)ەوە تا کۆتایی مانگی شوباتی (٢٠١٠) بەمشێوەیە بووە؛ (٢٣٧٦٥٠١) مەتر دووجا زەوی پاککراوەتەوە لە مین، لە ناویاندا (٧٩) کێڵگە لە مین پاککراونەتەوەو رادەستی خاوەنەکانیان کراون، هەروەها (٧٠٨٧٤٩) مەتر زەوی پەرژینکراوەو نیشانەکراوە، هەروەها (١٢٥٧٠١٥٩) مەتر دووجا زەوی لەلایەن (EOD) پشکێنراوەو (٥٤٤٣) مینی دژە کەسی لەناوبراوە، هەروەها (١٠٨) مینی دژە تانک لەناوبراوەو (١٨٨٤٧) پارچە تەقەمەنی نەتەقاوەی جۆراوجۆر لەناوبراون، (١٩٥) مین پووچەڵکراوەتەوە، هەروەها (٥٩) خولی راهێنان ئەنجامدراوە».

لەبارەی رێژەی قوربانییەکانی مینەوە لە هەرێمی کوردستان، ئاکۆ عەزیز باسی لەوەکرد، کە بەپێی ئەو ئامارانەی لایان تۆمارکراوە، لەساڵی (٢٠٠٥)دا ژمارەی قوربانییانی مین لە هەرێمی کوردستان (٧٣) کەس بووە، لەساڵی (٢٠٠٦) بریتیبووە لە (٢٧) کەس، ساڵی (٢٠٠٧) ژمارەی قوربانییان گەیشتووەتە (٦٠) کەس، هەروەها ساڵی (٢٠٠٨) بریتیبووە لە (٨٢) کەس، لەساڵی (٢٠٠٩) ژمارەی قوربانییان (٣٥) کەس بووەو ئەمساڵیش، واتە (٢٠١٠) ژمارەی قوربانییانی مین (٢٠) کەس بووە، کۆی گشتیی قوربانییان لەو (٦) ساڵەی رابردوودا (٢٩٧) کەس بووە.

# حکومەت «قوشتەپە» فەرامۆشدەکات

راپۆرتی:
نووسینگەی هەولێر

دانیشتووانی قوشتەپە پێیانوایە؛ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە پێکهێنانی کابینەی یەکەمەوە تا پێکهێنانی کابینەی شەشەم فەرامۆشی کردوون، هەم لە رووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان‌و هەم لە رووی قەرەبووکردنەوەی ئەو خەڵکانەی لەلایەن رژێمی پێشووی عێراقەوە بە زۆرەملێ گواستراونەتەوەو لەوێ نیشتەجێکراون.

لەسەر رێگای سەرەکیی نێوان هەولێر-کەرکوک، پاش بڕینی کەمتر لە نیو کاتژمێر بە رێگایەکی یەک سایدی پڕ چاڵوچۆڵ گەیشتینە ناحیەی قوشتەپە، دواتر سێ کۆمەڵگەی (گرتک‌و روست، مزوری، کاوە)مان بڕی.

قوشتەپە ناحیەیەک‌و سێ کۆمەڵگەی بەرفراوان لەخۆدەگرێت، لە ساڵانی سەرەتای هەشتاکان دانیشتووانەکەی بە زۆرەملێ لە زێدی پێشووی خۆیان جێلەق کراون‌و بۆ کۆمەڵگەکانی قوشتەپە گواستراونەتەوە، ئەگەرچی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە خەڵک لەو کۆمەڵگەیانەدا دەژی، بەڵام تائێستا حکومەت ئاوڕێکی ئەوتۆی لێنەداونەتەوەو دانیشتووانەکەی بەدەست چەندین کێشەوە دەناڵێنن.

دانیشتووانی هەر سێ کۆمەڵگەکە لە سەرەتای ساڵانی هەشتای سەدەی رابردوودا بە زۆرەملێ لەلایەن حکومەتی پێشووی عێراقەوە لە چەند ناوچەیەکی سنووری پارێزگای هەولێرەوە گواستراونەتەوەو لەو ئۆردوگا زۆرملێیانەدا نیشتەجێکراون.

دانیشتووانی کۆمەڵگای (گرتک‌و روست) پێکهاتوون لە خەڵکی کەرکوک، خەڵکی گوندەکانی سنووری کۆیە، گوندەکانی سنووری قوشتەپە. دانیشتووانی کۆمەڵگەی (مزوری)، پێکهاتوون لە خەڵکی عەشیرەتی مزوری باڵا، کە لە ناوچەی بارزانەوە هێنراون‌و لەو کۆمەڵگە زۆرەملێیەدا نیشتەجێکراون، هەرچی کۆمەڵگەی (کاوە)یە، دانیشتووانەکەی بەگشتیی لە گوندەکانی دەوروبەری قوشتەپەوە هاتوون‌و پێش ئەوان بارزانییەکان لەو کۆمەڵگەیەدا نیشتەجێکرابوون، بەڵام لە ساڵانی بەر لە (٢٠٠٣) کۆمەڵگەکەیان جێهێشت‌و گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان، جگە لە (کەمپی کاوە)، کە کەوتووەتە سنووری کۆمەڵگەی (کاوە)وەو پەنابەرە کوردەکانی خۆرهەڵاتی تێدا دەژین.

بەگوێرەی ئەو ئامارانەی پشتیوان رەحمان، سەرۆکی شارەوانیی قوشتەپە، خستوویەتییە بەردەست رۆژنامە، ژمارەی دانیشتووانی قوشتەپە بە ناحیەو کۆمەڵگەکانەوە زیاتر لە (١٢٠٠٠) کەس دەبێت.

سابیر عەلی، یەکێک لە دانیشتووانی کۆمەڵگەی (گرتک‌و روست) باسی لەوە کرد، کە دانیشتووانی کۆمەڵگەکەیان بەدەست گرفتی کەمیی‌و نەبوونی ئاوەوە دەناڵێنن‌و تائێستا چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەی کەمیی ئاو نەدۆزراوەتەوە، ئەگەرچی چەندینجار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمیی ئاو سەردانی لایەنە پەیوەندیدارەکانیان کردووە.

کۆی کۆمەڵگەکانی قوشتەپە یەک قوتابخانەی ئامادەیی کوڕان‌و کچانیان هەیە، بەڵام وەک دانیشتووانەکەی باسیدەکەن، زۆریی ژمارەی خوێندکارەکانیان لەگەڵ یەک قوتابخانەدا ناگونجێت.

هیوا ئەیوب، وەک گەنجێکی دانیشتووی قوشتەپە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکار لەو کۆمەڵگەیانەدا دەخوێنن، بەڵام بینای قوتابخانەیان کەمەو بەپێی پێویست نییە، لەبەرئەوە ژمارەی خوێندکاران لە پۆلەکاندا زۆر چڕبووەتەوە.

ئەو گەنجە ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد؛ تائێستا لە تەواوی قوشتەپە، کە هەزاران کەس لە کۆمەڵگەکانیدا دەژی، پارکێک دروستنەکراوە کە هاوڵاتییان بتوانن پشووی تێدا بدەن، نەک هەر ئەوە، بگرە تەواوی کۆمەڵگەکان سەنتەرێکی رۆشنبیریی‌و لاوانیان نییە کە بە جدیی خزمەت بەو توێژە بکات لە ناوچەکەدا.

زۆربەی دانیشتووانی کۆمەڵگەکانی قوشتەپە پێیانوایە؛ حکومەت فەرامۆشی کردوون، جگە لەوەی کە ئەوان لە ساڵانی سەرەتای هەشتاکان لە زێدی پێشووی خۆیان بە زۆرەملێ گواستراونەتەوەو لەوێ نیشتەجێکراون، بەڵام تائێستا هاوکارییان نەکراوەو قەرەبووی زیانەکانیان نەکراوەتەوە، یەکێک لە دانیشتووانی کۆمەڵگەی مزوری، رەخنەی لە حکومەت‌و دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان گرت، بەوەی لە ماوەی (١٩) ساڵی رابردوودا کەم‌و زۆر دانیشتووانی کۆمەڵگەکەیان لەبیرنەبووە «رۆژێک کەسێک نەهاتووە لە کێشەکانمان بکۆڵێتەوەو ئەگەر قەرەبووکردنەوەش نەبێت، هاوکارییەکی ئەو هەزاران خێزانە هەژارە بکات کە لەو کۆمەڵگە زۆرەملێیەدا نیشتەجێکراون».

ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی کۆمەڵگەکانی قوشتەپە وەک مامۆستاو فەرمانبەرو خوێندکارو.... هتد روو لە ناوەندی پارێزگای هەولێر دەکەن، بەڵام ئەوەی ئەوان نیگەران دەکات، بازگەی سەرەکیی هاتنەناوەوەی شارەکەیە.

عومەر کەمال، یەکێک لەو خوێندکارانەی زانکۆی سەلاحەدین کە رۆژانە لە کۆمەڵگەی قوشتەپەوە بەمەبەستی خوێندن دەچێتە هەولێر وتی: «لە بازگەی هەولێر هەموو ئۆتۆمبێلەکان رادەگرن‌و پشکنینێکی زۆرو بێتام دەکەن، هیچ حیسابێک ناکەن کە ئێمە لەکوێوە دێین‌و بۆ کوێ دەچین، جار هەبووە نزیکەی یەک کاتژمێر لە بازگەکەدا هێشتوویانینەوەو بەوهۆیەوە نەمانتوانیوە لەکاتی ئاساییدا بە دەوامی خۆمان رابگەین».

کۆمەڵگەکانی قوشتەپەو سەدان گوندی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، ئەگەرچی لە رووی کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای هەولێرن، بەڵام کەوتوونەتە دەرەوەی بازنەی ئەمنیی سنووری پارێزگای هەولێرەوە، دانیشتووانی سنووری قوشتەپە ناچارن وەک هەر هاوڵاتییەک کە لە شارەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراقەوە یان لە پارێزگای سلێمانی‌و کەرکوکەوە سەردانی هەولێر دەکەن، لە بازگەی سەرەکیی هەولێردا بپشکێنرێن، ئەمەش هاوڵاتییەکانی ئەو ناوچەیەی بێزارکردووە.

# گەورەترین مەیدانی ئاژەڵان لە حاجیاوا دادەخرێت

راپۆرتی: شاسوار مامە

یەکەی ئیداریی ناحیەی حاجیاوا بڕیاریدا مەیدانی ئاژەڵانی ئەو شارۆچکەیە، کە گەورەترین ناوچەی کڕین‌و فرۆشتنی ئاژەڵ بووە لە حاجیاواو ناوچەکە، دابخات‌و مەیدانێکی دیکە لە دەرەوەی شارۆچکەکە بکاتەوە، بەڵام تائێستا ئەو مەیدانە نەکراوەتەوە، کاسبکارانی ناوچەکەش بە ناچاریی خۆیان شوێنێکیان بۆ ئەم کارەیان دۆزیوەتەوە.

عومەر شاوری، یەکێکە لە کاسبکارەکانی ئەو مەیدانەو بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە خەڵکێکی زۆرین لەو مەیدانە کاسبی دەکەین‌و بژێویی ژیانمان لەسەر ئەو کاسبییە، بەڵام حکومەت رێگریی لە کاسبیکردنمان دەکات.

شاوری، وتیشی: «ئێمەش پێمانخۆشە مەیدانی ئاژەڵان لەناو شار نەبێت، بەڵام پێویستە حکومەت شوێنی تایبەتمان بۆ دروستبکات، ئێستاش لە دەرەوەی شار کۆبووینەتەوەو هیچ پێداویستی‌و خزمەتگوزارییەکمان بۆ دابیننەکراوە».

خەڵکی حاجیاواو ناوچەکە جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ئەو مەیدانەی ئێستا داخراوە پێشتر ببووە باشترین شوێنی کاسبی بۆیان‌و بژێویی ژیانی خەڵکێکی زۆری ناوچەکەی لەسەربوو، بەڵام ئێستا بە پارەی خۆیان زەوی دەکڕنەوە بۆ مەیدانی ئاژەڵ فرۆشتن.

عەبدوڵڵا مەجید، کە کاسبکارێکی دیکەی ئەو مەیدانەیە بە رۆژنامەی راگەیاند: لە دەرەوەی سنووری شارەوانیی زەویمان کڕیوەو پارەیەکی زۆرمان بەو زەوییانە داوە، بۆیە پێویستە شارەوانیی یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی بژێویی ژیانمان دابین بێت».

لەو بارەیەوە رەمک رەمەزان، بەڕێوەبەری ناحیەی حاجیاوا، بە رۆژنامەی راگەیاند: مەیدانی ئاژەڵان نابێت لەناو شار بێت، چونکە کاریگەریی نەرێنی هەیە لەسەر ژینگەی شارەکەو هیچ شوێنێکیشمان دیارینەکردووە بۆ ئەوەی بکرێتە مەیدانی ئاژەڵان، بەڵام کاسبکارانمان ئاگادارکردووەتەوە لە دەرەوەی سنووری شارەوانیی، لەهەر شوێنێک دەتوانن مامەڵەکانیان بکەن».

بەڕێوەبەری ناحیەی حاجیاوا ئاماژەی بەوەشدا؛ لە بەرنامەیاندا نییە هیچ پێداویستییەک بۆ مەیدانە تازەکەیان دابینبکەن، بەڵام ئەگەر ئیمکانیات هەبوو، پێداویستی سەرەتاییان بۆ دابیندەکەن.


مەیدانی ئاژەڵان

# سیستمی نوێی پەروەردە هەڵدەوەشێنرێتەوە؟

# وەزارەتی پەروەردە نووقمی بێپلانی بووە

**ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا**



خوێندکاران یەکەم قوربانیی بێپلانی سیستمی پەروەردەن لە هەرێمدا

دوای سێ ساڵ لە گۆڕینی سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، تائێستا سیستمە نوێیەکە پەیڕەونەکراوەو وەزارەتی پەروەردەش ڕووبەڕووی قەیرانی بێبەرنامەییو بێپلانی بووەتەوە، هەروەک پسپۆڕانی پەروەردەیی پێیانوایە؛ بواری پەروەردە لە کوردستان لە قەیراندایەو بەرەو دواوە دەڕوات. هاوکات زۆربوونی ڕەخنە لە وەزارەتی پەروەردە بەرپرسانی وەزارەتی گەیاندووەتە ئەو قەناعەتەی پێداچوونەوە بە سیستمەکەدا بکرێت.

سێ ساڵ بەر لەئێستاو لەساڵی (٢٠٠٧)دا وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنگرەیەکی (٣) ڕۆژیی سازکرد بەمەبەستی گۆڕینی سیستمی پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستان، لەو کۆنگرەیەدا کۆمەڵێک بڕیارو ڕاسپاردە دەرچوونو سیستمێکی نوێ (نزیک لە سیستمی سویدی) دانراو جێگەی سیستمە کۆنەکەی گرتەوە، گۆڕینی ئەو سیستمە لەکاتێکدایە، کە تائێستاش ژینگەی پەروەردەو خوێندن هیچ گۆڕانکارییەکی تێدانەکراوە.

پرۆژەی گۆڕینی سیستمی پەروەردەو فێرکردنی وەزارەتی پەروەردە، پێشنیازکراوی کۆنگرەی پەروەردەیی (٢٢ ـ٢٠٠٧/٥/٢٤) کە لە هەولێر بەسترا، پرۆژەکە لە شەش بەش پێکهاتووە، ئەوانیش (پێشەکی، ئامانجەکان، هۆکارەکان، ڕیفۆرمو گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان، هەڵسەنگاندنو بەدواداچوون، کۆتایی).

بەپێی سیستمە نوێیەکە ئامانجەکانی گۆڕینی سیستمی پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستان ئەمانەن: (بنبڕکردن یان کەمکردنەوەی وازهێنان لە خوێندن، بەرزکردنەوەی ئاستی توانای کادیرانی پەروەردەیی لە کوردستاندا، بە پراکتیککردنی خوێندنی سەرەتاییو ئامادەییو نزیککردنەوەی لە بازاڕی کارو خوێندنی باڵا).

د.دڵشاد عەبدولڕەحمان، وەزیری پێشووی وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماژە بەوەدەکات؛ کابینەی پێنجەم لە دوو کابینەی حکومەت پێکهێنراو کۆمەڵێک بەڕێوەبەری گشتیی لە هەردوولا دانرانەوە، ئەوەش سەرکەوتنێکی گەورە بوو، نەدەکرا هەموو ئەو بەڕێوەبەرە گشتییانەی کە حیزب داینابوون بیانکەیتە دەرەوەی پرۆسەکە، لە ئێستاشدا ژمارەیەکی بەرچاو بەڕێوەبەری گشتییو ڕاوێژکار هەن ناتوانن ئەو ئەرکە پیرۆزەی سەرشانیان جێبەجێبکەن.

د.دڵشاد بە ڕۆژنامەی وت: «ئێمە لە سیستمی نوێی پەروەردەدا فەلسەفەی پەروەردەییمان داڕشتووەو دەزانین لە ڕێگەی ئەو سیستمەوە کوردستان بەرەو کوێ دەبەین، ئەو کاتەش هەموو لایەکو تەنانەت پەرلەمانی کوردستانیش لەسەر سیستمەکە ڕازیبوونو کۆدەنگییەک لەسەر ئەو سیستمە دروستبوو، دەتوانرێت لەم سەردەمەداو بەم زەمینەیەی ئێستا زۆر خاڵی گەشی سیستمەکە جێبەجێبکرێت».

دوای سێ ساڵ لە گۆڕینی سیستمی پەروەردەو فێرکردن، تائێستا سیستمە نوێیەکە پەیڕەوناکرێتو ئەو بڕیارو ڕاسپاردانەش کە جێبەجێکراون بەهۆی نەگونجان لەگەڵ ژینگەی خوێندنو نەبوونی دیراسەکردنەوە ڕووبەڕووی کێشە بووەتەوە، تا گەیشتووەتە ڕادەیەک بەشێک لەو بڕیارانە ڕەتکراونەتەوەو ڕاگیراون. بۆ نموونە: ئەو بڕیارانەی کە تایبەتن بە چۆنێتی دابەشکردنی ڕێژەی نمرەی قۆناغی ئامادەیی لە پۆلەکانی (١٢،١١،١٠) لە چەند هەفتەی ڕابردوودا گەورەترین ناڕەزاییو ڕێپێوانو خۆپیشاندانی خوێندکارانی لێکەوتەوە، تا بە ناچاریی وەزیری پەروەردە بڕیارەکەی ڕاگرت. هەروەک بەپێی سیستمە نوێیەکە وەرگرتنی بڕوانامەی شەشەمی بنەڕەتیو نۆیەمی بنەڕەتی بەندە بە تاقیکردنەوەی نیشتمانییەوەو هەر قوتابیو خوێندکارێک لەو تاقیکردنەوەیە دەرنەچێت بڕوانامەی پێنادرێت، دوای ساڵێک لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە، ئەمساڵ بڕیارەکە هەڵوەشێنرایەوە.

بەشێک لە بڕیارو ڕێنماییەکانی سیستمی نوێی پەروەردەو فێرکردن، کە نەتوانراوە جێبەجێبکرێن (خوێندنی بنەڕەتی دەبێتە (٩) ساڵو قوتابخانەکانی کوردستانیش لە پۆلی (١-٩)یان دەبێت، دەکرێت پۆلی (١-٣) لە قوتابخانەیەکو (٤-٦) لە قوتابخانەیەکو (٧-٩) لە قوتابخانەیەکدا بن)، هەروەها بەپێی بەندی دووەم لە تاقیکردنەوە گشتییەکان (تاقیکردنەوەی میللی (نیشتمانی) لە پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی جێگەی تاقیکردنەوەی بەکالۆریی پۆلی شەشەم دەگرێتەوە، بەشێوەیەک کە تاقیکردنەوەی نیشتمانی لە سەرەتای مانگی (نیسان)دا ئەنجامدەدرێت، هەروەها لە قۆناغەکانی (٩،٨) تاقیکردنەوەی نیشتمانیی ئەنجامدەدرێتو هەر قوتابیو خوێندکارێک بەشداریی ئەو تاقیکردنەوەیە نەکات، بڕوانامەی قۆناغی شەشەمو نۆیەمی بنەڕەتی پێنادرێت.

هەروەک لە خاڵی (٦)ی کتێبی ڕیفۆرمو گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکاندا هاتووە، ئەزموونەکانی پۆلەکانی (٩،٨،٧) بەمشێوەیە دەبێت: (ڕێژەی نمرەی پۆلی (٧)، (١٥٪) وەردەگیرێت، ڕێژەی نمرەی پۆلی (٨)، (١٥٪) وەردەگیرێت، ڕێژەی نمرەی پۆلی (٩)، (٧٠٪) وەردەگیرێت، هەر قوتابییەک ڕێژەی (٦٠٪) بەدەستنەهێنێت، مافی وەرگرتنی نابێت لە قۆناغی ئامادەییدا، لەساڵی خوێندنی (٢٠٠٧-٢٠٠٨)ەوە جێبەجێدەکرێت).

ئەزموونەکانی پۆلەکانی (١٢،١١،١٠) بەمشێوەیە دەبێت: (ڕێژەی نمرەی پۆلی (١٠)، (١٠٪) وەردەگیرێت، ڕێژەی نمرەی پۆلی (١١)، (١٥٪) وەردەگیرێت، ڕێژەی نمرەی پۆلی (١٢)، (٧٥٪) وەردەگیرێت، لەساڵی خوێندنی (٢٠٠٧-٢٠٠٨)ەوە جێبەجێدەکرێت).

دڵشاد عومەر، هاوئاهەنگی وەزارەتی پەروەردەو ئەندامی کۆنگرەی پەروەردەیی پێیوایە؛ وەزیری پێشووی پەروەردە گوێگرنەبوو، پشتی بە کۆمەڵێک مامۆستای دەرەوەی هەرێم بەستبوو، سیستمی دەوڵەتە ئەسکەندەناڤییەکان نزیک لە سیستمی سویدی هێنایە کوردستانو جێبەجێیکرد، بەبێ ئەوەی گوێ لە مامۆستایانو بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیارانی کوردستان بگرێت، کۆنگرە تەنیا بۆ ئەوە بەسترا وەسیقەیەک بێت بەدەست وەزیری پەروەردەوە، ئامانج لە گۆڕینی سیستمی پەروەردەیی تەنیا دەستکەوتێک بوو بۆ کابینەی پێنجەم، ئیتر گرنگ نییە ئەم سیستمە خوێندن بەرەو دوواوە دەباتو چەند خەڵک ناڕازییە.

باسی لەوەش کرد؛ کێشەیەکی دیکە ئەوەبوو دوای کۆنگرەکە لیژنەیەک لە وەزارەت پێکهێنراو ئەو لیژنەیە سیستمی نوێی خوێندنی داڕشتەوە بێ ئاگاداریی مامۆستایانو بەڕێوەبەرو یاریدەدەرانو سەرپەرشتیاران، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی جێبەجێنەکردنی سیستمەکە گوێنەگرتن بوو لە شارەزایانی خۆماڵیی.

وتیشی: «ناکرێت بەپەلەو سیستمی نوێ بەزوویی جێبەجێبکرێت، چونکە هێشتا ژینگەی خوێندنو پەروەردە لە قەیراندایە.

لەبەشی (بەدواداچوونو هەڵسەنگاندن)ی پرۆژەی گۆڕینی سیستمی پەروەردەو فێرکردندا، باس لەوەکراوە؛ «پاش ساڵێک لە پراکتیککردنی پرۆژەی گۆڕینی سیستمی پەروەردەو فێرکاریی، بەدواداچوونێکی هەمەلایەنەو هەڵسەنگاندنێکی قووڵی هەموو پرۆژەکە لەلایەن پسپۆڕانی پەروەردەییەوە دەکرێت، بۆ دەستنیشانکردنی دەرئەنجامە پۆزەتیڤو بەهێزەکانی پرۆژەکەو دەرئەنجامە لاوازەکانی، پەیڕەونەکردنی بەشێک لە ڕاسپاردەو بڕیارەکانی کۆنگرەی پەروەردەییو جێبەجێنەکردنی سیستمەکە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو، وەزارەتی پەروەردەی ڕووبەڕووی ناڕەزاییەکی زۆر کردووەتەوەو لەئێستاشدا کاردەکرێت بۆ پێداچوونەوە بە سیستمەکەدا.

سەفین دزەیی، وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: هیچ پرۆژەیەکی نوێ بێ کەموکووڕیی نییەو سیستمی نوێی پەروەردەش هەندێک کەموکووڕیی تێدایەو ماوەیەک بەر لەئێستا لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردەدا گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە پێویستە پێداچوونەوە بە سیستمی نوێدا بکرێتو لە هاوینی ئەمساڵدا دەستدەکرێت بە پێداچوونەوە، بۆئەوەی دڵنیابین کە تاچەند سیستمی نوێ سەرکەوتووبووە، هیوادارین بڕیارەکانی دوای پێداچوونەوە لە بەرژەوەندیی خوێندکاراندا بێت.

هەروەک دڵشاد عومەر، دەڵێت: «لەدوای کۆنگرەوە وەزارەتی پەروەردە تووشی بێپلانیو بێ سەروبەرەیی بووەتەوە، ڕێنماییو بڕیارەکان کە دەردەچن، وردو باش نینو هەندێکجار پێچەوانەی یەکترن، بۆیە هیوادارم وەزارەتی پەروەردە بەم نزیکانە کۆنفرانس ببەستێتو لەئێستاشەوە ئامادەکاریی بۆبکرێتو بانگکردنی مامۆستاو بەڕێوەبەرو پسپۆڕانی پەروەردە لەسەر بنەمایەکی دروست بێت، نەک لەسەر بنەمای خزمخزمێنەو تەکەتولاتو حیزبایەتی، جگە لەوەش پێویستە کەسوکاری خوێندکارانو ڕۆشنبیرانو ڕەخنەگران بەشداریی بکەن، بۆئەوەی ئەو کۆنفرانسە ئاهێک بهێنێتەوە بە بەر وەزارەتی پەروەردەداو بیهێنێتە سەر سکە».

**بە بڕوای پسپۆڕانی بواری پەروەردە، سەرنەکەوتنی سیستمی پەروەردە دەگەڕێتەوە بۆ نەڕەخساندنی ژینگەی پەروەردەییو هەروەها زاڵبوونی دەستی حیزب لەناو دەزگاکانی پەروەردەدا**


بە بڕوای پسپۆڕانی بواری پەروەردە، سەرنەکەوتنی سیستمی پەروەردە دەگەڕێتەوە بۆ نەڕەخساندنی ژینگەی پەروەردەییو هەروەها زاڵبوونی دەستی حیزب لەناو دەزگاکانی پەروەردەدا، کە بەرژەوەندیی حیزبیی بڕیاردەرە لە هەموو کایەکانی وەزارەتی پەروەردەدا.

دڵشاد عومەر ئەوە دەخاتەڕوو، نەبوونی مامۆستای پسپۆڕو بەرپرسی نێو وەزارەتی پەروەردەو بەڕێوەبەرە گشتییەکان یەکێک بووە لە هۆکارەکانی پەککەوتنی بواری پەروەردەو هەموو ئەو زیانە گەورانەی بە پەروەردە گەیشتووە، لەمەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە بەرپرسە باڵاکانی وەزارەت بە تەزکیەی حیزبیی دانراونو ئەوجۆرە خەڵکانەش نازانن کێشەو گرفتی واقیعی پەروەردە چییەو خەڵکانی بە ئەزموون نینو بە ئارەزووی خۆیان ڕێنمایی دەردەکەن.

هەروەک بە بۆچوونی د.سلێمان جەعفەر، پسپۆڕی پەروەردەو خوێندنی باڵا، ئەو سیستمە نوێیە کەسانێک دایاننناوە ئاگاداری ڕەوشی پەروەردەی کوردستان نەبوون، بەڵکو بەشێکیان پسپۆڕی دەرەوەو بەشێکیان خەڵکانی حیزبیی بوون، هەرچەند سیستمەکە لایەنی باشی تێدایە.

وتیشی: «گۆڕینی سیستمی پەروەردە وەکو گۆڕینی جلوبەرگ نییە، بەڵکو گۆڕینی سیستم پێویستی بە دیراسەکردنی چەند ساڵە هەیە، پێویستی بە بەشدارییپێکردنو هەماهەنگی هەموو لایەنەکان هەیە، بوونی ئەو کێشانەی کە ئێستا وەزارەتی پەروەردە ڕووبەڕووی بووەتەوە، بەڵگەی ئەوەیە کە دیراسەی واقیعو ژینگەی کوردستان نەکراوە، کاتێک سیستمی نوێ جێبەجێدەکرێت، کە دیراسەی هەموو لایەنەکانی ڕەوشی پەروەردە بکرێت، دەبێت یەکەی ئیدارییو کارگێڕیی هەموو وەزارەت چاکبکرێتو دەستی حیزب لەنێو پەروەردەدا دووربخرێتەوەو لە شوێنی خەڵکانی حیزبیی، خەڵکی شیاو دابنرێن».

# دیارییە نوێیەکەی دەسەڵات بۆ ڕۆژنامەنووسان



مەهدی ئەبوبەکر

بەهۆی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنەوە، بواری ئازادیی ڕۆژنامەگەریی لەبەردەم ڕۆژنامەنووساندا کراوەتر بووە، چونکە ئۆپۆزسیۆن زۆرێک لەو زانیارییانەی چەندین ساڵە لە کونە تاریکەکاندا حەشاردرابوون، وردە وردە بۆ ڕای گشتیی ئاشکرا دەکات. میدیاکانیش بەو هۆیەوە بابەتی ڕۆژنامەوانی ڕاستگۆیانەتریان کەوتووەتە بەردەست بۆ بڵاوکردنەوەو قسە لەسەرکردن.

ئەو بارودۆخەی لە دوای ٧/٢٥ەوە کایەی سیاسیی گرتەوە، بەهۆیەوە ڕۆژنامەگەریی لە ڕووی فاکتو زانیارییەوە دەوڵەمەند کردووە، بەڵام ئەو دۆخە دەسەڵاتی قەڵسکردووە، چونکە هەست دەکات، چیدی ناتوانێت خۆی لەبەردەم بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵو زانیارییانەدا بگرێت کە ڕۆژانە لەسەر خواروخێچییەکانی بڵاودەکرێنەوە. گەیشتووەتە بڕوایەک ئیتر دەسەڵاتی ئەوەی نەماوە داکۆکی لە تاڵانی، دەستپیسیو ئەو خراپەکارییانە بکات کە بەرپرسەکانی ئەنجامی دەدەن. بۆیە لە دەرفەتێک دەگەڕا بۆ ئەوەی گورزێک لە ڕۆژنامەنووسان بووەشێنێت، جا ئیتر گورزەکە بە بڕیار بێت یان بەیاسا گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە خۆیان وتەنی ڕۆژنامەنووسان دەمکوت بکەنو لەقاڵبیان بدەن.

یەکێتیو پارتی کاتێک ڕێککەوتننامەی ستراتیژیان مۆرکرد، یەکێک لەخاڵە جەوهەرییەکانی ڕێککەوتنەکەیان چەپاندنی ڕۆژنامەگەریی بوو، بەڵام ئەو ڕێککەوتننامەیە نەیتوانی ڕێگە لەدزەکردنی ئەو زانیاریو هەواڵانە بگرێت کە لەلایەن خودی خاوەن دەسەڵاتەکانەوە هەندێکجار بۆ شکاندنی یەکتریو هەندێکجاریش لەلایەن بەرپرسە دڵسۆزەکانەوە دەگەیەنرانە ڕۆژنامەکان. دەسەڵات پاش ئەوەی گەیشتە ئەو بڕوایەی ڕێککەوتنەکەی نێوانیان ناتوانێت ڕۆژنامەنووسان پێوەند بکات، بەهێزو تێهەڵدانو بەندکردن کەوتە وێزەیان، تەنیا لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا چەندین ڕۆژنامەنووس کەوتنە بەرشەقی هێزەکانی دژە تیرۆرو هێزە ئەمنییەکانی دیکە. دیارە دەسەڵات بەوەش دڵی ئاوی نەخواردووەتەوە کە دژی ڕۆژنامەنووسان کردوویەتیو دەیکات، بۆیە لەتازەترین بڕیاری کۆبوونەوەی نێوان تاڵەبانیو بارزانیو مەکتەبی سیاسییەکانیاندا بڕیاریاندا، ڕاگەیاندن جارێکی دیکە قاڵب بدەنەوە.

یەکێک لەو خاڵانەی کە هەردوو مەکتەبی سیاسیی و تاڵەبانیو بارزانی لە کۆبوونەوەی ٤/٢٨ کە تەنیا شەش ڕۆژ دوای یادی ١١٢ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی، دژی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی بڕیاریان لەسەردا ڕێگەگرتن بوو لە گەیشتنی زانیاریی بە ڕۆژنامەنووسان، بۆ ئەو مەبەستەش لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە ڕێگری لە ڕاگەیاندنی ئازاد بکەن، فەرموون تەماشای هەواڵی کۆبوونەوەکەی ٤/٢٨ بکەن کە دەقاودەق چۆن لە ڕۆژنامەکانی خۆیاندا بڵاوکراوەتەوە بخوێننەوە: «دەربارەی مەسەلەی ڕاگەیاندنیش، لە کۆبوونەوەکانی نێوان هەردوو سەرۆک مام جەلال و سەرۆک بارزانیو پێشتریش لە کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بڕیاردراوە لیژنەیەکی هاوبەش لە هەردوو مەکتەبی سیاسی پێکبێت، بۆ ئەوەی ڕێوشوێنێکی گونجاوترو پێویست بەپێی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی نێوان یەکێتیو پارتیو ئەو ئەرکانەی کە لەسەر شانی هەردوولان لە عێراقو لەناوچە دابڕێنراوەکان، بگرێتەبەرو ڕێگەی ڕاگەیاندنی دیکەو بێ سنوور نەدرێت کە کێشەو گرفت بخەنە نێوان هەردوولاوە».

چاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد لە یادی ١١٢ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، دەسەڵات ناوچەوانی ڕۆژنامەنووسان ماچ بکاتو پاداشتیان بکات. کەسیشمان چاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد دەسەڵات بەو بۆنەیەوە بڵێت: ئیتر واز لەسەرکوتکردنی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسە ئازادەکان دەهێنمو با سەربەست بن لەوەی دەینووسنو بڵاویدەکەنەوە.

چاوەڕوانی پاداشتمان نەدەکرد، بەپێچەوانەوە بەردەوام دەستمان لەسەر دڵمان بوو کە دەسەڵات بڕیاری بەرتەسککردنەوەی ئەو پیچە ئازادییەی هەیە، بدات. چاوەڕوانی ڕۆژنامەنووسان لەو بڕیارە لەجێی خۆیدابوو، ئەوەتا نەک بڕیاری ئەوەیانداوە ئازادیی بەرتەسکتر بکەنەوە، بەڵکو ناوێکی دیکەشیان بۆ ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسە ئازادەکان دۆزیوەتەوە بە (بێ سنوور) ناوی دەبەن، ڕاستە ڕۆژنامەنووسو ڕاگەیاندن بێ سنوورە، بەڵام ئەو بێ سنوورییەی دەسەڵات مەبەستێتی ئەوەیە؛ ئەوان ڕاگەیاندنە ئازادەکان بە بێ مۆراڵ دەزانن، لەبەرئەوەی پەردە لەسەر عەیبو عارەکانیان هەڵدەماڵن. لای ئەوان مۆراڵی ڕۆژنامەگەریی مانای بێدەنگبوونە لە گەندەڵیی، تاڵانیو سەرەڕۆییەکانی دەسەڵات، وەک ئەوەی ڕاگەیاندنەکانی خۆیان دەیکەن.

# مەسعود بارزانی، دەچێتە تورکیا

هیوا جەمال



دوای ئەوەی داوەتنامەیەکی پێگەیشت، پێدەچێت، سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی وڵاتی تورکیا بکات.

ئەو سەردانە لەکاتێکدایە کە لیستە سەرکەوتووە کوردییەکانی هەڵبژاردن خەریکە دەگەنە ڕێککەوتنێک لەسەر چۆنێتی چوونیان بۆ بەغداو هێزە عێراقییەکانیش وڵاتەکەیان خستووەتە قەیرانی متمانە نەدان بە سەرۆک وەزیرانی نوێ، هاوکات لە سەروبەندی هەموارکردنی دەستووری تورکیاداو ناوە ناوەش پێکهەڵپژانی سەربازەکانی تورکیاو چەکدارەکانی پەکەکە هەیە.

لەمساڵدا سەرۆکی هەرێم سەردانی ئەمریکاو عەرەبستانی سعودیو لوبنانی کرد، لە ڕاگەیاندنەکانی ناوخۆداو بەتایبەت ڕاگەیاندنەکانی خۆیاندا سەردانەکان بەردەوام بە سەرکەوتوو هەڵسەنگێنراون، بەڵام هیچ کاتێک ئەوە ڕووننەکراوەتەوە مەبەستیان لە سەرکەوتن چییە؟

سەردانی مەسعود بارزانی، بۆ تورکیا دوای سەردانی نێچیرڤانی برازای دێت بۆ ئەو وڵاتەو بە وتەی نێچیرڤانیش، بەناوی سەرۆکی هەرێمو سەرۆک کۆمارەوە داوەتی سەرۆک وەزیرانی تورکیای بۆ هەرێم کردووە، بەڵام ئەوان وەکیل وەزیری دەرەوەیان نارد.

ڕەخنەی قورس، لە سەردانەکەی نێچیرڤان ئەوەبوو، کە لە تورکیا «نەیتوانی، یان نەیوێرا» ناوی کوردستان بهێنێت، بەڵام ئایا مەسعود بارزانی ئەم ڕەخنانەی لەبەرچاوگرتووە؟

سەردانی مەسعود بارزانیش، دوای داوەتنامەیەکی فەرەیدون سەنیرلی ئۆغلۆ، وەکیلی وەزیری دەرەوەی تورکیا دێت، کە لەچەند ڕۆژی ڕابرووودا بە سەردانێک هاتووەتە عێراقو هەرێمی کوردستان.

مەسعود بارزانی، خاوەنی قسەیەکە لە بەرامبەر تورکیادا، کە لە مانگی نیسانی (٢٠٠٧)دا لە کەناڵی ئەلعەرەبییەوە ڕایگەیاند: «ئەگەر تورکیا دەست لە کاروباری کەرکوک وەربدات، ئەوا ئێمەش دەست لە کاوربارەکانی دیاربەکرو شارەکانی دیکە وەردەدەین».

سەردانەکەی مەسعود بارزانی، لەدوای ئەوەیە کە تورکیا لە وڵاتەکەی خۆیدا ناوبژیوانی لیستی حەدباو لیستی برایەتی کرد، هەروەها لەدوای چوونی ئەیاد عەلاوییەوەیە بۆ ئەو وڵاتە دەنگۆی ئەوەهەیە، کە کەرکوکو موسڵ لەنێوان کوردو عەرەبدا بەشبکرێت.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستانو سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥)دا بەهەر کلۆجێک بێت توانی نزیکەی (٦٩,٦٪)ی دەنگەکانی هەرێم بەدەستبێنێت.

هەڵبژاردنی سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە بە ڕاستەوخۆیی چ دەسەڵاتێکی پێدەدات؟ کێ چاودێر دەبێت بەسەر سەرۆکەوە سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی؟ چۆن لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت؟ ئەو سەردانانەی کردوونی بە چ پێوەرێک سەرکەوتوو بوونو ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکان بۆ کێ باسکراون؟ چۆن بزانین کە سەرۆکی هەرێم ئەرکەکانی خۆی بەجێ گەیاندووە؟

سەبارەت بە سەردانەکەی داهاتووی سەرۆکی هەرێم، بۆ تورکیا دەکرێت بپرسین، ئایا وەک سەرۆکی هەرێم بانگهێشتکراوە، یان وەک سەرۆکی پارتی؟ ئایا وەک نێچیرڤان بارزانی خۆی لە بەکارهێنانی وشەی کوردستان دەپارێزێت؟ پێشئەوەی بڕوات ئەجێندای سەردانەکەی بۆ گەلەکەی ئاشکرا دەکات؟ لەوێ بە ئەجێندای سەردانەکەیەوە پابەند دەبێت، یان ئەویش هەستی ئەو زیاتر لە (٣٠) ملیۆن کوردەی باکووری کوردستان ڕاناگرێتو سەردانی گۆڕی ئەتاتورک دەکات؟ لە سەردانەکەیدا کێ هاوڕێیەتیی دەکات؟ نوێنەرانی پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیرانو ڕۆژنامەنووسان هاوڕێیەتی دەکەن؟، یان نزیکەکانی دەبات، وەک چۆن بۆ ئەمریکا وایکرد.

# ئەوەی دەسەڵات کردی... تاوان بوو، یان سزای سیاسیی؟



دیلمان محەمەد

ساڵێک لەمەوبەرو لە وەرچەرخانێکی گرنگدا، بزووتنەوەی گۆڕان وەک قەوارەیەکی نوێی کاریگەرو چاوەڕواننەکراو هاتە مەیدانی سیاسییو لەماوەیەکی قیاسیدا بووە ئەو پێکهاتەیەی کە ترسی زۆر گەورەی لای دەسەڵاتو زۆرێک لەهێزە سیاسییەکان دروستکرد، هەربۆیە زوو کەوتنە پلان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هێزەو سەرجەمی تواناو ئەو ئامرازانەی کە لەبەردەستیان بوو بەکاریانهێنا بۆ بەرپێگرتنی گەشەو پەرەسەندنە خێراکانی، کە بەداخەوە زۆرێک لەو ئامرازانە دووربوون لە بنەماکانی ئەخلاقی سیاسییو ویژدانی مرۆڤانەو بەرپرسیارێتی کارگێڕیی، لە نموونەی مووچەبڕین، لادانو دەرکردن، گواستنەوە بۆ شوێنی دوورو... هتد.

ئەم هەڵسوکەوتە عاجباتییەی دەسەڵات، دەستەواژەیەکی عەجیبتری هێنایە ناو ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانو کەناڵەکانی دیکەی ڕاگەیاندنەوە، بەتایبەت کەناڵی (KNN)، (ڕۆژنامەی ڕۆژنامە)، (ڕادیۆی گۆڕان)، (سایتی سبەی)، کە بەڕاستی بازاڕی بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیەیان ڕۆژ دوای ڕۆژ گەرمتر دەکرد، ئەویش دەستەواژەی (سزای سیاسیی) بوو، کە جگە لەوەی لەڕووی یاساییەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، لەهەمان کاتیشدا غەدرێکە لە سزادراوانی گۆڕانخواز، کە لەچوارچێوەی ئەم دەستەواژەیەدا دەکرێنە تاوانکار، چونکە سزا تەنیا بەسەر تاوانکاردا دەسەپێنرێت.. بابزانین چۆن؟

تاوانو سزا دوو زاراوەی یاسایی پێکەوە گرێدراو و تەواوکەری یەکن، بوونی هەریەکەیان مەرجێکی حەتمییە بۆ وجودی ئەوی دیکەیان، بەپێی یەکێک لەبنەما یاساییەکان.... بەبێ بوونی دەقی یاسا نە تاوان بوونی هەیەو نە سزا (لا عقوبة ولا جريمة الا بنص)، کەواتە مەرجە لە بەرامبەر هەر سزادانێکدا، کە یاسا دەستنیشانی کردووە، تاوانێکیش ئەنجامدرا بێت، کە بەهەمان شێوە یاسا دەستنیشانی کردووە، هەربۆیە دەکرێت سزادان بێ ئەنجامدانی تاوان بە کفرێکی گەورەی یاسایی لەقەڵەم بدرێت.

ڕەنگدانەوەی ئەم چەند دێڕەی سەرەوە لەواقیعدا، لە کۆمەڵگەیەکی هۆشیارەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی لاواز لەڕووی هۆشیارییەوە جیاوازیی هەیە، لە سیستمێکی دیموکراسییەوە بۆ سیستمێکی بەناو دیموکراسی جیاوازە، لە ژینگەیەکەوە کە یاسا سەروەرە تیایدا، بۆ ژینگەیەک کە یاسای جەنگەڵ حوکمی بکات، چوونییەک نییە.

ئەسەفێکی گەورەیە، کە ئێمە سەر بە هەرێمێکین بەهۆی کەڵەکەبوونی چەندین فاکتەری جۆراوجۆر، فەزایەک خوڵقاوە نە ئاستی هۆشیاریمان ئەوەندە بەرزە، نە بووینەتە خاوەن سیستمێکی دیموکراسیو نە لەژینگەکەشماندا سەروەریی یاسا پارێزراوە، هەربۆیە ئاساییە دەیان داهێنانی سەیرو سەمەرەو زۆر ئەنتیکەی بوارەکانی (سیاسیی، دارایی، کاری پەرلەمانیی، سەربازیی، ئیدارییو.. هتد)مان بەرچاو بکەوێت، ئاخر لەوە سەیرو سەمەرەتر چییە لە هەرێمەکەی ئێمەدا (شەهیدو بکوژەکەی) لەیەک لیستی مووچەی شەهیداندا بنو مافو ئیمتیازی وارسەکانیان چوونییەک بن!!

یەکێکی دیکە لە کارە عاجباتییەکانی دەسەڵات دەرچوونە لەو بنەما یاساییەی، کە پێشتر ئاماژەم پێکردووە، ئەویش سزادانی سیاسیی کەسانێکە بێ ئەوەی هیچ تاوانێکی سیاسییان ئەنجام دابێت، ئاخر خۆ گۆڕانخوازانی بزووتنەوەکەی ئێمە نە کاریان بۆ هێزێکی دەرەکی ئەنجامداوە، نە سەر بە بزووتنەوەیەکن، کە یاسا قەدەغەی کردبێتو نە بوونەتە هۆی تێکدانی پرۆسەی سیاسییو پرۆسەی هەڵبژاردن، ئیتر سزای سیاسیی چیان بەرامبەر بکرێت.

لەڕوانگەی یاساوە ئەم کارەی دەسەڵات هاوکێشەکە تەواو پێچەوانە دەکاتەوە، واتە ئەو سزایەی سەپاندوویانە بەسەر گۆڕانخوازانو هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەکەدا، ڕاستەوخۆ دەگۆڕێت بۆ تاوانی سیاسیی، دواجار ئەوەی بەرامبەر گۆڕانخوازان کراوە لە مووچەبڕین، دەرکردنو گواستنەوەو... هتد تاوانێکی سیاسییە بەرامبەریان ئەنجامدراوە، نەک سزایەکی سیاسیی، کە بەسەریاندا سەپێنرابێت.

بەهەرحاڵ ئەوەی من مەبەستم بوو لێرەدا، ڕاستکردنەوەو دروست بەکارهێنانی دەستەواژەکەیە، واتە ئەوەی کراوە (تاوانی سیاسییە)، نەک (سزای سیاسیی)، ئەمەش لەبەر دوو مەبەستی سەرەکیی؛ یەکەمیان: لەبەر ئەوەی ئەو کەسانە بەهۆی مومارەسەی مافی سرووشتیو ئازادییەکانی خۆیانەوە سزادراون، چونکە لەڕاستیدا جگە لەوەی تاوانی گەورەیان بەرامبەر ئەنجام داون، لەژێر سایەی دەستەواژەی (سزای سیاسیی)دا بەتاوانکاریش ناوزەد کراون، ئەمەش لەڕووی مەعنەوییەوە ناشیاوەو کاریگەریی دەروونیش دروست دەکات لەسەریان.

دووەمیشیان: بۆ ئەوەی میدیاو ڕاگەیاندنەکان بەتایبەت ئەوانەی کە ئاماژەیان بە ناوەکانیان کردووە، هەڕەمەکییانەو دوور لە بنەماکانی هەڵسەنگاندنێکی زانستیانە چەمکو دەستەواژە جۆراوجۆرەکان بەکار نەهێنن، وەک ئەوەی لەسەر زاری خەڵکی ئاساییو کەسایەتییە سیاسییەکان بەکاردەهێنرێن، بەڵکو پێویستە هەستیار بنو پشت بەهەر جۆرە سەرچاوەیەک ببەستن بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی شتەکان.

دواجاریش داواکارم لێیان، کە چیتر لەبری (سزای سیاسیی) ئەوەی لەماوەی ڕابردوودا بەرامبەر هەوادارانی گۆڕان کراوە، دەستەواژەی (تاوانی سیاسیی) بەکاربهێنن.

# گەڕەکە هەژارنشینەکان باخچەیان بۆ دروست ناکرێت

ڕاپۆرتی: لاڤە بەشارەت
ئاریان حەسەن

شاری سلێمانی تەنیا (٤٪)ی سەوزاییەو بەڕێوەبەری باخچەکانی سلێمانیش جەخت لە کەمیی ڕێژەی سەوزایی لەم شارەدا دەکاتەوەو ئاشکراشی دەکات، کە بەهۆی ئەوەی گەڕەکە هەژارنشینەکان خزمەتگوزارییان پێنەگەیشتووە، بەڕێوەبەرێتیی باخچەکان ناتوانێت باخچەیان بۆ دروستبکات.

ستار حمە ساڵح، هاوڵاتییەکی گەڕەکی کانی کوردەیەو بۆ ڕۆژنامە دەڵێت: «حکومەت چینی هەژاری پەراوێزخستووە، ئێمە وەک خەڵکی کانی کوردە لە زۆربەی خزمەتگوزارییەکان بێبەشین و لە هەموو ئەم ناوچەیەشدا تەنیا یەک باخچەشی تێدا نییە».

بە بڕوای ئەو هاوڵاتییە لە گەڕەکی کانی کوردەدا هیچ ماڵی بەرپرسێکی لێ نییە، بۆیە هیچ باخچەیەکیشیان بۆ دروستناکرێت.


بەپێی ستانداردە جیهانییەکان پێویستە ڕێژەی سەوزایی لە شارەکاندا لە (٢٠٪) کەمتر نەبێت، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە سلێمانیدا زۆر کەمترەو ئەو باخچانەشی کە هەیە وەک پێویست خزمەتیان ناکرێت.

کامەران محەمەد ساڵح، بەڕێوەبەری باخچەکان لە سلێمانی، بۆ ڕۆژنامەی ئاشکراکرد؛ «لەئێستادا شاری سلێمانی (٤٪)ی سەوزاییە، کە نزیکەی (٢٤٤) باخچە دەکات، کە لە ڕاستیدا ئەمە ڕێژەیەکی زۆر کەمی سەوزاییە لە شاری سلێمانی و شارەکە پێویستی بە ڕێژەیەکی زۆری سەوزایی هەیە، بەڵام بەهۆی کەمیی بودجەو میلاکەوە ناتوانین و لەئێستادا لەسەر بودجەی پارێزگای سلێمانی یارمەتی دەدرێین».

دروستکردنی باخچەکان لە شاری سلێمانی بەپێی پلانەو دابەشکردنی باخچەکانیش بەپێی ماستەرپلانە، بەپێی ئەو پلانەش شاری سلێمانی کراوە بە (١٨) بنکەی کشتوکاڵییەوە، کە ئەم بنکانە سەرپەرشتی باخچەکان دەکەن.

بەڕێوەبەری باخچەکان ئاماژەی بەوەشکرد؛ ئەو شوێنانەی کە باخچەیان تێدا دروستنەکراوە، بەهۆی ئەوەوەیە کە هیچ خزمەتگوزارییەکی دیکەی بۆ نەکراوەو وتی: «ئێمە ناتوانین باخچەکان لەو ناوچانە دروستبکەین کە خزمەتگوزارییان پێنەگەیشتووە، زۆربەی ئەو ناوچانەش هەژارنشین و شەعبین، بۆیە کە سەیری شاری سلێمانی دەکرێت، نایەکسانییەک بەدیدەکرێت لە دروستکردنی باخچەکان لە شاری سلێمانیدا».

بەڵام کامەران محەمەد ئەوەشی خستەڕوو، کە ماستەرپلانێکی (٥) ساڵە دانراوە بۆ شاری سلێمانی، کە دەتوانێت ڕێژەی سەوزایی بەرزبکاتەوە بۆ (١٥٪)، کە نزیکەی (٣٠٠٠) باخچە دروستدەکرێن لە شاری سلێمانی.


گەڕەکی کانی سپیکە لە سلێمانی

جگە لەوەی زۆرێک لە گەڕەکەکانی سلێمانی باخچەیان بۆ دروستنەکراوە، هاوڵاتییانی بەشێک لەو گەڕەکانەش کە باخچەیان بۆ دروستکراوە ناڕازین لە باخچەکان، بەتایبەت ئەو باخچانەی بە تەواونەکراویی ماونەتەوە.

شێنێ محەمەد، هاوڵاتییەکی گەڕەکی بەختیارییە لە شاری سلێمانی، کە باخچەی گۆران لەبەردەم ماڵەکەیاندایەو بە نیگەرانییەوە وتی: «ماوەی (٣) ساڵە دەست بە دروستکردنی ئەم باخچەیە کراوە، بەڵام تائێستا یەک پارچە سەوزاییشی تێدانییەو بەتەواویی پەراوێزخراوەو کەس لە تەواونەبوونی ناپرسێتەوە، سەرەڕای ئەوەی بودجەیەکی زۆریشی بۆ تەرخانکراوە».

لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری باخچەکان ئاماژە بەوە دەکات؛ ئەو باخچانەی کە پەراوێزخراون بودجەی تازەیان بۆ خەرجدەکرێت و نۆژەندەکرێنەوە، هەروەها ئەو باخچانەشی کە لەکاتی خۆیدا تەواونەبوون و کات بەسەریاندا ڕۆیشتووە، لێپرسینەوە لەگەڵ لایەنی جێبەجێکاریان دەکرێت و غەرامە دەکرێن.

# نامەیەکی کراوە

**نامەیەکی کراوە**
**لە خانەوادەیەکی گەرمیانەوە**
**بۆ بەڕێز موراد قەرەیلان**
**(سەرۆکی کۆنسەی کەجەکە)**

پێشەکی: سـڵاو و ڕێز

ئێمە وەک خانەوادەی منداڵێک بە ناوی (موسا عەلی حەمە ساڵح)، کە لە دایکبووی ساڵی (١٩٩٤)ەو لە (٢١)ی نەورۆزی ساڵی (٢٠٠٩) دیارنەماوە، ئەم نامەیە ئاراستەی بەڕێزت دەکەین، کە پاش گەڕان و ماندووبوونێکی زۆر بەدوایدا، پاش دیارنەمانی بۆمان دەرکەوت کە لە ڕێگای کەسانێکەوە کە سەر بە ڕێکخستنەکانی پارتی چارەسەرن لە گەرمیان، براوە بۆ گوندی (ئێن زێ)ی بناری قەندیل و لەوێشەوە نێردراوەتە ناو هێزی چەکداری (PKK)، ئەم زانیارییەش پاش (٢٠) ڕۆژ لە دیارنەمانی کوڕەکەمان دەستمانکەوت، کە چەندجارێک پرسیارمان لە ڕێکخستنەکانی پارتی چارەسەرکرد، پاشان وەڵامیاندراینەوە کە کوڕەکەمان لە ناو (PKK)یە، ئێمەش بۆ بەدواداچوونی ئەوەی کە بزانین ئایا ئەوەی لەناو پەکەکەیە کوڕەکەی ئێمەیە یان نا، چونکە زۆرمان بەلاوە سەیربوو کە ماوەی (٢٠) ڕۆژ منداڵێک لە ماڵ دابېڕێت لە خانەوادەکەی و زۆربەی ڕاگەیاندنەکانی باشووری کوردستان بە چاپەمەنی و کەناڵەکانی (TV)ەوە هەواڵی دیارنەمانی کوڕەکەمانی بڵاوکردەوە، کەچی هەڤاڵانی پارتی چارەسەر خۆیان لێ بێدەنگ کرد، کە کوڕەکەمان لەبارەگای ئەواندابووە. ئەوەبوو پاش هەوڵێکی زۆر نامەیەک و دوو وێنەی کوڕەکەمان کە لە گوندی (ئێن زێ) گیرابوو لە بناری قەندیل، لە ڕێگای ڕێکخستنەکانی پارتی چارەسەرەوە گەیشتە دەستمان.

پاشان ئێمە بە هەڤاڵانی پارتی چارەسەرمان وت دەمانەوێت کوڕەکەمان ببینین بۆ ئەوەی بیهێنینەوە، چونکە خوێندنەکەی دەفەوتێت و لە ڕووی تەندروستیشەوە لاقی ڕاستیشی تەواونییە، ئەوەبوو کە بەڕێز دیار غەریب، کە سکرتێری پارتی چارەسەرە لە وەڵامدا پێیوتین؛ ئێستا کوڕەکەی ئێوە لە پەروەردەیەوە ناتوانن بیبینن، بەڵام هەرچییەکتان هەیە بینووسن بەنامە ئێمە بۆتان دەگەیەنینە دەستی کوڕەکەتان، ئەوەبوو ئێمەش ڕاپۆرتێکی پزیشکی و نامەیەکمان دایە دەستیان، بەڵام پاش چاوەڕوانییەکی زۆر وەڵامی نەبوو، پاشان وتمان لەوەدەچێت ئەم نامەیە فەوتابێت و نەگەیشتبێتە دەستی، ئەوەبوو دوو نامەی دیکەمان نارد هەر لە ڕێگەی هەڤاڵانی پارتی چارەسەرەوە، کەچی ئەوانیش تا نووسینی ئەم نامەیە بۆ بەڕێزت وەڵامی نەدراوەتەوە، ئێمەش بۆ زیاتر زانینی هەواڵی کوڕەکەمان کە زیاتر لە ساڵێکە نەمانبینیوەو هەواڵی نازانین و لێمان دەشارنەوە، چەند جارێک سەردانی بارەگاکانی پارتی چارەسەرمان کردووە لە کەرکوک و گوندی (ئێن زێ) لەسەر بەڵێنی خۆیان، بەڵام کەچی هەر دەستی دەستیمان پێدەکەن و هەموو بەڵێنەکانیان وەک سەراب وابووە.

بۆیە ئێستا ئەم نامەیەمان ئاراستەی بەڕێزت کردووە بە هیوای چارەسەرکردنی ئەم گرفتەمان، چونکە ئێمە وەک خانەوادەی ئەم منداڵە براوە مافێکی سروشتیی خۆمانە کە هەواڵی کوڕەکەمان بزانین و هەموو ڕێگە مەدەنییەکان بگرینەبەر بۆ بەدواداچوون و هەواڵ، چونکە دایکی ئەوەندە بیری لە دابڕانی کوڕەکەمان کردووەتەوە، تووشی نەخۆشیی خەمۆکی بووە لەپێناو دیارنەمان و دووریی کوڕەکەی، بۆیە ئەم نامەیەمان ئاراستەی بەڕێزت کردووە، چونکە زۆرجار لە ڕاگەیاندنەکانتانەوە ئەوە دەبیستین کە ئێوە لەپێناو ئەوەی فرمێسک و خەمی دایکان ڕابگرن و لە جەرگ سووتان ڕزگاریان بکەن، دەستپێشخەریی دەکەن لە ڕاگرتنی جەنگ، هەر بەو هیوایەوە کە ئێوە خەمخۆرن بەرامبەر دایکان، ئەم نامەیەمان ئاراستەی بەڕێزتان کرد بۆ ئەوەی بەزەییتان بجووڵێت بەرامبەر بە دایکی و خەمخۆربن لەپێناو ڕزگارکردنی لە هەموو ئەو نارەحەتیانەی کە هەموومان چەشتوومانە پاش دیارنەمان و دابڕانی کوڕەکەمان، کە هیوادارین لەبەرچاوی بگرن و وەڵاممان بدەنەوەو کوڕەکەمان بۆ بنێرنەوە.

پاشان ئەم کوڕەی ئێمە لە ڕووی تەندروستییەوە لاقی ڕاستی تەواو نییەو بەپێی ئەو ڕاپۆرتە پزیشکیانەی کە بۆمان ناردوون، هەروەها لە ڕووی تەمەنیشەوە بە هەموو پێوەرەکانی مافی منداڵان کە داکۆکیی لە پاراستنی مافی منداڵان دەکات، کە دەبێت لە سەرووی (١٨) ساڵییەوە بێت، کە ئەم کوڕەی ئێمە لە خوار ئەو تەمەنەوەیەو بۆ کاری سەربازیی نابێت بەکاربهێنرێت.

لە کۆتاییدا هیواداریـن وەڵاممان بدرێتەوەو ئەم داواکارییەشمان وەک داواکارییەکانی دیکەمان بێ وەڵام نەبێت.

**باوکی عەلی حەمە ساڵح عەلی**
**دانیشتووی کەلار**

# بانگەوازێکی بەپەلە

**بانگەوازێکی پەلە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**پەرلەمانی کوردستان**
**لیستی کوردستانیی لە پەرلەمانی کوردستان**
**لیستی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان**
**سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی دارایی**
**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

ئێمە تەواو ئاگاداری ئەو جیاوازیانەین کە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی- ئیدارەی هاوبەش لە مامەڵەکردن لەگەڵ خوێندکاران و قوتابیانی دەرەوەی وڵاتدا بەرەوڕووی بووەتەوە، حکومەتی هەرێمیش ئاگادارە کە ئەو گرفتە بەرەنجامی دووئیدارەیی پێشترەو چارەسەرکردنی لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمدایە، نەک ئێمەی خوێندکاران و قوتابیان باجەکەی بدەین، ئەوەی کە گرفتەکەی دروستکردووە، دەرکردنی ژمارەیەک بڕیارو ڕێنماییە، کە بە پێچەوانەی بنەما ئیداریی و یاساییەکان و هەموو زەماڵەکانی پێش مێژووی دەرچوونی ئەو بڕیارانەشی گرتووەتەوە.

ئێمە ساڵی (٢٠٠٦) وەکو دەستەیەک لە خوێندکاران لەسەر بودجەی ئیدارەی سلێمانی بۆ خوێندنی ماستەرو دکتۆرا لەلایەن لیژنەیەکی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی- ئیدارەی سلێمانییەوە بە فەرمانی وەزاریی وەرگیراوین، بۆیە ئێمە پێمان باشە لێرەدا ڕوونکردنەوەی تەواو بدەین لەسەر چۆنێتیی وەرگرتن و ناردنمان بۆ خوێندنی باڵا لە دەرەوەی وڵات.

لە (٢٠٠٦/١/٢٥) وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بانگەوازی ژمارە (٣٧٢/١/٧)ی سەبارەت بە خوێندنی ماستەرو دکتۆرا لە چەند پسپۆڕییەکدا لە دەرەوەی وڵات لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردەوە، ئەو قوتابیانەی داخوازییان پێشکەش کردبوو لەلایەن لیژنەیەکی وەزارەتەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراو دواتر فەرمانی وەزاریی ژمارە (٨٥٢) لە (٢٠٠٦/٥/٣)، کە پشت بە بڕیاری (٥٢٢)ی (٢٠٠٥/٨/٢٨)ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران- ئیدارەی سلێمانی دەبەستێت، بە ناوی (٦٧) خوێندکاری هەڵبژێردراو دەرچوو. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە ژمارەیەک لە هاوەڵانمان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بوون، ناویان بۆ خوێندنی دکتۆرا دەرچوو، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە بانگەوازەکەدا ژمارەیەک کورسی دکتۆرا هەبوون و هیچ هەڵگرێکی بڕوانامەی ماستەر داواکاریی بۆ پڕکردنەوەیان پێشکەش نەکردبوو.

جێبەجێکردنی ئەو فەرمانە کەوتە پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی لە مانگی حوزەیرانی (٢٠٠٦). وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی- ئیدارەی هاوبەش بە فەرمانی نوێی وەزاریی، لەوانە فەرمانی ژمارە (٣٣٢)ی (٢٠٠٦/٧/١٢)، بە پشتبەستن بە هەمان بڕیاری ئاماژەپێکراوی ژمارە (٥٢٢)ی (٢٠٠٥/٨/٢٨)ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران- ئیدارەی سلێمانی دەستی بە ناردنەدەرەوەی ئەو خوێندکارانە کرد، بڕیاری (٥٢٢)ی (٢٠٠٥/٨/٢٨)ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران- ئیدارەی سلێمانی بە ڕوونیی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هاوبەش پابەند دەکات بە دەستەبەرکردنی ئەم مافانەی لای خوارەوە بۆ هەریەکێک لەو خوێندکارانە:

– خەرجکردنی بڕی (١٠٠٠) دۆلار مانگانە.
– خەرجکردنی بژێویی ژیان بۆ هاوسەری خوێندکار، ئەگەر هاوڕێی سەفەر بکات، بە بڕی (٧٥٠) دۆلار مانگانە.
– خەرجکردنی کرێی خوێندن.
– پێدانی مۆڵەتی خوێندن بە خوێندکار، ئەگەر فەرمانبەربێت.
– پێدانی مۆڵەتی هاوڕێیەتی (مصاحبة) بە هاوسەری خوێندکار، ئەگەر فەرمانبەربێت.
– ئەم مافانەی خوێندکار بەردەوام دەبێت تا ماوەی یاسایی خوێندن، بەگوێرەی سیستمی ئەو زانکۆیەی قوتابی تێیدا دەخوێنێت، بەدەر لە درێژکردنەوە، کۆتاییدێت.
– درێژکردنەوەی مۆڵەتی خوێندن لە دوای کۆتاییهاتنی ماوەی یاسایی خوێندنەکە دەبێت، ئەگەر خوێندکار لەبەر هەرهۆکارێک نەیتوانی لەو ماوەیەدا بڕوانامەکەی بەدەستبهێنێت.

لەبەرامبەردا هەر خوێندکارێک کە پشتی بەست بەو بڕیارەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، نێردراوە بۆ خوێندن و گرەنتی پابەندبوون بەم دوو خاڵەی داوەتە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:

– گەڕانەوە بۆ هەرێمی کوردستان لەدوای تەواوکردنی خوێندنی دیاریکراو.
– خزمەتکردنی کەرتی خوێندنی باڵا دوو هێندەی ماوەی خوێندنی قوتابی.

ئەمەش هەردوو لایەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و خوێندکاران و قوتابیان لە بۆندێکدا کۆدەکاتەوە، کە ئیلتیزاماتی هەردوولایان لە ڕووی یاساییەوە بە ئاشکرا ڕوونکراوەتەوە.

سەرەڕای ئەمەش وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی- ئیدارەی سلێمانی نامەی پشتگیریی داوەتە ئەو زانکۆیانەی کە خوێندکارانی لێ وەرگیراون، لە نامەکاندا بە ئاشکرا ڕوونکراوەتەوە کە وەزارەتی ناوبراو گرەنتی کرێی خوێندن و بژێویی ژیانی قوتابیان دەکات. بە پشتبەستن بەو نامانە، زانکۆکان کورسی خوێندنیان داوەتە خوێندکاران. ئەم دۆکیۆمێنتانەش بۆ خۆیان وەزارەتیان خستووەتە بەر بەرپرسیارێتی یاسایی بەرامبەر بە زانکۆکانمان لە بەریتانیا. دواتریش وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی- ئیدارەی هاوبەش نامەی پشتگیریی ئاڕاستەکراو بۆ باڵیۆزخانەکانی بەریتانیای بۆ خوێندکاران و هاوسەرەکانیان دابینکردووە تا ڤیزەیان پێبدرێت، لەو نامانەشدا ئەوە پشتڕاستکراوەتەوە، کە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کرێی سەفەرو خوێندن و بژێویی قوتابی و بژێویی هاوسەرەکانیان لەئەستۆدەگرێت، بە پشتبەستن بەو نامانە سەفارەتەکانی ئەم وڵاتە ڤیزایان بۆ قوتابیان دابینکردووە، دیارە ئەمەش دیسان حکومەتی هەرێم دەخاتە بەر بەرپرسیارێتیی یاسایی بەرامبەر وەزارەتی ناوخۆی ئەم وڵاتە.

بەڵام بەداخەوە وەزارەتی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە مانگی ئۆکتۆبەری (٢٠٠٩)وە لەسەرجەم ئیلتیزاماتەکانی خۆی بەرامبەر خوێندکاران و زانکۆکانی ئەم وڵاتە پاشگەزبووەتەوە، ئەمەش وایکردووە کە خوێندنی قوتابیان لە مەترسیی جدیی هەڵپەساردندا بێت، هەندێک لە زانکۆکان سەرنجی قوتابیانیان ڕاکێشاوە، کە خوێندنەکانیان ڕادەگیرێت، ئەگەر بە زوویی کرێی خوێندنەکانیان نەدەن، ئەمە سەرباری ئەوەی باری ئابووریی خوێندکاران ئێجگار نالەبارە، خۆ لەباری ئەو قوتابیانەشدا کە هاوسەرو منداڵیان لەگەڵدایە، بارودۆخەکە تەواو خراپەو چیتر تەحەمول ناکرێت.

بەدەستهەڵگرتنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە ئێمە، لەم قۆناغەی خوێندنەکانماندا و بێدەنگیی دەزگا بڕیاربەدەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێمانوایە حکومەتی هەرێم ئێجگار بێپەروایە لە بەهەدەردانی سەرمایە داراییو مرۆییەکانی وڵات و بەجدیی لە خەمی ئێمەدا نییە، ئەوەی لێرە ڕوودەدات و ئێمە باجەکەی دەدەین، سیاسەتی برسیکردن و جەنگی دەروونییە. هاوکات وەک لە کۆتایی وەڵامەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیدا لە لاپەڕە (١٩)ی ژمارە (٦١٧)ی ڕۆژی (٢٠١٠/٤/٧)ی ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا دەردەکەوێت، واپێدەچێت وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەڵوێستی خۆی لەدژی چەند خوێندکارێکی دەستەکەی ئێمەی بەشێوەیەکی ناڕەوا بەسەر هەمووماندا گشتاندبێت، خۆ دەکرا وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ئیجرائاتی یاسایی لە بەرامبەر هەر خوێندکارێکی سەرپێچیکاردا بگرێتەبەر، بەڵام بەداخەوە تەڕو وشکی پێکەوە سووتاندووە.

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بە کردەوە لە ڕووی یاساییەوە هەموو ئەو بۆندانەی هەڵوەشاندووەتەوە کە هەرسێ لامان، واتە وەزارەت و ئێمەو زانکۆکانمان بەو ئیلتیزاماتانەی پێشتر باسکران پابەند دەکات، کە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی وەکو لایەنی یەکەم لە ئیلتیزاماتی خۆی بەرامبەر قوتابیان و خوێندکاران پاشگەزبووبێتەوە، ئەوا ئیلتیزاماتی ئێمەش بەرامبەر وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی خۆبەخۆ لە ڕووی یاساییەوە هەڵدەوەشێتەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بۆندانە بەهەدەردانی ئەو هەموو سەرمایە داراییو مرۆییە دەگەیەنێت، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە خوێندن و وەبەرهێنانی توانا مرۆییەکانی ئێمەدا کردوویەتی.

بۆیە داواکارین لە لایەنە بەرپرسەکان دەسەڵاتی خۆیان بخەنەگەڕو هەوڵی جدیی و بەپەلە بدەن تا ئەو هەموو سەرمایەیە لەدەست نەچن. داواکارین فشار لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بکەن و هاوکات پشتیوانیی جدیی ئەم وەزارەتە بکەن تا بەپەلە ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن.

**قوتابیان و خوێندکارانی دکتۆرا لە بەریتانیا**

# ڕێنماییەکانی خۆپیشاندان، زەوتکردنی ئازادییەکان



د.زانا ڕەئوف حەمە کەریم*

**وەزارەتی ناوخۆ، بە چەند شێوازێکی جیاواز ئازادیی هاوڵاتییان لە کۆبوونەوەی گشتیی و خۆپیشاندان زەوت دەکات**

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراویان ژمارە (٩٧٠٣) لە ڕۆژی (٢٠١٠/٤/٢٠)دا چەند ڕێنماییەکیان بڵاوکردووەتەوە تایبەت بە ڕێکخستنی خۆپیشاندانو کۆبوونەوە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەگەر بە وردیی سەیری ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییانە بکەین، دەبینین چەندین ئاماژەی مەترسیدار لەخۆدەگرن، کە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ دروستدەکەن لەسەر ئازادیی هاوڵاتییان لە کۆبوونەوەی گشتییو خۆپیشاندانو بە سەرپێچییەکی ئاشکرای مادەی (١٥)ی دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) دادەنرێن، کە دەڵێت: (هەموو تاکێک مافی ژیانو ئاسایشو ئازادیی هەیەو نابێت لێیان بێبەش یان سنووردار بکرێت، تەنیا بەپێی یاساو پشتبەستن بە بڕیاری دادگای تایبەتمەند نەبێت)، هەروەها ناکۆکیشە لەگەڵ بڕگەی (٣)ی مادەی (٢٨)ی هەمان دەستوور، کە دەڵێت: (ئازادیی کۆبوونەوەو خۆپیشاندانی هێمنانە بە یاسا ڕێکدەخرێت).

ئەم ڕێنماییانە لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئەوەی مانای جۆرێک لە پاشگەزبوونەوە دەگەیەنن لە ئاستی گەشەسەندنی پرسی دیموکراسیەتو مافو ئازادییەکانی هاوڵاتییان لە هەرێمی کوردستاندا، لەهەمانکاتدا جێی خۆیەتی کە زۆر بە گومانو نیگەرانییەوە بڕوانینە ئەم چەشنە ڕێنماییانەی کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دەرکراون تایبەت بە خۆپیشاندان، هەر بۆ ئەم مەبەستەش بە پێویستی دەزانین کە ئەم چەند ڕوونکردنەوەیە تایبەت بەم بابەتە هەستیارە بخەینەڕوو تا هەموو لایەک بزانن تا چ ڕادەیەک وەزارەتی ناوخۆ بە پاساوی پاراستنی بەرژەوەندییو ئازادییەکانی هاوڵاتییانو ئازادیی هاوڵاتییان لە خۆپیشاندان زەوتدەکات:

١. لە ڕوانگەی یاساییو دەستوورییەوە کارێکی ئێجگار مەترسیدارە، کە ئەرکی سنووردارکردنو کۆتو بەندکردنی سنووری چالاکیو مافو ئازادییەکانی هاوڵاتییان بە چەند (ڕێنماییەک) بسپێردرێن، کە لەلایەن بەڕێوەبەرێتییەکی گشتیی دیوانەوە دەربکرێت. لە سیستمە دیموکراتییەکانی دنیادا لەبەر بایەخو مەزنیی پرسێکی گرنگی وەک مافو ئازادییەکانی هاوڵاتییان، لە دەستووری وڵاتدا مافی هاوڵاتییان لە کۆبوونەوەی گشتییو خۆپیشاندان جێگیردەکرێن تا هیچ کەسو لایەنێک زاتی ئەوە نەکات ئەو مافە دەستوورییە پێشێل بکات، دەرکردنی یاساکانیش تایبەت بە خۆپیشاندان پشتبەستن بە دەستوور تەنیا لەپێناو ئاسانکارییو ڕێکخستنو چۆنێتی سوودمەندبوونو بەکارهێنانی ئەم مافەیە لەلایەن هاوڵاتییانەوە، نەک زەوتکردنی.

٢. لە غەیری ئەم دوو بارەشدا بە هیچ شێوەیەک نەگونجاوەو نابێت ئەم مافە گرنگەی هاوڵاتی تەنیا بە ڕێنمایی کۆتو بەند بکرێت، بەمپێیەش ئەم سنووردارکردنی مافو ئازادییە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە لەگەڵ ئەوەی کە تەنیا بە ڕێنماییەک ئەنجامدراوە، دەبینین کە ناوەڕۆکەکەشی لەبری ئەوەی باس لەچۆنێتی سوودمەندبوونی هاوڵاتییان بکات لەم مافە دەستوورییەو ڕێکی بخات، دێت بە کۆتو بەندێکی زۆر ئەم ئازادییەی هاوڵاتییان سنووردار دەکات، ئەم ڕێنماییانە بەوشێوەیە تەنانەت ناکۆک دەوەستێتەوە لەگەڵ مادەی (٣٨)ی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانیش، کە دەڵێت: «نابێت هیچ کۆتێک دابنرێت لەسەر بەکارهێنانی ئەو مافە شارستانیو سیاسییو کۆمەڵایەتیو ئابوورییو ڕۆشنبیرییانەو مافەکانی پێکهاتە نەتەوەییو ئایینیانەی کە لەم دەستوورەدا دانیان پێدانراوە». هەروەک چۆن مافی کۆبوونەوەو خۆپیشاندان وەک مافێکی دەستووریی لە بڕگەی (١)ی مادەی (١٧)ی پرۆژەی دەستووردا ئاماژەی پێکراوەو دەسەڵات ناچاردەکات بە یاسا ڕێکی بخات، نەک بە ڕێنمایی کۆتو بەندی بکات.

٣. لەبەرامبەر دەرکردنی ئەم چەند ڕێنماییە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە، کە بە چەند شێوازێکی جیاواز ئازادیی هاوڵاتییان لە کۆبوونەوەی گشتییو خۆپیشاندان زەوت دەکات، لایەنی ناوبراو هیچ پاساوێکی یاسایی ئەوتۆ ناخاتەڕوو، کە بە ڕاستی ببنە بەهانە بۆ سنووردارکردنی مافو ئازادیی هاوڵاتی، بە واتایەکی دیکە وەزارەتی ناوخۆ نەیتوانیوە ئەوە بسەلمێنێت کە بە ڕاستەقینەیی سیستمی گشتیی هەرێم لەژێر هەڕەشەدایە تا ئەمەش ببێتە بەهانەی دەرکردنی ئەم چەشنە ڕێنماییانە، تەنیا ئەوە نەبێت کە دەڵێت: (بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندانو کۆبوونەوە گشتییەکان، کە لەم ماوەی دواییدا هەستیپێدەکرێت لەلایەن هەندێک چینو توێژەکانی کۆمەڵەوە ئەنجامدەدرێت، بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە کاری سەرپێچیو پێشێلکردنی یاسا یان کاری تێکدەریی لەکاتی ئەو چالاکیانەدا)، لەبەرئەوە هیچ پاساوێکی یاسایی ئەوتۆ نین بەهانەی ئەم ڕەفتارەی وەزارەتی ناوخۆ بکەن، تەنیا پێشێلکردنی ئازادیی هاوڵاتییان نەبێت بە پاساوی پاراستنی ئەو مافو ئازادییانە.

٤. ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ کۆبوونەوەی گشتییو خۆپیشاندانی وەک مافێکی دەستووریی هاوڵاتییان ئەژمار بکردایە، ئەوا هەرگیز ڕێگەی بەخۆی نەدەدا کە لە ڕێگەی (مۆڵەت) وەرگرتنەوە ڕێگە بە هاوڵاتییان بدات لەو مافە دەستوورییە سوودمەندبن، بەڵام وا دیارە وەزارەتی ناوخۆ کۆبوونەوەی گشتییو خۆپیشاندان لە بنچینەوە وەک کارێکی نەشیاو و ڕێگەپێنەدراو سەیردەکات، هەر لەبەر ئەوەشە کە مەرجی پێشوەخت مۆڵەت وەرگرتن دەسەپێنێت بەسەر ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت ڕێپێوان یاخود مانگرتن یان کۆبوونەوەی گشتیی ئەنجامبدەن، جا ئەگەر ئەرکی سەرەکیی سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان (پارێزگار) وەک لایەنێکی پەیوەندیدار بە پێدانی مۆڵەت بریتی بێت لە گرتنەبەری سەرجەم ڕێوشوێنە ئەمنییەکان بۆ پارێزگاریکردن لە سەلامەتیی هاوڵاتییانی بەشداربوو بە شێوەیەکی ئاشتیانە، هەروەک لە بڕگەی (٤)ی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆدا هاتووە، کەواتە لەسەر چ بنەمایەک لایەنی پەیوەندیدار ئەو مۆڵەتە دەدات بە هاوڵاتییان بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانو کۆبوونەوەی گشتیی؟، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە دەستەواژەی «ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار بە کاتو شوێنی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی گشتییو خۆپیشاندان» جێگەی دەستەواژەی «داوای مۆڵەت وەرگرتن» بگرێتەوە، ئەگەر نا هیچ بەهایەک نامێنێتەوە بۆ خۆپیشاندانو مانگرتنو کۆبوونەوەی گشتیی وەک مافی دەستووریی هاوڵاتییان لە هەرێمی کوردستاندا، وەزارەتی ناوخۆش زۆر بە هەڵەدا چووە ئەگەر ئەو مافە دەستوورییانە وەک کارێکی ڕێگەپێنەدراو و نەشیاو ئەژمار بکات، چونکە بەکارهێنانی مافی دەستووریی هاوڵاتی هەرگیز نابێت لەسەر ویستو مۆڵەتی «پارێزگار» بووەستێت وەک لایەنێکی پەیوەندیدار بۆ بەخشینی مۆڵەتی خۆپیشاندان.

٥. ئێمە هیچ دوودڵ نین لە پێویستیی پاراستنی سیستمی گشتیی هەرێمو پێویستیی گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی دەرهەق بە هەرکەسو لایەنێک کە کاری تێکدەرانە ئەنجامبداتو یاسا پەیڕەوکراوەکان پێشێل بکات، دڵنیاشین لەوەی کە هەرکەسو لایەنێک لە هەر پلەو پایەیەکدا بێت پێشێلی مافو ئازادییە دیموکراتییەکانی هەر هاوڵاتییەک بکات لەبەرامبەر یاسادا پێویستە بەرپرسیار بێتو بەپێی یاسا لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام لەبەرامبەریشدا هەرگیز نابێت وەزارەتی ناوخۆ ئەو مافە بداتە خۆی، کە بە پاساوی جیاوازو بە بیانووی پاراستنی سیستمی گشتیی هەرێم، بێئەوەی بەڵگەیەکی یاسایی بەهێزیان لەبەردەستدا بێت ڕێنمایی بۆ سەرکوتکردنو کۆتاییپێهێنانی خۆپیشاندان لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە دەربکات، چونکە ئەمە بە پێشێلکردنێکی ئاشکرای مافو ئازادییەکانی هاوڵاتییان دادەنرێتو ئاماژەیەکی مەترسیدارە بۆ تەسکبوونەوەی سنووری ئازادییەکانی هاوڵاتییان لە هەرێمی کوردستاندا.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتەو نەهێشتنو ڕێگریکردن لە زەوتکردنی مافی هاوڵاتییان لە ئازادیی خۆپیشاندان، ئەوەی پێویستە لێرەدا وەک پێشنیاز بخرێتەڕوو، ئەوەیە پێویستە لەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە نزیکترین کاتدا نووسراوێک ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ بکاتو داوای لێبکات دەستبەجێ کارکردن بەو ڕێنماییە بووەستێنن، چونکە لەگەڵ ئەوەی پێشێلکردنێکی ئاشکرای مافو ئازادییەکانی هاوڵاتییان لەخۆدەگرێت، لەهەمانکاتدا مافی پەرلەمانی کوردستان لە دەرکردنی یاساکان زەوت دەکات، ئەوە پەرلەمانە کە سەڵاحیەتی دەرکردنی یاسایەکی هەستیاری وەک یاسای خۆپیشاندانو کۆبوونەوەی گشتیی هەیە، نەک ڕێنماییەکی وەزارەتی ناوخۆ، ئەوان تەنیا پشتبەست بە یاساکانی پەرلەمان پێویستە ڕێنماییەکانی تایبەت بەم بوارە گرنگە دەربکەن، نەک بەشێوەیەکی سەربەخۆ، هەروەها پێویستە لەسەر پەرلەمانی کوردستان لە نزیکترین کاتدا بڕیاری کۆبوونەوەیەکی تایبەتی پەرلەمان بدات (جا ئاسایی بێت یاخود نائاسایی) بۆ گفتوگۆکردنو تاووتوێکردنی پرۆژەیاسای خۆپیشاندان، کە لە خولی گرێدانی یەکەمدا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئەوەش لەو کۆبوونەوەیەدا جێگیربکرێت، کە ئەوە حکومەتە پرۆژەیاسای خۆپیشاندانی لە پەرلەمان کێشاوەتەوەو هێشتا نەیگەڕاندووەتەوە بۆ پەرلەمان، ئەوە حکومەتە کە خۆی خەمساردەو کاری پەرلەمان دوادەخات، حکومەتێک کە ئامادە نییە تەنانەت داکۆکیی لەو پرۆژەیاسایانەش بکات کە خۆی ڕەوانەی پەرلەمانی کردوون، وا دیارە حکومەت نایەوێت خۆی پابەند بکات بە یاساوە، تاوەکو دەستی واڵا بێت بە ئارەزووی خۆی ڕێنمایی بۆ ئەم بابەتە هەستیارە بکات، لەبەرئەوە چیتر پەرلەمانیش نابێت چاوەڕێی ڕەحمەتی دەستی حکومەت بێتو بە فیعلیی ئەوە بسەلمێنرێت کە پەرلەمان مەرجەعی باڵای گەلی کوردستانە.

* ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

**ونبوون**

دەفتەرێکی زەخت ونبووە بەناوی (شەرمین محەمەد سابیر) هەرکەسێک دۆزییەوە پەیوەندی بەم ژمارە مۆبایلەوە بکات: ٠٧٧٠١٥٨٦٠٢٢

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئازاد چالاک**

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان ڕەشید** – **هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ – ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
serwan_rm@yahoo.com – hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی ئیسکان – تەنیشت ساردەمەنی من و تۆ
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

ریكلام

**چاپخانەی زەرگەتە**

بۆ
چاپکردنی
ڕۆژنامە
گۆڤار
کتێب
پۆستەر



ناونیشان: سلێمانی، گردی زەرگەتە، بەرامبەر مزگەوتی شێخ فەرید
ژ.ت: ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

# ئەو کێشەیەی کە تائێستا چارەسەرنەکراوە (بەعسیزم)!



سەلاح رەشید

> **سەرۆکی هەرێم نیو ئەوەندەی کە هەڵوێستی زۆر خێرای لەسەر کێشەی (پێشمەرگەو میلیشیا) وەرگرت و هەڕەشەی توندو قورسی بەرامبەر بە ئەندام پەرلەمانێک کرد، ئەگەر چارەکی ئەوە سوور بووایە لەسەر یەکاڵاکردنەوەی مەلەفەکان، ئەوا ئێستا دەمێک بوو یەکێک لە ئاڵۆزترین کێشەی سیاسیی لە کوردستان بەرەو کۆتایی چووبوو**

ماوەیەکی درێژە لە عێراقدا باس لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ پاشماوەکانی حیزبی بەعسدا دەکرێت‌و هەندێکجار تاقیکردنەوەی کوردستانی دوای (١٩٩١) وەک نموونەیەکی باش دەهێنرێتەوە، ئەم باسە زیاتر لەکاتی هەڵبژاردن‌و سەرهەڵدانی کێشە سیاسیی‌و ئەمنییەکاندا گەرمتردەبێت.

بەعس تەنیا حیزبێکی سیاسیی نەبووەو پێناسەی (حیزب)ی بە مانا کلاسیکییەکەی بەسەردا ناچەسپێت، بەڵکو ببوو بە هێزێکی سیاسیی، سەربازیی، ئابووریی‌و تۆقێنەر، کە سەرجەم بوارەکانی ژیانی هاوڵاتییانی عێراقی گرتبووەوەو کەم بوار هەبوو کە بەعس بەشێوەیەک لە شێوەکان دەستی تێدا نەبووبێت‌و کاریگەریی نەبووبێت‌و نەیویستبێت بە وردیی بچێتە ناویەوە.

دەستێوەردانی بەعس نەک تەنیا لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا رەنگیدابووەوەو دەوڵەت‌و بەعس ببوون بە یەک دەزگا، بەڵکو بەعس وەک هەموو حیزبە تۆتالیتارەکان، دەستی خستبووە ناو ژیانی تایبەتی هاوڵاتییانیشەوەو ژنی دەکرد بە جاسوس بەسەر مێردو منداڵ، بەسەر باوک‌و خوشک‌و بەسەر براوە.

ترس‌و هەڕەشەو تۆقین‌و چاودێریی وردی هاوڵاتییان، سیمای حیزبە فاشییەکانی ئەورپاش بوو لەنێوان ساڵانی (١٩٢٠-١٩٤٥)، وەک حیزبی نازیی هێتلەر لە ئەڵمانیاو مۆسۆلینی لە ئیتالیاو چەندین هاوشێوەیان لە وڵاتانی دیکە.

یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانی عێراق دوای رووخاندنی رژێمی بەعس، ئەوە بوو چۆن وڵات دوای حوکمکردنی (٣٥) ساڵی دیکتاتۆرییەت، بەشێوەیەکی باشتر یان (دیموکراتیانە) بینا دەکرێت؟ چۆن مرۆڤی سبەینێ دروستدەبێت؟ چی لە هەزارەها هاوڵاتی عێراقی هەمەجۆر دەکرێت، کە بە ئارەزووی خۆیان یان بە گوشارکردن یان لە ترساندا ببوون بە ئامرازێک بەدەست بەعسەوە؟

کێشە مەزنەکە گۆڕینی سیستمەکەو دانانی دەستەیەکی نوێ نەبووە، بەڵکو چۆن ئینسانی دوێنێ سیستمی ئەمرۆ قبوول دەکات؟ چۆن ئەو کەسە ئارەزوومەندانە واز لە فیکرێکی فاشیانەو دیکتاتۆرییانە دەهێنن‌و فیکرێکی نوێی سەردەمیانەی دیموکرات قبوول دەکەن؟ چۆن بە ئاسانیی واز لەو هەموو دەستکەوتانە دەهێنن کە لەژێر دەسەڵات‌و سێبەری بەعسدا بەدەستیان هێناوە؟ حکومەتی نوێ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانە دەکات کە هاوڵاتی خۆیین؟

کێشەی چارەسەری (بەعسیزم) هەمان کێشەیە کە ئەڵمانیاو نەمساو ئیتالیا رووبەڕووی بوونەوە، ئەویش چۆن چارەسەری نازییەت‌و فاشییەت‌و بیری رەگەزپەرستییان کرد، گرنگترین کێشە دوای جەنگی دووەمی جیهانی کە دووچاری هاوپەیمانان بووەوە، مەسەلەی بیناکردنەوەی ژێرخانی کۆمەڵ‌و دروستکردنی سەرلەنوێ شارو شارۆچکەکانی وڵاتانی ئەوروپا نەبوو، بەڵکو چۆن بەرەوڕووی ملیونەها کەس دەبێتەوە کە لەگەڵ رژێمە فاشییەکاندا کاریانکردووەو چۆن وڵاتێک‌و کۆمەڵگەیەکی نوێ‌و ئینسانێکی دیموکرات دروستدەکەیت‌و سیستمێکی دیموکرات دادەمەزرێنیت؟.

نازییەت لەساڵی (١٩٣٣)وە باڵی رەشی بەسەر ئەڵمانیاو زۆربەی وڵاتانی دراوسێ‌و زۆر لە وڵاتانی ئەوروپادا کێشاو جەنگی دووەمی جیهانیش ئەو کێشەیەی توندترو قووڵترو ئاڵۆزتر کردەوە، بەڵام ئەم جەنگە تاکە رێگا بوو بۆ رزگاربوون لەو سیستمەو بە کۆتایی جەنگ لە سەرەتای (١٩٤٥)وە، کۆتاییش هات بە رژێمی فاشیی نازیی لە هەموو ئەوروپاو هێزی هاوپەیمانان دەسەڵاتیان گرتەدەست.

هاوپەیمانان لە تەمموزی (١٩٤٥)ەوە لە ئەڵمانیا کۆمەڵێک بڕیاریان دەکرد کە بە (ئینتناسیفیزیرۆنگ – Entnazifizierung) واتە ریشەهەڵکێشانی نازییەت، کە بریتیبوو لەوەی چۆن کۆمەڵگەی ئەڵمانی‌و نەمساویی لە بواری سیاسیی، کلتووریی، راگەیاندن، ئابووریی‌و یاسایی لە کاریگەریی رژێمی رابردووی (سۆسیالیستی نەتەوەیی – Nationalsozialismus) پاکدەکەیتەوە.

ئەم کارو بڕیارانە بەسترابووەوە بە دیموکراتیکردن‌و دوورکەتنەوەی کۆمەڵگە لە عەسکەرتارییەت.

بڕیاری ریشەکێشکردنی نازییەت لەبەرئەوەی لە چوار وڵاتی هاوپەیمانەوە دەرچووبوو، بە چوار شێوەش جێبەجێ دەکرا، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەمان ئامانجی دەپێکا.

هەموو ئەو کەسانەی ئەو بڕیارە دەیگرتنەوە، کرابوون بە (٥) بەشەوە:

تاوانبارانی جەنگ، تاوانباران‌و تۆمەتبارانی سەربازیی، ئەوانەی کەم تاوانیان کردووە، هەوداران، بێتاوانەکان.

هەر سێ هاوپەیمانە خۆرئاواییەکە (ئەمریکا، ئینگلیزو فەرەنسا) تا سەرەتای ساڵی (١٩٤٧) نزیکەی (١٠٠) هەزار کەسیان زیندانیی کردو بڕیاری لە سێدارەدانی زیاتر لە (٨٠٠) کەسیان دەرکرد، کە (٤٨٦)یان لە سێدارەدران.

بەپێی بڕیارەکانی هاوپەیمانانی خۆرئاوا، هەموو ئەوانەی کە لە تاوانەوە تێوەنەگلابوون‌و تەنیا هەوادار بوون، توانییان لەدوای ساڵی (١٩٤٩) تێکەڵاوی ژیانی ئاسایی ببن‌و مافی ئەوەیان درایە کە کاری ئاسایی بکەن‌و هەتا بشتوانن وەک فەرمانبەری حکومەت کار بکەن.

بۆ جیاکردنەوەی شێوەی تێوەگلانی هاوڵاتی ئەڵمانی لە تاوان‌و کارکردنیان بۆ نازییەت‌و دەسەڵاتی هێتلەر، هاوپەیمانان هەستان بە بڵاوکردنەوەی ئیستیمارەیەکی درێژ کە بریتیبوو لە (١٣١) پرسیاری تا کۆتایی ساڵی (١٩٤٥)، زیاتر لە (١٣) ملیۆن ئیستیمارەیان دا بە هاوڵاتییان بۆ پڕکردنەوەی.

هەموو ئەو بڕیارو یاسایانەی کە پەیوەندیی بە نەمانی شوێنەواری نازییەتەوە هەبوو لەلایەن هاوپەیمانانەوە دەرچووبوو، حکومەتی ئەڵمانیای فیدراڵیش لە بڕگەی (١٣١)ی دەستووری خۆیدا، کە لە (٢٣)ی مایسی (١٩٤٩)دا دەرچوو، وەک خۆی وەریگرت‌و دەستکاریی تێدانەکرد.

لە وڵاتی نەمساش، بە هەمانشێوەی ئەڵمانیا، مامەڵە لەگەڵ پاشماوەی نازییەتدا کراو لە سەرەتادا پارتی نازیی (NSDAP)و هەموو رێکخراوەکانی سەر بەو پارتە قەدەغەکران‌و هەریەکێک کە لەنێوان ساڵانی (١٩٣٣-١٩٤٥) ئەندامی ئەو پارت‌و رێکخراوانە بووبێت، ناونووس کراو لێی قەدەغەکرا کە بەشداریی یەکەم هەڵبژاردنی سەربەخۆی ساڵی (١٩٤٥) بکات، هەر لە نەمساش (٣٠) نازیی هەڵواسران‌و زیاتر لە (٢٣) هەزار تاوانباری دیکە زیندانیی کران.

لە وڵاتانی دیکەی ئەورپا، کە لەلایەن سوپای هێتلەرەوە داگیرکرابوو یان هاوکاریی نازیەتییان کردبوو یاخود کۆمەڵێک لە (جاش)یان بۆ یارمەتی سوپای داگیرکەری نازیی دروستکردبوو، ئەو وڵاتانە هەریەکە بە جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دەکرد کە هاوکاریی نازییەتیان کردبوو، لەو وڵاتانە زیاتر لە نیو ملیۆن تاونبار دران بە دادگا.

لە پرۆسەی رزگارکردنی فەرەنسا لەژێر دەسەڵاتی هێتلەردا، کە بە (لیبراسیۆن) ناودەبرێت، لە نێوان ساڵانی (١٩٤٤-١٩٤٧) هەموو دەزگاکانی دەوڵەت لە پاشماوەی نازییەت پاککرایەوە، کوشتنی بێ دادگا بەرامبەر بەو فەرەنسیانەی کە هاوکاریی نازییەتیان کردبوو، گەیشتە نزیکەی (١٠) هەزار کەس. ئەم دیمەنە لە ئیتالیاش دووبارە بووەوەو نزیکەی (٢٠) هەزار ئیتالیش لەلایەن پارتیزانە ئیتالیەکانەوە بێ دادگاییکردن لە سێدارە دران.

## بەعس‌و کورد

باڵی رەشی بەعسیزم تەنیا خۆی بەسەر ناوەڕاست‌و خوارووی عێراقدا نەکێشابوو، بەڵکو کوردستانیشی گرتبووەوەو رژێم بە هەزارەها جاشی کوردی دروستکردبوو، بە هەزارەهای دیکەش بە ئارەزوو یان بە زۆر یان بەهۆی بارودۆخی ژیانیانەوە بووبوون بە بەعسی‌و چووبوونە ناو دەزگا هەمەجۆرەکانی رژێمەوە.

لە پێش راپەڕینی (١٩٩١)ەوە، بەرەی کوردستانیی لە بڵاوکراوەیەکدا لە (٩)ی مارتی (١٩٩١)و لە بڕگەی یەکدا دەڵێت: (هیچ کەسێک بە هیچ جۆرێک بۆی نییە لە خۆیەوە کەسێکی دیکە بکوژێت، ئەگەرچی زۆر تاوانباریش بێت، بەڵکو دەبێت بە گیراویی تەسلیمی هێزەکانی بەرەی کوردستانیی بکات‌و هەر کەسێک لەم فەرمانە دەربچێت بە توندیی سزا دەدرێت).

هەروەها یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش بە هەمانشێوە لە (٣٠) کانوونی دووەمی هەمان ساڵدا وتارێکی لە ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتبوو (یەکێتی لەبەردەمی گەلەکەماندا بە ئاشکراو بە راشکاویی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی رادەگەیەنێت لەگەڵ هەموو موستەشارو ئامر سریەو موقاتیلەکانی دیفاعی وەتەنی‌و هەموو ئامر مەفرەزەی خاسەو موقاتیلی مەفرەزە خاسەکان‌و هەموو ئەوانەی لە ریزی حیزبی بەعس‌و دامودەزگاکانی دیکەی حیزب دەسەڵاتداربوون، وەکو جەیشی شەعبی‌و نەقابەکان‌و یەکێتییەکان... لە ئەمرۆ بەدواوە یەکێتی بە هەموو پێشمەرگەو ئەندام‌و دۆست‌و لایەنگرەکانییەوە وەکو هاونەتەوەو هاونیشتمان‌و هاوکار سەیریان دەکات).

ئەم بڕیارە کوردییە کەم تا زۆر پەیوەندیی بە بارودۆخی هێزە کوردستانیەکانەوە هەبوو، کە ویستیان هێزە چەکدارە کوردەکانی حکومەت بێلایەن بکەن‌و قورسایی خۆیان بخەنە سەر دژایەتی هێزی نیزامی سوپا.

ئەم بڕیارە بۆ کاتی خۆی، زۆر گونجاو و زیرەکانە بوو، بەڵام ئەم بڕیارە باسی لەو ئەندام‌و کادیرو لێپرسراوی حیزبە کوردستانییەکان نەکردبوو کە جاسوسییان بەسەر حیزبەکانی خۆیانەوە دەکرد، یاخود باسی ئەو جاسوس‌و پیاوکوژانەیان نەکردبوو، کە پێش مەفرەزەی ئەمن‌و ئیستیخبارات دەکەوتن لەناو شارەکانداو ماڵی پێشمەرگەیان نیشاندەدان‌و رۆژانە راپۆرتیان لەسەر هەموو یەکێک دەنووسی، کە بۆنی بەعسینەبوونی لێبهاتایەو هاوڵاتییانیان لە گۆڕەپانەکانی شاردا کۆدەکردەوە بۆ سەیرکردنی لە سێدارەدانی پێشمەرگەو رێکخستنەکانی ناوشار.

ئەم بڕیارە نە توانی کۆتایی بە هاوکاریی کورد لەگەڵ بەعس بهێنێت‌و نە توانیشی سیستمێک بێنێتە کایەوە کە چۆن (بەعسیزم) بنبڕ دەبێت‌و هەروەهاش بڕیارەکانی بەرەی کوردستانیی‌و هێزە کوردییەکان وەک خۆی جێبەجێنەکراو لە زۆر جێگە لە کوردستان کوشتنی ئەنقەست‌و بێ دادگایی روویداو زۆرجار کێشە کۆمەڵایەتییەکان تێکەڵ بە بڕیارە سیاسییەکان بوون.

دوای رووخاندنی بەعس لەساڵی (٢٠٠٣)و ئاشکرابوونی کومەڵێک لە مەلەفی چەندین ئەندام‌و کارمەندو لێپرسراوی هێزە کوردستانییەکان لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان، کە تا دوای راپەڕینیش پەیوەندییان بە ئەمن‌و ئیستیخبارات‌و هێزە تایبەتییەکانی بەعسەوە مابووەوەو تا کۆتایی ئەو ساڵەش راپۆرتی خۆیان بۆ ناردوون‌و پارەیەکی رەمزیی‌و هەندێکجار زۆر کەمیان وەرگرتبوو.

هەرچەندە هێزە کوردییەکان‌و بەتایبەتیش یەکێتی‌و پارتی بۆ نیشاندانی نیەتی نیشتمانیی خۆیان بەرامبەر بە قوربانییانی بەعس، رایانگەیاند کە بە توندیی بە گژ هەموو ئەو کەسانەدا دەچنەوە کە لەناو ئەواندا پەیوەندییان بە بەعسەوە هەبووەو مەلەفەکانیان ئاشکرا بووە، بەڵام هەموو بەڵێنەکان بێ ئەنجام دەرچوون، ئەو کێشەیە لەلای یەکێتییەوە لە پلینیۆمی (٧)ی کانوونی دووەمی (٢٠٠٧)دا بە چەپڵەڕێزانی زیاتر لە (٨٠٠) ئەندام کۆتاییهات‌و ئەوە سەرەتای کۆتاییەکی بێ وێنەی ناعادیلانە بوو!!.

لێپرسینەوە لە مەلەفەکان لای سەرۆکایەتی هەرێمیش هەمان ئەنجامی هەبوو وەک لای یەکێتی، ئەوە بوو لەساڵی (٢٠٠٦)ەوە مەسعود بارزانی دەزگایەکی بۆ لێکۆڵینەوە لە مەلەفەکان داناو حاکم رزگار بوو بە سەرۆکی‌و بەڵێنیان بە هاوڵاتییان دا کە بەبێ لایەنانەو شەفافانە لە مەلەفەکان بکۆڵنەوەو ئەنجامەکەشی رابگەیەنن، ئەم کارەش وەک زۆر بەڵینەکانی دیکە هیچ ئەنجامێکی نەبوو، بە تاریکی‌و هەڵوەسراوەیی مایەوەو ئەو تارماییە نا یەکسانییە نەتوانرا ئازایانەو شەفافانە بڕەوێتەوەو ئەم کێشە سیاسییە کۆمەڵایەتییە ئەخلاقییە بۆ هەمیشە کۆتایی پێبێت!.

سەرۆکی هەرێم نیو ئەوەندەی کە هەڵوێستی زۆر خێرای لەسەر کێشەی (پێشمەرگەو میلیشیا) وەرگرت‌و هەڕەشەی توندو قورسی بەرامبەر بە ئەندام پەرلەمانێک کرد، ئەگەر چارەکی ئەوە سوور بووایە لەسەر یەکاڵاکردنەوەی مەلەفەکان، ئەوا ئێستا دەمێک بوو یەکێک لە ئاڵۆزترین کێشەی سیاسیی لە کوردستان بەرەو کۆتایی چووبوو.

## ریشەکێشکردنی بەعس لە عێراق

سەفیری ئەمریکی، پۆل برێمەر، کە وەک حاکمی مەدەنی عێراق دانرابوو لە (١٧)ی مایسی (٢٠٠٣) بڕیاری ژمارە یەکی ئەوە بوو، کە (دەزگای ریشەکێشکردنی بەعس)ی دروستکردو ئەحمەد چەلەبی کرد بە لێپرسراوی، لە دروستکردنیدا چاوی لە نموونەی دەزگا ئەوروپییەکان‌و بەتایبەتی دەزگای ریشەکێشکردنی نازییەت لە ئەڵمانیا کردبوو.

ئەم دەزگایە دوای تێپەڕبوونی دووساڵ بەسەریداو بۆ راکێشانی عەرەبی سوونە، ناوەکەی گۆڕا بۆ (دەزگای لێپرسینەوەو دادپەروەریی)، ئەگەر لە سەرەتاوە ئەم دەزگایە سەربەخۆیانەو چالاکانەو بێ ترس‌و سڵەمینەوە کاری خۆی بکردایە، ئەوا گرفتی بەعس بنبڕ دەکراو ئەو کێشەیەش بۆ هەڵبژاردنی (٧)ی مارسی (٢٠١٠) دروست نەدەبوو کە دەزگای لێپرسینەوەو دادپەروەریی (٥١١) کەس لە هەڵبژاردن بێبەش بکات بە تۆمەتی پەیوەندییان بە بەعسەوە، لەکاتێکدا هەندێکیان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی (١٥)ی کانوونی یەکەمی (٢٠٠٥)دا بەشداربوون‌و بۆ ماوەی پێنج ساڵ ئەندام پەرلەمان بوون، دوای ئاشکراکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنیش، دەزگای لێپرسینەوەو دادوەریی رایگەیاند، کە (٥٢) کاندید کە ناویان هاتووەتەوەو مەرجی خۆهەڵبژاردنیان تێدا نەبووە، بە نایاسایی خۆیان هەڵبژاردووەو (١١) کەس لەوانە دەرچوون بۆ پەرلەمانی نوێ، کە یاسای ریشەکێشکردنی بەعس دەیگرتنەوە، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو خۆ هەڵبژاردنە دژی هەموو پرینسیپەکانی ئەو دەزگایەیەو لەهەمانکاتیشدا کێشەیەکی سیاسیی دێنێتە پێشەوەو ئەنجامی هەڵبژاردنەکان تێکدەدات‌و کاریگەریی دەبێت لەسەر تەرازووی هێزەکان، چونکە دەنگی ئەوانەی کە خۆیان هەڵبژاردووە بەو چەند کەسەی کە دەرچوون‌و ئەوانەی کە دەرنەچوون دەفەوتێت!!.

ئەوەی تائێستا بە ئاشکرا روویدا، مەسەلەی دادگاییکردنی چەند بەرپرسێکی بەعس بوو، لەوانە سەدام حسێن‌و عەلی حەسەن‌و بەرزان‌و چەند تاوانبارێکی دیکە، کە فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو ژمارەیان لە پەنجەی دەستێک تێپەڕ ناکات!. تاونبارەکانی دیکە زۆربەیان هەڵاتن بۆ دەرەوە یان لە ئەوروپا بوون بە «پەنابەری سیاسیی» یان لە وڵاتانی عەرەبییەوە بەرەی (مقاوەمە)یان دروستکرد!.

ئاشتبوونەوەی گشتیی مانای چەسپاندنی دادپەروەریی گشتییە، تاوەکو دادگا هەموو مەلەفەکانی سەردەمی رژێمی بەعس وەک کە لە ئەوروپا روویدا، یەکالا نەکاتەوەو هەموو ئەو کەسانەی کە بەشداربوون لە تاواندا دژی مرۆڤایەتی‌و بەشێوەیەک لە شێوەکان زیانیان گەیاندووە بە ئینسانی عێراقی لە کوردستان‌و ناوەڕاست‌و خواروودا، نەدرێن بە دادگاو بێلایەنانەو شەفافانە مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت، ئەوا ناعەدالەتییەکی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا بێ چارەسەر دەمێنێتەوە!.

**درێژەی ئەم وتارە لە سایتی سبەی بخوێنەرەوە.**

# لاپەڕەیەکی نوێ



سیروان ڕەشید

لەوەتەی بزووتنەوەی گۆڕان دروستبووە، پەیوەندییەکانی نێوان ئەم بزووتنەوەیەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە دۆخێکی گرژدا تێدەپەڕن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئیدی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو لایەنە هەروا بمێنێتەوە، چونکە لۆژیکی سیاسیی پێمان نالێت؛ کە تا هەتایە ئەم دوو هێزە وەک دوو لایەنی دژ بەیەک بمێننەوە.

لەماوەی هەشت مانگی رابـردوودا، دوو هەڵبژاردنی زۆر گرنگمان تێپەڕاند، کە ململانێیەکی سەختیان بەخۆوە بینیو هەموولایەکیان ماندووکرد، بەڵام ئێستا پێویستە هێزە سیاسییەکان (تای هەڵبژاردن) لە گوتاری سیاسییان داببڕنو دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوەو بە ڕۆحیەتی یەکترقبووڵکردنەوە کاربکەن.

بە هاتنەکایەی بزووتنەوەی گۆڕان وەک هێزێکی نوێ لە پێکهاتەی سیاسیی کورددا، گۆڕانی دراماتیکی لە نەخشەی سیاسیی هەرێمدا ڕوویدا، کە بەهەموو شێوەیەک سوودی بۆ پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی هەرێم هەیە.

بەڕێز نەوشیروان مستەفا، لەدوا دیداری ڕۆژنامەوانیدا، سەبارەت بە یەکهەڵوێستیی لایەنە کوردییەکان قسەیەکی واقیعبینانەی کردووە؛ «ئێمە لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، هەموومان لەیەک شوێندا دەژین، کە ناوی هەرێمی کوردستانە، پێمان خۆشبێتو پێمان ناخۆشبێت، چارەنووسمان بەیەکەوە بەستراوەتەوە».

ئەم قسەیەی سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان گوزارشتێکی واقیعبینانەیە، کە پێویستە بەوردیی لێکبدرێتەوە.

ئەوەی کە تائێستا زۆر نادروستبووە، هەڵسوکەوتی یەکێتیی نیشتمانییە لەبەرامبەر بزووتنەوەی گۆڕاندا، چونکە ئەو یەکێتییانەی چوونەتە ناو گۆڕانەوە نە ناوی یەکێتییان بۆخۆیان بردووە، نە کودەتایان لە یەکێتی کردووەو نە پەلاماری بارەگایەکی حیزبەکەیانداوەو نە داوای بەشکردنی سامانی حیزبەکە دەکەن.

زۆر شتی هاوبەش لەنێوان یەکێتیو گۆڕاندا هەیە، ئەوەی کە ئێستا یەکێتی پێی گەورەبووە، بەشێکی گەورەی بە ڕەنجی هەندێک لە کەسە دیارەکانی ناو بزووتنەوەی گۆڕان بووە، تەنانەت ئێستا بنەماڵەی چەندین هەزار شەهیدی کوردستان، ناتوانن ناسنامەکانیان یەکلایی بکەنەوەو بڵێن؛ ئەمە هی یەکێتییە، یان گۆڕان!.

یەکێتی ناتوانێت ئینکاریی لە بوونی گۆڕان بکات، چونکە ئەم هێزە لە سلێمانی یەکەم بووەو لە ئاستی هەرێمیش دووەم دەنگی هێناوە، هەروەک گۆڕانیش ناتوانێت یەکێتی نادیدە بگرێت، کە هێزێکە لە ئاستی ناوخۆو عێراقدا حیساباتی لەسەردەکرێت.

بەگوێرەی زانیارییەکان ئێستا لەناو کادیرانی «ناوەندی» یەکێتیدا، فشارێکی زۆر هەیە لەسەر سەرکردایەتی حیزبەکەیان، بە ئاراستەی کرانەوە بەڕووی گۆڕانو مامەڵەکردن لەگەڵیدا وەک حاڵەتێکی دیفاکتۆ.

ئێستا تۆپەکە لەساحەی یەکێتیی نیشتمانیدایە، بۆیە یەکێتی پێویستی بە داڕشتنی شێوازێک لە پەیوەندییە لەگەڵ گۆڕانو پێویستە دەستبەرداری ئەو سیاسەتە چەوتەی رابردوو ببێت، کە پێشتر بەرامبەر لایەنگرانی بزووتنەوەی گۆڕان ئەنجامیداون.

پێویستە گۆڕانیش دیدی خۆی بەرامبەر بە واقیعە سیاسییەکە بگۆڕێت، چونکە ئەگەر گۆڕان چاو بەسیاسەتی ڕەخنەگرانەی خۆیدا نەگێڕێتەوە لەڕووی تیۆرییو پراکتیکییەوە، ناتوانێت گۆڕانی نەوعی بکات.

ئاساییبوونی پەیوەندیی نێوان گۆڕانو یەکێتی بەومانایە نییە، کە ململانێی سیاسیی لەنێوانیاندا نەمێنێت، بەڵکو بوونی ململانێی سیاسیی لەنێوان ئەم دوو هێزەو هێزەکانی دیکەشدا، کارێکی ئێجگار سرووشتییە. کە دەڵێین پێویستە ئیدی پەیوەندیی نێوان گۆڕانو یەکێتی ئاسایی بکرێتەوە، بەومانایە نییە کە گۆڕان واز لە ڕەخنەگرتن بێنێت لە دەسەڵاتو سیاسەتە چەوتەکانی پارتیو یەکێتی، چونکە ئەمە ئەرکێکی سەرەکیی سەرشانی خۆیەتی وەک هێزێکی کاریگەری ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان.

من گومانم نییەو گەشبینم، کە لەدوارۆژێکی نزیکدا، چوارچێوەیەکی باشتر دەدۆزرێتەوە بۆ پەیوەندیی لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا، چونکە مادام هەردووکیان لەناو یەک کۆمەڵگەدا کاردەکەن، ئەوا پێویستیان بە پێکەوە هەڵکردنو یەکتری قبووڵکردنو هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ هەیە.

با پشتیوانی مـــامۆستا بین
چونکە هەمووما‌ن قەرزاری مامۆستاین



ئەم پرۆژە دوو هەنگاوە:-
1- وەرزێکی بڵاوکردنەوەی هوشیاریە بۆ ڕوونکردنەوەی گرنگی پرۆسەی خوێندنو قەیرانی فێرنەبوونی خوێندکارو پشتیوانی لە داخوازیەکانی مامۆستا.
2- ئەنجامدانی (2) ڕاپرسی سەرتاسەری (21) زنجیرە مێزگردی ناوچەیی و (2) کۆنفرانسی هەرێمایەتی بۆ شیکردنەوەی قەبارەی شکستی پرۆسەی خوێندن و توێژینەوە لە هۆکارو چارەسەرەکان..
ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان-KSDO

پێویستە هەموومان بپرسین:
بۆچـی قــوتابی لە خوێندنگا حکومیەکان فێر نابێت؟!



ئەم پرۆژە دوو هەنگاوە:-
1- وەرزێکی بڵاوکردنەوەی هوشیاریە بۆ ڕوونکردنەوەی گرنگی پرۆسەی خوێندنو قەیرانی فێرنەبوونی خوێندکارو پشتیوانی لە داخوازیەکانی مامۆستا.
2- ئەنجامدانی (2) ڕاپرسی سەرتاسەری (21) زنجیرە مێزگردی ناوچەیی و (2) کۆنفرانسی هەرێمایەتی بۆ شیکردنەوەی قەبارەی شکستی پرۆسەی خوێندن و توێژینەوە لە هۆکارو چارەسەرەکان..
ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان-KSDO

پێشانگای گەورەی کتێب
((خوێندنەوە بەردی بناغەی پێشکەوتن و زانستە))

٪٥٠ داشکاندن

بە چاودێری حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی پـــەروەردە بە هاوکاری کۆمپانیای هوما بە بەشدار بوونی چەند دام و دەزگای ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان. نـــزیکەی ١٥٠٠٠ ناونیشان لە کتێبی کوردی, عربی. انگلیزی, فـــارسی لە خۆ دەگرێت بە داشکاندنی ٥٠٪ لە نرخی کتێبەکان.

پێشانگای گەورەی کتێب لە
هەولێر
٢٠١٠/٥/٨ تاکوو ٢٠١٠/٥/١٥

بۆ پەیوەندی کردن :
٠٧٥٠٤٨٣٦٩٠٠
٠٧٥٠٤٨٣٦٨٠٠
٠٧٧٠٦٤٤٤٠٠٨
٠٧٧٠٤٤٥١٧٢٥

E-mail: homa_handren@yahoo.com
homa_co@yahoo.com

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩